**قەشە سەمیر عەتاڵڵا:**

## دڵنیاین و متمانەمان بە حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەیە کە پارێزگاری لە هەموو پێکهاتەکان دەکات




# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ســـاڵی سییــەم (١٣٧٢)- (١٧)ی تەمموزی ٢٠٢٣




### لە کابینەی نۆیەمدا

# ١٦١٢ پڕۆژەی وەبەرهێنان پەسەند کراون و مۆڵەت بە ٢٨٠ پڕۆژە دراوە و نزیکەی ٢٠٠ هەزار هەلی کار دابین کراوە




# سەردانی نەمسا


## ٧٣

## زانکۆمان هەبێت با نانمان نەبێت

هەر لە چوارچێوەی سەردانەکەمدا بۆ ئەورووپا ڕۆژی ٢٠ی ئاداری ١٩٩٢ گەیشتمە ڤیەننا. لە ڤیەننا چاوم بە وەزیری دەرەوەی نەمسا، مویس مۆک، کەوت. داوام لێ کرد کە هاوکاری و یارمەتیی زانکۆی سەلاحەدین بدەن. لە بەرانبەردا پێی ڕاگەیاندم کە بەپێی توانا لە ڕێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاوکاریمان کردووە. پێم گوت: «ئەوە بۆ بابەتی خۆراک بووە، بەڵام ئەمەیان بۆ زانکۆیە، زانکۆمان هەبێت، با نانمان نەبێت». زۆر بەو قسەیەم خۆشحاڵ بوو. بەڵێنی دا و بەکردەییش هاوکارییەکانی لەگەڵ نوێنەرێکی نارد و، لە هەولێر ڕادەستی سەرۆکایەتیی زانکۆ کرا.

دوای سەردانی چەندین وڵات و دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتان و گەیاندنی بارودۆخی گەلی کورد بە ناوەندەکانی بڕیار و ڕای گشتیی دەرەوە، چەندین دیداریشم لەگەڵ کوردەکانی تاراوگە و نیشتەجێی وڵاتە ئەورووپییەکان کرد و، ڕۆژی ٢ی نیسانی ١٩٩٢ گەڕامەوە کوردستان. ئەمەیان یەکەم سەردانم بوو بۆ دەرەوە دوای ڕاپەڕین. بەڕاستی لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵمان، هەستم بە گۆڕانێکی گەورەی ڕەفتاری ئەورووپییەکان کرد.

# چاپکراوی نوێ




تیۆرەکەی فرۆید کتێبێکی تیۆرییە لە نووسینی نووسەرو ڕووناکبیر فوئاد سدیق چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لەم کتێبەیدا، دیراسەتی چەندین بابەتی گرنگی شیکاریی دەروونی کردووە .


لەبارەی گرنگیی فرۆید بۆ مۆدێرنێتە، ڕوونی کردووەتەوە کە: فرۆید توانی بە ئەقڵانییەت شوێن پەنجەی لەناو مۆدێرنێتەدا دەستنیشان بکات، بەڵام هەمیشە بە دوای غەریزەکان و نەست (نائاگایی)شدا دەچوو. ئا لێرەدایە زۆربەی توێژەرانی شیکاریی دەروونی پێیانوایە فرۆید گورزێکی کەمەرشکێنیشی لە ئەقڵانییەت داوە، چونکە «نەست»ی بە بکەری کارە قێزەونەکانی مرۆڤ داناوە. ناکرێت مرۆڤ کاتێك خۆشەویستی بکات، بیر لە ڕق بکاتەوە. کاتێك مرۆڤ خۆشەویستی بۆ باوك دروست دەکات، فرۆید باوکسالاری و دەسەڵاتە جەندرمە ئاساکەیمان وەبیر بهێنێتەوە. یان کەی دەروونێکی پاك و باشمان هەبوو، فرۆید دەروونێکی پەشۆکاو و شێواومان بێنێتە بەر هزر و دیدە. ئەم بابەتە لەم کتێبەدا بووەتە بابەتێکی تیۆری گرنگیپێدراو و، فوئاد سدیق بە وردی چووەتە سەر ئەو گرفتەی فرۆید کە بە حیساب دامەزرێنەری مۆدێرنێتەیە. ئەمەش بە ژینگە و کەسایەتیی فرۆیدەوە پەیوەستە، چونکە فرۆید کەسایەتیی زۆر ئاڵۆزی هەبووە، کەسایەتی فرۆیدیشی لەگەڵ توێژەران و فەیلەسووفانی دەروونزانی سەردەمەکەی بەراورد کردووە و، ئەو ناکۆکییانەشی خستووەتە ڕوو کە فرۆید لەگەڵ کەسایەتییە بەرزەکانی هاوسەردەمی خۆی دروستی کردووە.

نووسەر هاتووەتە سەر تیۆریی شیکاریی دەروونی و نووسیویەتی: شیکاریی دەروونی لە بنەڕەتدا بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان مێشك و جەستەی مرۆڤ، کە خۆی لە هەست و نەست (نائاگا — لاشعور) و غەریزە و سۆز و تەنانەت خەون و خەونبینین و بیرکردنەوەی مێشکدا دەبینێتەوە، ئەم پەیوەندییەش زۆر ئاڵۆزە و چەندین تیۆری لێ بەرهەم هاتووە.

ئەم کتێبە زۆر بە وردی شیکاریی دەروونی، ئینجا غەریزە و خەون و سەرکوتکردنی سێکسی و پاڵنەرە دەروونییەکان و کاریگەریی بایۆلۆژیا و دەمارەکانی تیۆریزە کردووە، کە بۆ نێو کتێبخانەی کوردی پێویستن.





سیپان شێروانی :




## تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بەبێ مشتومڕ نابێت، بەڵام دەبێت یاساکە ڕەنگدانەوەی فیدراڵییەت و دەستووری عێراق بێت

فوئاد عەلی ئەکبەر عەلی :




## گەنجانی کوردی فەیلی دوای ئازادکردنیشیان لە زیندانەکان بە هۆی ژەهراویبوونیان بە جیوە تووشی مردن دەبوون

تەیب زرار شێروانی :



## هەولێر بووەتە نیشتمانێکی جوان بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان

پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل :



## ئەمریکا ڕێگە نادات هیچ دەوڵەتێکی هاوپەیمانی تەکنەلۆژیای G5 لە چین بکرێت


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەماڵ ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com



پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان :

**عێراق بە عەقڵییەتی مەرکەزی بەڕێوەدەبرێت و بەو هەڵەیەش مامەڵە لەگەڵ ئابووری و هەرێمی کوردستاندا دەکات**



ناسک مەولوود :

**ئاواتم ئەوەیە کارگەیەکی گەورەی دروومانم هەبێت و دەرفەتی کارکردن بۆ چەندین کەس بڕەخسێنم**

**پایسکل و زیرەکیی دەستکرد**



**بەهای خۆراکیی دانەوێڵەی تەواو**



لەنجە سەلام :

**هیوادارم بتوانم وەک یەکەم ڕاهێنەری کچی کورد لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق بم**



ناتالیا سیران :

**پێویستە هونەرمەندانی کورد شارەزای گشت شێوەزارەکانی کوردی بن**



**د. محەمەد شوكری**
سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنانی كوردستان بۆ گوڵان:

# ١٦١٢ پڕۆژەی وەبەرهێنان پەسەند كراون و مۆڵەتمان بە ٢٨٠ پڕۆژە داوە و نزیكەی ٢٠٠ هەزار هەلی كار دابین كراون



# کار لەسەر ١٦ ناوچەی پیشەسازی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دەکرێت

## بە بڕی ١٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی وەبەرهێنانمان بەگەڕ خستووە

## مۆڵەتی کارکردنمان بە زیاتر لە ٥٥ کارگە داوە

## لە ساڵی ٢٠١٩ـەوە تا ساڵی ٢٠٢٣ بە سەرمایەی ١٣،٥٢٦،٨٠٢،٧٤٦ دۆلار ٢٨٠ پرۆژە مۆڵەتی کارپێکراویان پێ دراوە

لە چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە، پرۆژەکان لە ڕووی ئاراستەکردنیانەوە بەرەو سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری) هەنگاوی گەورەیان ناوە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی تایبەت بە وەبەرهێنانی لەگەڵ دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان تاوتوێ کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** وەبەرهێنان بنەمای سەرەکیی بەهێزبوونی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی کار و خۆشگوزەرانییە، سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، لە چوار ساڵی دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بارودۆخی وەبەرهێنان لە چ ئاستێکدایە؟**

- لە دەستپێکی دامەزراندنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەکەیدا گرنگییەکی زۆری بە وەبەرهێنان دا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە وەبەرهێنانی بیانی و نێوخۆیی و هاوبەش هەموو پێکەوە بنەمایەکی سەرەکیی بەهێزبوونی ئابوورین و، زۆرترین هەلی کاریش لە کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان، بەتایبەتی لە پڕۆژە گەورەکانەوە دەستەبەر دەبێت، لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی کابینەکەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە توانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی لە قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە مەترسی بپەڕێنێتەوە بۆ کەناری ئارامی، لە کۆرۆنا و داشکانی بەهای نەوت و بڕینی بودجە و قەیرانی دارایی گەلەکەی دەرباز کرد و، بەو پەڕی دڵسۆزی و وەفاوە ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند، کە خزمەتکردنی هاونیشتمانیانی لە پێش هەموو ئەرکەکانی دیکەی دانابوو، بگرە هاووڵاتیی بە میحوەری سەرەکیی ئەرك و کارەکانی داناوە، هەروەکو بەڵێنیشی دابوو، بەوەی هەرچی لە پێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا بێت، درێخی نەکات. ئێمەش لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە پاڵپشتیی بەڕێزیان وەکو سێکتەرێکی گرنگی ئابووری، بەو ستراتیژیەتە و لەسەر ڕاسپاردەکانی جەنابی کارمان کردووە، ئیدارەدانێکی باشی وەبەرهێنانمان کرد بەرەو سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، ئاراستەی وەبەرهێنانی بیانی و نێوخۆییمان کرد و، وەبەرهێنانمان لە چەقبەستوویی بەگەڕخستەوە و چەندین پڕۆژەی نیشتەجێبوون کە بە هۆی قەیرانی داراییەوە وەستابوون، بەکار خرانەوە و ئەوانی دیکەشمان چارەسەر کرد، لە هەمووشی گرنگتر کەموکورتی و گەندەڵی بوو لە هەندێك پڕۆژە کە لێپرسینەوەی جددی بەرانبەر کرا، ئەم دیاردەیە لە کابینەی نۆیەمدا بە ڕادەیەکی زۆر کەم بووەوە، هەموو ئەم هەنگاو و کار وچالاکییانە کاریگەرییەکی باشی لەسەر بەهێزبوونی ئابووری و خۆشگوزەرانیی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەبوو، هەموو داتا و زانیارییەکانی چوار ساڵی ڕابردوو ئەوە دەسەلمێنن کە دەستکەوتی گەورە لە بواری وەبەرهێنان لەم کابینەیەدا بەدەست هاتووە، زیاتر لە ١٦١٢ پڕۆژەی وەبەرهێنان پەسەند کراون و لە قۆناغی ڕاییکردنی مامەڵەکاندایە و ٢١٣ پڕۆژە مۆڵەتی پێ دراوە، لەم پڕۆژانەش ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە بووە، زیاتر گرنگی بە هەرسێ کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری بدەین، ئەم سێ کەرتەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گرنگیدان بە کەرتەکانی دیکە، تەنانەت پڕۆژەکانی دیکەی بازرگانی و بانکی و پەروەردەیی و خوێندن و زانکۆ و تەندروستی و خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیری و کارەباشمان فەرامۆش نەکردووە و بە چڕی کارمان لەسەر کردووە، با لێرەدا زیاتر بە داتا و زانیاری قسە بکەین، لە ساڵی ٢٩١٩ تەنیا مۆڵەت درابوو بە ١٥ پڕۆژە و لە ساڵی ٢٠٢٠، ٧١ پڕۆژە و لە ساڵی ٢٠٢١، ٧٠ پڕۆژە و لە ساڵی ٢٠٢٢، ٩٤ پڕۆژە و تاکو مانگی ٧ی ساڵی ٢٠٢٣، ٣٠ پڕۆژە و کۆی گشتی پڕۆژەی مۆڵەتدراو لە مانگی ٧ی ساڵی ٢٠١٩ تاکو مانگی ٧ی ساڵی ٢٠٢٣ دەگاتە ٢٨٠ پڕۆژە، بە سەرمایەی ١٣ ملیار و ٥٢٦ ملیۆن دۆلار، هەنگاوی جددیشمان ناوە بۆ جێبەجێکردنی پلانی ٢٠-٢٠ کە پلانێکی ستراتیژیی گشتگیر بوو، هەروەها توانیمان لە ڕێبەری وەبەرهێنان و دواتر ڕێبەری وەبەرهێنانی سەوز ٢٠٠٠ دەرفەتی نوێی وەبەرهێنان بۆ کەرتی تایبەت بخەینە بەردەستی وەبەرهێنەران و بازرگانی و کەرتی تایبەتی ناوخۆ و دەرەکی. لە ئێستاشدا کار لەسەر نەخشەی وەبەرهێنان دەکەین، تاوەکو لە داهاتوودا بتوانین پڕۆفایلی تایبەت بە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دروست بکەین و هەنگاو بەرەو نەخشەی وەبەرهێنان بنێین، لەم کابینەیەدا مۆڵەتدان بە زیاتر لە ٢٨٠ پڕۆژە سەرکەوتنێکی گەورەیە و دەگاتە ٢٠٪ی تێکڕای ئەو مۆڵەتانەی وەبەرهێنان کە

**وەبەرهێنانی بیانی و نێوخۆیی و هاوبەش هەموو پێکەوە بنەمایەکی سەرەکیی بەهێزبوونی ئابوورین و، زۆرترین هەلی کاریش لە کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان، بەتایبەتی لە پڕۆژە گەورەکانەوە دەستەبەر دەبێت**

**لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی کابینەکەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە توانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی لە قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە مەترسی بپەڕێنێتەوە بۆ کەناری ئارامی**


**هەموو داتا و زانیارییەکانی چوار ساڵی ڕابردوو ئەوە دەسەلمێنن کە دەستکەوتی گەورە لە بواری وەبەرهێنان لەم کابینەیەدا بەدەست هاتووە**

**لەم کابینەیەدا مۆڵەتدان بە زیاتر لە ٢٨٠ پرۆژە سەرکەوتنێکی گەورەیە و دەگاتە ٢٠٪ی تێکڕای ئەو مۆڵەتانەی وەبەرهێنان کە لە ماوەی ١٧ ساڵدا دراون**


**تا هەرێمی کوردستان نەبێتە خاوەنی نەخشەی وەبەرهێنان، ناتوانین کۆتایی بەو ڕۆتینە بهێنین کە دێتە بەردەم مۆڵەتدان بە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان**

**فرەچەشنکردنی ئابووری و گەڕان بە دوای سەرچاوەی دیکەی داهات (جگە لە داهاتی نەوتی)، بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت**

پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان




ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە ٤ ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا



**لە دهۆک ڕێژەیەکی بەرزی ناوچەی پیشەسازیی خۆراک تەواو بووە و ٣٣٠ شوێنی بۆ کارگەی خۆراک ئامادە کراوە**

**یەکێک لەو پرۆژانەی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازیدا پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنم و دروستکردنی ئارد و شیرەمەنی و کشتوکاڵی بوو، کە خەڵکێکی زۆر سوودیان لەم پرۆژانە وەرگرتووە**

**ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی ئەنجومەنی وەزیران وایە کە پلانی وەبەرهێنان و ئاراستەی کارمان بەو شێوەیە بێت، هەر ناوچەیەک گەشەی ئابووریی کەمترە، گرنگیی زیاتری پێ بدرێت**

لە ماوەی ١٧ ساڵدا دراون، ئەمەش گۆڕانکاریی گەورەی دروست کردووە و ١٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی سەرمایەی بەگەڕ خستووە و هەلی کاری گەورەی بۆ گەنجان ڕەخساندووە. لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییە باشەکانمان لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوێنی ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بووە بەرەو پرۆژە ستراتیژییەکان، لەوانە دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان، لەم ماوەیەی دواییشدا بەردی بناغەی چەندین پرۆژەی گرنگی وەکو کارگەی چیمەنتۆ و کارگەی شیرەمەنی و بەنداو و بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر و کارگەی دیکەی جۆراوجۆرمان دانا.

*** لایەنێکی گرنگی وەبەرهێنان بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانە، تا چەند ئەم ئاسانکاری و گۆڕانکارییانەی کە لە بواری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە، بووەتە هۆی بووژانەوەی کاری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستاندا؟**

- لە چوار ساڵی ڕابردوودا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەلی کاری بۆ ٥٢٨ کۆمپانیای نوێ ڕەخساندووە، وەبەرهێنان فراوان بووە و پانتایی کاری کۆمپانیا خۆماڵی و دەرەکییەکانیش فراوانتر بووە، ئەوەتا لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ٣٢ هەزار کۆمپانیا کار دەکات و بە هۆی کارئاسانییەوە لە ماوەی چوار ساڵدا ٥٨٢ کۆمپانیا مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە و بە سەدان هەلی کاریان دابین کردووە، کاری کۆمپانیاکانیش زیاتر بەسەر بوارەکانی (خۆراک، بیناسازی، ڕستن و چنین، کانزاکان، کیمیاوی، پلاستیکی، خزمەتگوزاری و گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازی و ...هتد) دابەش بووە.


*** لەم کابینەیەدا لە دەستەی وەبەرهێنان پرۆژەی ستراتیژیی پلانی ٢٠-٢٠تان ڕاگەیاند، ئایا تا چەند ئەم پرۆژە ستراتیژییە جێبەجێ کراوە و گرنگیترینی ئەو پرۆژانە چین کە لەم چوارچێوەیەدا ئەنجام دراون؟**

- پرۆژەی پلانی ٢٠-٢٠ بە چەند قۆناغێك جێبەجێ دەکرێت، هەر خۆی لەخۆیدا ئەم پرۆژەیە لەو پرۆژانە پێك هاتووە کە سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیاریان کردووە، تاوەکو لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ بکرێت، ئەوە بوو لە قۆناغی یەکەمدا ١٠٥٥ پرۆژەمان ڕاگەیاند و خۆشبەختانە هەر لە ساڵی یەکەمدا بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە پرۆپۆزەڵیان لەسەر پێشکەش کرا. لەمەش گرنگتر لە ئێستادا کار دەکەین بۆ ئامادەکردنی نەخشەی وەبەرهێنان تایبەت بە هەموو پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان، چونکە بڕوامان وایە تا هەرێمی کوردستان نەبێتە خاوەنی نەخشەی وەبەرهێنان، ناتوانین کۆتایی بەو ڕۆتینە بهێنین کە دێتە بەردەم مۆڵەتدان بە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان.

*** باسی ناوچە پیشەسازییەکانت کرد، یەکێك لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوچە پیشەسازییەکانە، بەتایبەتی ناوچە پیشەسازییەکانی خۆراك کە ڕۆڵی هەیە لە گەشەکردنی هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی، ئەم هەنگاوانە بەکوێ گەیشتوون؟**

- لە ئێستادا کار لەسەر ١٦ ناوچەی پیشەسازی دەکرێت و بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان توانراوە هەنگاوی باش بچینە پێشەوە، بەتایبەتی لە بواری دابینکردنی زەوی و بونیادنانی ژێرخانی ئەم ناوچە پیشەسازییانە، فرەچەشنکردنی ئابووری و گەڕان بە دوای سەرچاوەی دیکەی داهات (جگە لە داهاتی نەوتی)، بە یەکێك لە دەستکەوتەکانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، وێڕای گرنگیی ئەم دەستکەوتە بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێم و بەهێزبوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان، هاوکات زۆرترین هەلی کاریش بۆ گەنجەکانمان لەم دوو کەرتە دابین دەبێت، بۆیە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری ناوچەی پیشەسازی چووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و ژمارەیەکیان بەردی بناغەی بۆ دانراوە، وەکو ناوچەی پیشەسازیی زاخۆ و ئەوانی دیکەش قۆناغ بە قۆناغ دەکرێنەوە، لە دهۆك ڕێژەیەکی بەرزی ناوچەی پیشەسازیی خۆراك تەواو بووە و ٣٣٠ شوێنی بۆ کارگەی خۆراك ئامادە کراوە،

سێکتەرەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان




هەرچی ناوچە پیشەسازییەکانی دیکەی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان هەیە لە پلاندایە، لە لایەکی دیکەوە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی بە زیاتر لە ٥٥ کارگە داوە و کارگەی زۆر گەورەی لەخۆ گرتووە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی مۆڵەتەکان بە کەرتی پیشەسازی بە رادەیەك لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ساڵی ٢٠٢٠ مۆڵەتمان بە ٨١ پرۆژەی پیشەسازی داوە بە سەرمایەی یەك ملیار و ٩٦٢ ملیۆن و ٨٩٨ هەزار دۆلار، کە لە دوای پرۆژەکانی گەشتیاری و نیشتەجێبوون لە رووی سەرمایەوە بە پلەی سێیەم دێت. بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا کار دەکەین لەسەر جێبەجێکردنی ناوچە پیشەسازییەکان، چونکە تا ئێمە نەبینە خاوەنی ئەم ناوچە پیشەسازییانە و ژێرخان و هەموو خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین نەکەین، ناتوانین لە ماوەیەکی کەمدا مۆڵەتی وەبەرهێنان بدەینە پرۆژەی کارگەیەك و لە رووی کردارییشەوە لە ماوەیەکی کەمدا کارگەکە بونیاد بنرێت. یەکێك لەو پرۆژانەی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازیدا پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنم و دروستکردنی ئارد و شیرەمەنی و کشتوکاڵی بوو، کە خەڵکێکی زۆر سوودیان لەم پرۆژانە وەرگرتووە، دانانی بەردی بناغەی کارگەی جووتیار و ناوچەی خواردەمەنی لە دهۆك و پرۆژەی ئاژەڵداری و بەرهەمی سپی لە دهۆك و کارگەی شیر لە هەولێر و دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی (دابین) بۆ کارگەی چیمەنتۆ

**بەریتانییەکان لە دواسەردانی شاندە بازرگانییەکەیاندا جەختیان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا کرد و هیوایان خواست ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەر دوو لا بەرز بکەنەوە**




**هانی خاوەنکار و بزنسمان و وەبەرهێنەرانی بەریتانیامان‌دا، سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان بەسەر بکەنەوە و ئەزموونی کۆمپانیاکانیان لە کاری وەبەرهێنان بۆ کوردستان بگوازنەوە**

و دەیان پرۆژەی دیکە، کە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بۆ دانان و بەشێکی کردنەوە، ئەمە بەرەو ئەو کوردستانە بەهێزەی بردین کە تێیدا نەوت تەنیا سەرچاوەی داهات و ئابووری نەبێت و پشت بە خۆمان ببەستین و کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن بونیاد بنێین .

*** وەکو ئاشکرایە ڕۆتین و دواکەوتنی مۆڵەتدان بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بە یەکێك لە گرفتەکانی وەبەرهێنەران دادەنرا، ئایا لە ڕووی کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا بەڕێوەچوونی کارەکان چیتان کردووە؟**

- ئەوەی جێگەی شانازی بوو لەم کابینەیەدا کەمکردنەوەی پەسەندکردن و مۆڵەتدان بوو بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، کە پێشتر چەند ساڵێکی دەخایەند، بەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەراورد بە پێشتر لە ئێستادا لە ماوە و کاتێکی کەمدا پڕۆژەکانی وەبەرهێنان پەسەند دەکرێن و مۆڵەتیشیان پێ دەدرێت، کاریش دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە ماوەی هەفتەیەکدا مۆڵەتێکی وەبەرهێنان بدەین و وەبەرهێنان بەرەو ئاراستەیەکی دروستتر ئاراستە بکەین، تا ئەم ڕۆتینانە زۆر کەمتر بکەینەوە.

بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین دەسەڵات و مۆڵەت و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانمان شۆڕکردووەتەوە بۆ سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، ئومێدەوارم وەزارەتەکانیش ئەم دەسەڵاتانە شۆڕ بکەنەوە بۆ خوارەوە، چونکە کاریگەریی لەسەر دواکەوتنی پڕۆژەکان و وەبەرهێنانیش دەبێت.

*** هەروەکو لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا هاتووە، بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە پڕۆژە و کارەکان لە نێوان پارێزگاکان و ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ئەنجام بدرێت، ئایا لەم ڕووەوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی ناوچەیەك کە گەشەی ئابووریی لاوازە گرنگیی زیاتری پێ بدرێت؟**

- لە هەموو بەرنامە و پلان و ڕێبەری وەبەرهێنان و پڕۆژەی پلانی ٢٠-٢٠ و کارەکانماندا جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و تەنانەت قەزا و ناحیەکانیشدا دەرفەتی وەبەرهێنان و پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت زیاد بکەین، دواجار وەبەرهێنانیش بەدوای بازاڕ و ناوچەی ئارام و سەقامگیردا دەچێت، بۆ ئەوەی هانی وەبەرهێنان بدەین ڕوو بکەنە ناوچە دوورەدەستەکانیش، هەر ڕاسپاردەی




سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی ئەنجومەنی وەزیران وایە کە پلانی وەبەرهێنان و ئاراستەی کارمان بەو شێوەیە بێت، هەر ناوچەیەك گەشەی ئابووریی کەمترە، گرنگیی زیاتری پێ بدرێت، تەنانەت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەو ناوچانە ئاسانکاری و پاڵپشتیی زیاترمان کردووە.

*** لەسەر ئاستی کۆبوونەوەکان و گفتوگۆکان لەگەڵ شاندە بازرگانییەکان، ئایا تا چەند هەرێمی کوردستان بووەتە پێگەیەکی گرنگ لای شاندە بازرگانییەکان و وڵاتانی جیهان؟**

- شاندە بازرگانییەکانی وڵاتانی جیهان بە گرنگییەوە دەڕواننە هەرێمی کوردستان، ئەوەتا بەریتانییەکان لە دواسەردانی شاندە بازرگانییەکەیاندا جەختیان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا کرد و هیوایان خواست ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەر دوو لا بەرز بکەنەوە، لەلایەن خۆشمانەوە بەردەوام جەختمان لەسەر پێشکەشکردنی ئاسانکارییەکان کردووەتەوە، لەلایەکی دیکەوە بە نوێنەرایەتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریمان لە کۆنفرانسی ساڵانەی ئەنجومەنی کاروباری بەریتانی - عێراقی (IBBC) لە لەندەنی پایتەختی شانشینی بەریتانیا کرد، لە کۆنفرانسەکەدا بابەتەکانی ئابووریی و بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشەی ئابووریی عێراق خرایە بەر باس و گفتوگۆ و، بۆ لایەنی بەریتانیمان ڕوون کردەوە، کە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری چ دەرفەتێکی وەبەرهێنانی تێدایە و گەشەی باشی بە خۆیەوە بینیوە، بۆیە هانی خاوەنکار و بزنسمان و وەبەرهێنەرانی بەریتانیامان دا، سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان بەسەر بکەنەوە و ئەزموونی کۆمپانیاکانیان لە کاری وەبەرهێنان بۆ کوردستان بگوازنەوە. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتانی تورکیا، ئیسپانیا، ئەمریکا، چین، لوبنان و کەنەدا و چەندین وڵاتی دیکە بەستووە، هاوکات ئاراستەی ئێمە بۆ شاندە بازرگانی و پیشەسازییەکان زیاتر بۆ ئەنجامدانی پرۆژە گەورەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و پرۆژەکانی دۆستی ژینگەیە، وەکو پرۆژەی بەرهەمهێنانی ٢٥ مێگاواتی کارەبا بە وزەی خۆر، کە ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای هەولێر بەردی بناغەی بۆ دانا.

**گرنگییەکی زۆرمان بە پێشانگە نێودەوڵەتییەکان داوە و بەشداریی کارامان هەبووە لەم پێشانگەیانەدا کە لە نێوخۆی کوردستان و لە دەرەوە دەکرێنەوە**




**دوای ڕێککەوتنە مێژووییەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق (محەمەد شیاع سوودانی) پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق چووەتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە**

**لە وەبەرهێنانی نێوخۆدا کۆمپانیا عێراقییەکان ڕۆڵێکی باشیان لە هەرێمی کوردستان هەیە و لەگەڵ وڵاتانی چین و تورکیا و کەنەداش پڕۆژەی هاوبەشیان لە هەرێمی کوردستان هەیە**

لەلایەکی دیکەوە گرنگییەکی زۆرمان بە پێشانگە نێودەوڵەتییەکان داوە و بەشداریی کارامان هەبووە لەم پێشانگەیانەدا کە لە نێوخۆی کوردستان و لە دەرەوە دەکرێنەوە، پێشانگەی نێودەوڵەتیی تەکنەلۆژیای HITEX2023 نموونەیەکی ئەم بوارەیە و هانی وەبەرهێنەرانمان داوە تاوەکو لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان سوود لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن و سەردەم وەربگرن.

*** لە ڕووی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ، بەتایبەتی دوای ڕێککەوتنە گرنگەکەی نێوان هەردوو حکومەت لەم ڕووەوە چ هەنگاوێکتان ناوە؟**

- دوای ڕێککەوتنە مێژووییەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق (محەمەد شیاع سوودانی) پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و عێراق چووەتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە، ئێمەش لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان پلان و بەرنامەمان هەیە بۆ هاندانی زیاتری پتەوکردنی ئەم پەیوەندییانە، کە خۆشبەختانە وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی بەردەمی، ئومێدی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێت بۆ گەلانی عێراق و کوردستان، ئەوەتا لە وەبەرهێنانی نێوخۆدا کۆمپانیا عێراقییەکان ڕۆڵێکی باشیان لە هەرێمی کوردستان هەیە و لەگەڵ وڵاتانی چین و تورکیا و کەنەداش پڕۆژەی هاوبەشیان لە هەرێمی کوردستان هەیە، کاتێك پەیوەندییەکان بەهێز دەبێت، بازاڕ بۆ کارگە و بەرهەمی ناوخۆ زیاد دەبێت و وەبەرهێنەری زیاتر کارگە و پڕۆژە لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە و عێراقیش سوودمەند دەبێت لە کەمکردنەوەی هێنانی کاڵا و کەلوپەلەکان لە دەرەوەی وڵات و، وەبەرهێنەرە عێراقی و کوردستانییەکانیش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق و کوردستان پڕۆژەی زیاتر ئەنجام دەدەن، جموجووڵەکانی بازرگان و بزنسکارانی ناوخۆ و عێراقی زیاتر بووە، لەم ماوەیەدا لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەی بانکە ئەهلییەکانی عێراق کۆبووینەوە و ئامانج لەم کۆبوونەوەیە پەرەپێدانی کەرتی بانکی بوو، کە بڕیارە لەم نزیکانە کۆنفرانسێکی تایبەت بە کەرتی بانکی لە عێراق ساز بدرێت.

*** هەڵبەتە ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان پێویستیان بەوە هەیە لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی باشتان هەبێت، ئایا لەم ڕووەوە هەماهەنگی و پەیوەندییەکانتان لە چ ئاستێکدایە؟**





- لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان لە دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا، بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان پەیوەندییەکی باشمان هەبووە، لە پێناو چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی بەردەم وەبەرهێنەران و، بۆ هاندانی کەرتی تایبەت، تاوەکو لەسەرجەم سێکتەرەکاندا وەبەرهێنان بکرێت و کەرتی تایبەت هاوکار و پاڵپشتێکی باشی گەشەکردنی سێکتەرە جۆراوجۆرەکان بێت، بەتایبەتی بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژیی ٢٠-٢٠، یەکێك لە دەستکەوتەکانی ئەم کابینەیە کاری پێکەوەیی بووە و هەمووومان وەکو یەك تیم لە خزمەتی ئابووری و بونیادنانی ژێرخان و خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا بووین.

*** وەبەرهێنان تەنیا بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان نییە، یەکێك لە ئامانجەکانی وەبەرهێنان دابینکردنی هەلی کارە بۆ گەنج و دەرچووەکانی زانکۆ، ئایا تاچەند توانیوتانە دەرفەتی کار بۆ گەنجەکانی کوردستان دابین بکەن لەم پڕۆژانەدا، چونکە باس لەوە دەکرێت خەڵکێکی زۆری بیانی سوودمەندن لەم بوارەدا؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا بە هۆی ئاسانکارییەکانەوە ٢١٣ پڕۆژە مۆڵەتیان پێ دراوە و نزیکەی ٢٠٠ هەزار هەلی کار ڕاستەوخۆ دابین کراوە و ناڕاستەوخۆش ژمارەیەکی زیاتر هەلی کاریان دەست کەوتووە، ٣٢ هەزار کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و زۆربەیان لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاریی گەورەدا کار دەکەن و هەلی کاری زۆریان دەستەبەر کردووە، هەر سرووشتی وەبەرهێنان مامەڵەکردنە لەگەڵ پڕۆژەی گەورەدا و لە تەنیشت ئەم پڕۆژانەش چەندین کارگە و پیشەوەر و بازرگان و کاسبکار و کرێکار و شوفێر و خەڵکی دیکە لێی سوودمەند دەبن، بۆ نموونە لە دروستکردنی تاوەرێکی نیشتەجێبووندا لانیکەم ٢٠٠٠ کەس کاریان دەست دەکەوێت، کۆمپانیاکانیشمان پابەند کردووە، بەوەی ٧٥٪ی هەلی کار بۆ خەڵکی خۆمان بێت و ٢٥٪ بۆ دەستی کاری بیانی بێت، زۆر لە کۆمپانیاکان نەك هەر پابەندن بەم ڕێژەیەوە، بەڵکو ژمارەی دەستی کاری خۆماڵییان زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە، بۆ نموونە کارگەی داس بۆ بەرهەمە پیشەسازییە خۆراکییەکان، جگە لەوەی جووتیاران لێی سوودمەند دەبن، ٧٥٪ی هەلی کاری بۆ کرێکارانی ناوخۆ دابین کردووە و ٢٥٪ی دیکەش بۆ کوردستانییانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانە.

**یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەم کابینەیە کاری پێکەوەیی بووە و هەمووومان وەکو یەک تیم لە خزمەتی ئابووری و بونیادنانی ژێرخان و خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا بووین**

**٣٢ هەزار کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و زۆربەیان لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاریی گەورەدا کار دەکەن و هەلی کاری زۆریان دەستەبەر کردووە**



سیپان شێروانی
ئەندامی لیژنەی ئابووری لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بەبێ مشتومڕ نابێت، بەڵام دەبێت یاساکە ڕەنگدانەوەی فیدراڵییەت و دەستووری عێراق بێت

هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی چەندین ساڵەی نێوان هەولێر و بەغدا زیاتر بۆ نەبوونی یاسایی نەوت و غاز دەگەڕێتەوە، هەروەها نەبوونی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی وای کردووە کێشەکانی عێراق زیاتر دەربکەوێت و لە جێبەجێکردنی دەستووریشدا زۆرینە و کەمینە و بیری تەسکی تائیفی و مەزهەبی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسی دیکە، ئەو دیمانەیەمان لەگەڵ سیپان شێروانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دا، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** ئێستا چاوەڕێی وەرزێکی تەشریعیی تازەی پەرلەمانی عێراق دەکرێت، لەم وەرزەدا چاوەڕێ دەکرێت یاسای نەوت و گازی فیدراڵی یەکێك بێت لە پرۆسەکانی یاسادانانی پەرلەمانی عێراق، ئەم یاسایەش وەك باس دەکرێت، ڕەشنووسەکەی تەواو بووە و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نێردراوە بۆ پەرلەمان، بە ڕای ئێوە ئایا ئەم ڕەشنووسی یاسایە وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت، یان ئەمیش وەك پرۆژە یاسای بودجە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت؟**

- بابەتی یاسای نەوت و غاز زۆر هەستیار و گرنگە و ئێمە لەو باوەڕەداین نەبوونی ئەم یاسایە هۆکاری سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقە، واتە بە شێوەیەکی گشتی نەبوونی ئەو یاساییە هەم زیانی لە فیدراڵییەت داوە لە عێراق، هەم جۆرێك لێکدابڕان و کێشەی قووڵی لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست کردووە، لە هەمان کاتدا بە بەربەستی فرۆشتنی نەوتی کوردستان دادەنرێت، کاریگەریی نەرێنیشی لەسەر داهاتی عێراق بەتایبەتی داهاتە نەوتییەکانی هەبووە، لە ڕاستیدا دەرچوواندنی ئەم یاسایە بێ مشتومڕ نابێت، بەڵام ئێمە پێداگری دەکەین لەسەر ئەوەی کە ئەم یاسایە بە چەشنێك دەربچێت و دابڕێژدرێت کە ڕەنگدانەوەی فیدراڵییەت و دەستووری عێراق بێت، بە دڵنیاییەوە هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ دەرچوواندنی ئەم یاسایە، چونکە داکۆکیکاری سەرسەختی دەرچوونی ئەو یاسایە تەنیا کوردە و بەپێی کارنامەی حکومەتیش دەبێت لە ماوەی شەش مانگی دەستبەکاربوونی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، یاسەکە دەربچووبایە، بەو پێیەش دەرچوونی یاساکە دواکەوتووە، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە هەستیار بوو، ئەولەوییەتیش بۆ دەرچوونی یاسای بودجە بوو، بەڵام ئێستا کات و دەرفەتی ئەوەیە یاسای نەوت و غاز دەربچێت و لەوە زیاتر دوانەکەوێت.

**بابەتی یاسای نەوت و غاز زۆر هەستیار و گرنگە و ئێمە لەو باوەڕەداین نەبوونی ئەم یاسایە هۆکاری سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقە**

**ئێمە لە سەرەتای پێکهێنانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەتدا پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەنجومەنی فیدراڵی یەکێک لەو کار و یاسایانە بێت کە دەبێت لەو خولەی پەرلەماندا دەربچێت**

**ئەو دادگایەی لە ئارادایە بە ناو دادگای باڵای فیدراڵییە دەستووری نییە، ئەمەش لە کاتێکدا ئەرکیشی پاراستنی دەستوورە، دادگایەک کە بە پێی دەستوور دروست نەبووبێت، چۆن دەتوانێت دەستووری ئەو وڵاتە بپارێزیت؟**

**ئێستا دادگایەکی باڵای فیدراڵی نییە کە بتوانیت سکاڵا لەسەر لایەنی ئیداری، یان سەربازیی ئەو ناوچانە بکەیت کە سەرقاڵی سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن**

**ئەگەر دادگایەکی باڵای فیدراڵی و جێبەجێکاری دەستوور لە ئارادا نەبێت، ئەوە ناتوانرێت لە ڕێگای پەیوەندی و فشاری سیاسییەوە ئەو یاسایانە جێبەجێ بکرێن**

*** بەپێی ئەو مەنهەجە وزارییەی محەمەد شیاع سوودانی لە پەرلەمان پێشکەشی کرد، بێجگە لە یاسای نەوت و غاز، پێویستمان بە یاسای ئەنجومەنی فیدراڵییش هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هیچ دەوڵەتێك بە کردەیی نابێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی تا ئەو ئەنجومەنەی نەبێت، ئایا تاچەند کار بۆ داڕشتنی ڕەشنووسی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی کراوە؟**

- یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی هەر وەك یاسای نەوت و غاز زۆر گرنگ و پێویستە و ئەوە (٢٠) ساڵ بەسەر هاتنەئارای عێراقی فیدراڵیدا تێدەپەڕێت، بەڵام تا ئێستا ئەنجومەنی فیدراڵی دانەمەزراوە، هەروەك لە پرسیارەکەی ئێوەشدا ئاماژەی پێ کراوە، هیچ دەوڵەتێك بە کردەیی نابێتە فیدراڵی تا ئەنجومەنی فیدراڵی دانەمەزرێت، نەبوونی ئەو ئەنجومەنە هۆکارێکی سەرەکیی ئەوە بووە کە هەمیشە بە زۆرینە ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە هەرێمی کوردستان و بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەردەچێت. ئێمە لە سەرەتای پێکهێنانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەتدا پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەنجومەنی فیدراڵی یەکێك لەو کار و یاسایانە بێت کە دەبێت لەو خولەی پەرلەماندا دەربچێت، دواتر ئێمە نەك هەر لەم خولەی پەرلەماندا، بەڵکو لە هەموو خولەکاندا هەوڵی جدیمان داوە و لەم خولەشدا بە جدییەتێکی زیاترەوە کاری بۆ دەکەین، هەر بۆیە پێویستە چیتر کات بەفیرۆ نەدرێت و دەبێت یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی دەربچێت.

*** لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەبێت، بوونی (دادگای باڵای فیدراڵی)یە بەپێی دەستوور، ئەو دادگا فیدراڵییەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، بەپێی دەستوور دانەنراوە و یاسای لە پەرلەمانەوە بۆ دەرنەچووە، ئایا پەرلەمانی عێراق یاسایەك بۆ دادگای فیدراڵی دادەڕێژێت بۆ ئەوەی بە کردەیی ئەم دادگایە ببێتە دادگای باڵای فیدراڵیی دەوڵەتی عێراق؟**

- ئەو دادگایەی لە ئارادایە بە ناو دادگای باڵای فیدراڵییە دەستووریی نییە، ئەمەش لە کاتێکدا ئەرکیشی پاراستنی دەستوورە، دادگایەك کە بە پێی دەستوور دروست نەبووبێت، چۆن دەتوانێت دەستووری ئەو وڵاتە بپارێزێت؟ لە ڕاستیدا ئەمە پرسێکە بەتایبەتی لەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا کارمان لەسەر کردووە و ڕەشنووسی یاساکە ئامادە کراوە و پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانیش کراوە، کار لەسەر ئەوە دەکەین لە گەڵ ئیدارەی دەوڵەت و هاوپەیمانانمان لە عێراق پابەند بن بەو بەڵێنەی خۆیان، ئەوەش لە مەنهەجی وزاریدا هەیە، هەر بۆیە ئەگەر ئەو یاسایە دوا بخرێت و یاری بە کات بکرێت، ئەوە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران کاردانەوەی هەبێت و لێپێچینەوە لە حکومەت بکات لەسەر دواکەوتنی پێشکەشکردنی ئەو یاسایە، یان لە ئیدارەی دەوڵەت ئەو بابەتە دووبارە بووروژێنرێت و هاوپەیمانەکانمان لەسەری بێننە سەر خەت، تاوەکو ئەو بابەت و یاسایە لە کات و ماوەی خۆیدا پەسند بکرێت و دەربچێت.

*** لایەنێکی دیکەی ڕێککەوتنی مەنهەجی وەزاریی حکومەتەکەی سوودانی کە ئێوە دەنگتان پێ داوە، پرسی کاراکردنەوەی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بوو، بەڵام لەو ماوەیەی حکومەتەکەی سوودانی دەستبەکار بووە، هەتا ئێستا پرۆسەی بە عەرەبکردن و دەستگرتن بەسەر زەویی جووتیارانی کورد و تورکماندا زیادی کردووە، ئایا بۆ ئەمە ئێوە وەك فراکسیۆنە کوردستانییەکان چ ڕۆڵێکتان دەبێت؟**

- ماددەی ١٤٠ بابەتێکی زۆر گرنگە و جێبەجێکردنەکەشی زۆر دوا کەوتووە، کە ئاشکرایە ئەم ماددەییە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی پرسی تەعریبکردنی خاکی کوردستان و کێشەی جووتیارانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و، پەیوەستە بە ئەنجومەنی فیدراڵی و دادگای باڵای فیدراڵی، دەبێت ئێمە دڵنیا بین لەوەی هەموو ئەو بابەت و یاسایانە بە یەکەوە بەستراون و تەواوکاری یەکترن و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، ئێستا دادگایەکی باڵای فیدراڵی نییە کە بتوانیت سکاڵا لەسەر لایەنی ئیداری، یان سەربازیی ئەو ناوچانە بکەیت کە سەرقاڵی سیاسەتی

تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن. هەروەها ئەگەر لێژنەی ماددەی ١٤٠ کاراش بکرێتەوە، بۆی هەیە ئەو هەموو دەسەڵاتەی نەبێت، هەرچەندە ئێستا خەریکن و بەڕێز هادی عامری سەرۆکایەتیی لێژنەکە دەکات و چەند بڕیارێکیشی دەرکردووە و کاریگەریشی لەسەر بارودۆخەکە هەبووە. بەڵام من پێم وایە ئەگەر دادگایەکی باڵای فیدراڵی و جێبەجێکاری دەستوور لە ئارادا نەبێت، ئەوە ناتوانرێت لە ڕێگای پەیوەندی و فشاری سیاسییەوە ئەو یاسایانە جێبەجێ بکرێن، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بە وڵاتێکی دامەزراوەیی و مەدەنی هەیە کە دوور بێت لە نەتەوەپەرستی و مەزهەبگەرایی و تایفەگەری، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە هۆی نەبوونی دادگای باڵای فیدراڵی و ئەنجومەنی فیدراڵییەوە، ئەو وڵاتە بە ئاراستەیەکی ڕەگەزپەرستی و مەزهەبی و تائیفیدا دەڕوات، کە شوێنەوارەکانیشی زۆر بە ئاشکرا دیارن.

*** پرسێکی دیکە پرسی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگالە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئایا ئێوە وەک پەرلەمانی عێراق دەتوانن چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بکەن، یان ئەگەر جێبەجێ نەکرا، سەرۆک وەزیران بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەشێکە لە مەنهەجی وەزاریی ئەم حکومەتە و پەرلەمان پەسەندی کردووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم بابەتە لە نێو مەنهەجی وزاریدایە و ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەنگی بۆ داوە، ئەمە بابەتێکە لە نێو ڕێککەوتنی نێوان لایەنی کوردی و عێراقیدا بۆ پێکهێنانی حکومەت و پرسێکی نێودەوڵەتییشە و، تەنیا بابەتێکی نێوخۆیی نییە، لەلایەکی دیکەوە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی شنگاڵ کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر سەروەریی عێراق و هاووڵاتیانی مەدەنی و ژیانی ڕۆژانە هەبووە و بگرە کاریگەری لەسەر ئیدارەی دەڤەرەکەش هەبووە، ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنی شنگاڵ هیچ بەدیلێکی نییە و کاریگەرییەکانیشی نێودەوڵەتین و ڕێککەوتنەکە پشتگیریی نێودەوڵەتیشی لەگەڵە، کە ناکرێت بەشێك لە سنوور و خاکی عێراق و ناوچەیەکی کوردستانیی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ژێر دەستی کۆمەڵێك گرووپی چەکداردا بێت، کە عێراقی نین و فەرمان لە دەرەوەی عێراق وەردەگرن و بوونەتە مایەی ڕاگرتنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو ناوچانە، هەرچەندە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە زۆر دوا کەوتووە، بەڵام هەر دەبێت ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت و (یوئێن) دەستێوەردان بکات و فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات و لەوە زیاتر دوانەکەوێت، تاوەکو خەڵکی شنگال و ناوچەکە بگەڕێنەوە و دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە.

*** لایەنێکی دیکە شێوازی جێبەجێکردنی یاسای بودجەیە کە بۆ سێ ساڵ پەرلەمان پەسەندی کردووە، ئایا ئێوە وەك پەرلەمانی عێراق دەتوانن چاودێریی شێوازی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بکەن کە خۆتان دەنگتان پێ داوە و پەسەندتان کردووە؟ ئەگەر وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، هەڵوێستتان چی دەبێت؟**

- ئێمە وەك چۆن لە ئەنجومەنی نوێنەران ڕۆڵ و کاریگەریمان لە دەرچوونی یاسای بودجەدا هەبووە، بە هەمان شێوە چاودێریی جێبەجێکردنی برگە بە برگە و ماددە بە ماددەی یاساکە دەکەین، ئەگەرچی کێشە و بەربەست بۆ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت و، ئێمەش بە ژمارەی کورسی لە عێراق کەمینەین، واقیعەکە ئەوەیە لایەنەکانی دیکە بەتایبەت لایەنی شیعە زۆرینەن، بۆیە هیچ یاساییەك پەسەند ناکرێت بەبێ ئەوان، لێرەدا جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵی بەسەر هەرێمێکی فیدراڵیی وەك هەرێمی کوردستانەوە، هەر بۆیە دەبێت لایەنە کوردییەکان لەو بابەتەدا زۆر بە جددی کار بکەن و بیر لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بکەنەوە و بە یەکەوە فشار بخەنەسەر لایەنەکانی دیکەی عێراق، بۆ ئەوەی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی لە عێراق بەپێی دەستوور دەربچێت.

**تا ئێستا بە هۆی نەبوونی دادگای باڵای فیدراڵی و ئەنجومەنی فیدراڵییەوە، ئەو وڵاتە بە ئاراستەیەکی ڕەگەزپەرستی و مەزهەبی و تائیفیدا دەڕوات، کە شوێنەوارەکانیشی زۆر بە ئاشکرا دیارن**

**جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی شنگاڵ کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر سەروەریی عێراق و هاووڵاتیانی مەدەنی و ژیانی ڕۆژانە هەبووە و بگرە کاریگەری لەسەر ئیدارەی دەڤەرەکەش هەبووە**

**ناکرێت بەشێک لە سنوور و خاکی عێراق و ناوچەیەکی کوردستانیی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ژێر دەستی کۆمەڵێک گرووپی چەکداردا بێت، کە عێراقی نین و فەرمان لە دەرەوەی عێراق وەردەگرن**

**ئێمە وەک چۆن لە ئەنجومەنی نوێنەران ڕۆڵ و کاریگەریمان لە دەرچوونی یاسای بودجەدا هەبووە، بە هەمان شێوە چاودێریی جێبەجێکردنی برگە بە برگە و ماددە بە ماددەی یاساکە دەکەین**



قەبەیی بودجە
نیشانەی خۆشگوزەرانی و
گەشەی ئابووری نییە

پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان بۆ گوڵان:

# عێراق بە عەقڵییەتی مەرکەزی بەڕێوەدەبرێت و بەو هەڵەیەش مامەڵە لەگەڵ ئابووری و هەرێمی کوردستاندا دەکات

**ململانێی ناو پەرلەمان تەنیا لە دژی کورد نەبوو، ئەوەندەی ململانێ بوو لەسەر ئەوەی کێ پارەی زیاتری بەرکەوێت**

**دوای پەسەندکردنی بودجە ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی ناو بودجەکەن، تاوەکو چارەسەری ئەو هەموو گرفت و کەموکورتییە بکرێت کە بەرۆکی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتووە. ڕەنگە گرفتی سەرەکیی ئابووریی هەرێمی کوردستان لەوەدا بێت، کە وێڕای ئەوەی خۆمان گیرۆدەی کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و ئابووری و دارایی بووین، کەچی لە چاوەڕوانیی عێراقێکداین کە هێشتا بە عەقڵییەتی مەرکەزی و زاڵبوونی ویستی میلیشیاکان و ئەجیندەی دەرەکی بەڕێوەدەبرێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شەعبان پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئابووری سازدا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** قسەوباسێکی زۆر لەسەر ئابووریی عێراق و باشبوونی دۆخی داراییەکەی دەکرێت، کە بە هۆی هەڵکشانی بەهای نەوتەوە یەدەگێکی دراوی بیانیی قورسی دەست کەوتووە و گرفتی دارایی نەماوە، وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی ئابووری چۆن دۆخی ئابووری و دارایی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟**

- وڵاتی عێراق گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفتی زەقی ئابووری و دارایی بووە، کە لە ئاکامی خراپ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیاسەتی چەوت و شەڕ و گەندەڵی تووشی ئەو ئاکامە بووە و، چەند دەیەیەکە بەرۆکی بەرنادات، خۆ ئەگەر هەموو هیوا و ئومێدمان لەسەر ئەو پارە و بودجەیە هەڵچنین کە لە ۲۰۰۳وە دەست ئەم وڵاتە کەوتووە و بە دزین و گەندەڵی بەفیڕۆ دراوە، ئەوا هیچ ئومێدێکمان بە ئایندە نامێنێت. خۆشگوزەرانی و بووژانەوەی ئابووری بە ڕاست و دروستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بنبڕکردنی گەندەڵی و ئاراستەکردنی زانستییانەی خەرجییەکان بەدەست دەهێنرێت، نەوەك بە قەبەیی بودجە و بەڵێنی هەڵبژاردن و مەرەکەبی سەر کاغەز.

لەم ساڵانەی دواییشدا بەڵایەکی گەورەتر بەرۆکی عێراقی گرت، ئەویش باڵادەستیی حزب و میلیشیا چەکدارەکانە کە بە ویست و ئارەزووی ئەجیندەی دەرەکی کار دەکەن و بوونەتە هۆکارێکی دیکە بۆ بەفیڕۆدانی سامان و داهاتی وڵات. هەموو ئەو دەستکەوتانەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە بوارەکانی دەستوور و دیموکراسی و هاوبەشیی نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (شیعە و سوننە و کورد) بە دەست هاتوون، لەلایەن ئەم میلیشیا و حزب و کەسایەتییە بەناو سیاسییانەوە بەفیڕۆ دراون، لەم دواییانەشدا حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە بەرهەمی حزب و لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوو، واتا حکومەتێکە دوای ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان دامەزراوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، بەمەش تا ڕاددەیەك پرۆسەی سیاسی لە تونێلە داخراوەکە دەربازی بوو، هاوکات ئومێدێك دروست بوو، ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە مەسەلەی دارایی و ئابووری حکومەتەکەی سوودانی ڕایگەیاند، کەوا پرۆسە یاسای بودجە بۆ سێ ساڵی ئایندەیە، ئەمەش هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، چونکە دواجار ئەوەی بۆ هاووڵاتی ئاسایی پێویستە، چارەسەرکردنی کێشە دارایی و ئابوورییەکانە، ئەوەی لە هەموو زیاتر فشاری بۆ چاکسازی دروست کردووە، بریتییە لە جووڵەی شەقام و نارەزایەتی و هەڕەشەکانی دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان کە بۆ ماڵی شیعە لە عێراق و ئێراندا مەترسیی جددییە، بە گاڵتە نەیانگوتووە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دوادەرفەتی حوکمڕانیی شیعەیە لە عێراقدا، مەبەستم ئەوە نییە کە شیعە حوکم لەدەست دەدەن، بەڵکو ئاڵۆزی و پشێوییەکی وا دروست دەبێت، چارەسەرکردنی زۆر زەحمەت دەبێت، لە ئێستادا هەڵسانەوەی دۆخی دارایی تەنیا سەرابێکە لە بەردەم خراپیی دۆخی ئابووری و نەبوونی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی، ئەوەتا زۆر پڕۆژە هەن، تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزە، هەرچی ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی هەیە، بە ویستی نوخبەی دەسەڵاتداری شیعە و لایەنە

**لەم ساڵانەی دواییدا بەڵایەکی گەورەتر بەرۆکی عێراقی گرت، ئەویش باڵادەستیی حزب و میلیشیا چەکدارەکانە کە بە ویست و ئارەزووی ئەجیندەی دەرەکی کار دەکەن**

**ئەوەی لە هەموو زیاتر فشاری بۆ چاکسازی دروست کردووە، بریتییە لە جووڵەی شەقام و نارەزایەتی و هەڕەشەکانی دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان کە بۆ ماڵی شیعە لە عێراق و ئێراندا مەترسیی جددییە**

**شیعەکان و لایەنە سیاسییەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی هەروەکو پیشەی خۆیان خاوەنی بەڵێن و ڕەفتاری خۆیان بەرانبەر کورد نەبوون، سوننەکان نە بە شیعە و نە بە کورد باوەڕیان نییە**

**چەندین لوغم بۆ جێبەجێکردنی مادده و برگە یاساییەکانی ناو بودجەی تایبەت بە پشکی هەرێمی کوردستان و کەیسی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان چێنراوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەخۆر و فەرمانبەرانی دڵسۆزی ئەوەندە هەیە کە بتوانێت باشترین ئەدا پێشکەش بکەن**

سوننەکان و حزبە دەسترۆیشتووەکان نییە، هێندەی ئەوەی بە ویستی ئەمریکا و ئێرانە، بۆیە لەگەڵ یەکەمین تەجرووبەدا لە پەرلەمانی عێراق بەربوونە گیانی مادده و برگەکانی ڕێککەوتنەکە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ڕووی واقیعی و پراکتیکییەوە زۆر زەحمەتە سوودانی بتوانێت بەندەری گەورەی فاو و ڕێگای گەشەپێدانی ئابووری و هێڵی ستراتیژیی شەمەندەفەر و سەدان پرۆژەی ستراتیژیی کارەبا و نیشتەجێبوون و ڕێگاوبان و ئاوی خواردنەوە و پیسبوونی ژینگە و باشکردنی کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی بۆ جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی لەو ماوە کەمەی لە بەردەم کابینەکەی ماوە، کە بە تەئکید پێویستی بەوە دەبێت ئەو ماوەیەی بۆ درێژ بکرێتەوە، یان بۆ جارێکی دیکە کۆدەنگی بۆ بدرێت، خۆی کاندید بکاتەوە، بە شێوەیەکی گشتی ململانێی ناو پەرلەمان تەنیا لە دژی کورد نەبوو، ئەوەندەی ململانێ بوو لەسەر ئەوەی کێ پارەی زیاتری بەرکەوێت، کوردەکانیش لە نێوان خۆیاندا یەکگرتوو نەبوون، شیعەکان و لایەنە سیاسییەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی هەروەکو پیشەی خۆیان خاوەنی بەڵێن و ڕەفتاری خۆیان بەرانبەر کورد نەبوون، سوننەکان نە بە شیعە و نە بە کورد باوەڕیان نییە و ئەوانیش پەرتەوازە بوون، کەس نەیسەلماندووە کە دەوڵەتمەدار و پیاوی بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانە بۆ خەڵکی، لەم واقیعە ناخۆش و تاڵە زۆر ئاسانە پێشبینی بکەی چارەنووسی عێراق بەرەو چ ئالۆزییەک دەچێت.

*** ئەی هەڵسەنگاندنت بۆ بودجەی گشتیی عێراق چییە کە وا باس دەکرێت وێڕای کەموکورتییەکانی بەڵام تا ڕاددەیەکی باش دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆشگوزەرانی و چارەسەرکردنی زۆر لە کەموکورتی و کێشەکان؟**

- پرسیار و تێبینی زۆرە لەسەر یاسای بودجەی گشتیی عێراق کە نزیکەی ٢٠٠ تریلیۆن دینارە واتا ١٥٣ ملیار دۆلار دەبێت و بە پلانی سێ ساڵی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ پەسەند کرا، ئایا تاچەند دەتوانرێت لەم سێ ساڵەدا مادده و برگەکانی ناو بودجە بەشێوەیەك جێبەجێ بکرێت بە ویست و خواستی هاوڵاتیان بێت و پرۆژە گەورە و ستراتیژییەکان لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام بدرێن، یان کەموکورتی و مەترسییەکانی ناو بودجە لە کورتهێنان و پشتبەستن بە بەهای ٧٠ دۆلاری بەرمیلێك نەوت و ناسەنگیی لایەنی بودجەی بەکاربردن بەرانبەر بودجەی وەبەرهێنان و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بەرانبەر بە کورد دەکرێتە واقیع، دواجار بودجە چۆن پێناسە دەکرێت بۆ ئێمەی کورد؟ ئەوەی گرنگە بابەتی زامنی و بەردەوامیی هاتنی پشك و بڕە پارەیەکی بەردەوامە بۆ مووچەخۆران و جووڵەی ڕەوشی بازاڕ، بەو پێیەی ڕێککەوتنەکە تەرجوومە کرا بۆ ناو بودجە، کەچی لەگەڵ یەکەمین تەجرووبەدا کە لە پەرلەمانی عێراق ڕووی دا، کێشمەکێشی زۆر لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان ڕووی دا و ئاستەنگی گەورە لە بەردەم ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دروست کرا، بەڵام مادام هەر دوو سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و حکومەت ئەم بودجەیەیان ڕەت نەکردەوە، کەواتە ژێر بە ژێر هەر لەسەر ڕێککەوتنەکەی نێوان سەرۆك بارزانی و لایەنە سیاسییە دەسترۆیشتووەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە وریایی مامەڵەکردن نییە، بەتایبەتی لە ڕووە یاساییەکەوە کە چەندین لوغم بۆ جێبەجێکردنی مادده و برگە یاساییەکانی ناو بودجەی تایبەت بە پشکی هەرێمی کوردستان و کەیسی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان چێنراوە.

*** بەڵام لەناو ئەم هەموو کێشە و گرفت و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و ململانێی حزبایەتییەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە بکات لە کاتێکدا ئەرکی دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و دەیان ئەرکی دیکەی لەسەر شانە؟**

- پێش هەموو شتێك پێویستە حکومەت ڕاستەوخۆ متمانەی دڵسۆزیی فەرمانبەرانی خۆی بگەڕێنێتەوە، بەوەی مافەکانیان لێ زەوت نەکات و تەرفیع و پاشەکەوتیان بە هەر شێوازێك بێت بۆ بگەڕێنێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەخۆر و فەرمانبەرانی دڵسۆزی ئەوەندە هەیە کە بتوانێت باشترین ئەدا پێشکەش بکەن، چونکە فەرمانبەران توێژێکی زۆر فراوانن و دەکرێت بوترێت پەیوەندی بە هەموو ماڵ و خێزانێکی کوردستانەوە هەیە، چ ڕاستەوخۆ بێت لە ڕێگەی مووچەوە، چ ناڕاستەوخۆ بێت لە ڕێگای جووڵاندنی بازاڕ و بەگەڕخستنی کار و کاسبییەوە، بۆیە حکومەت نابێت خۆی سەرقاڵی ململانێ حزبییەکان بکات،

هەر دوو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دواجار ناوچەی نفووزی خۆیان هەیە و هەر کەموکورتییەك روو بدات لە ناوچەکانیاندا ئۆباڵی ئەو کەموکورتییە لە ناوچەکەی دەکەوێتە سەرشانی خۆی، خەڵکی کوردستان مووچە و کار و کاسبی و خۆشگوزەرانی و ئارامی و ئاسایش و باڵادەستیی یاسایان دەوێت، ئەمە بە حکومەتێك ناکرێت هەر سەرقاڵی لەشکرێکی حزبی فەرمانبەران و مووچەخۆران بێت، لەو لاشەوە کار نەکەن و وەلائیان بۆ حزبەکانی حوکمڕان یان ئۆپۆزسیۆن بێت. دەستی حزب لەناو حکومەت دەبێت بۆ خزمەت و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بێت، ئەوەی من وەکو دکتۆرێکی زانکۆ سەرنجم داوە، بوونی ئەو هەموو کەناڵ و سایت و پەیجە ساختە و فەرمییانەیە کە بازرگانی بە ئازار و مەینەتییەکانی خەڵك دەکەن و عەقڵانی و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا ناکەن، ئەوان بە دوای بازاڕی شێواودا دەگەڕێن، باشە کاتێك خۆت لەناو حکومەتیت، ئیتر بۆچی بودجەیەکی تایبەت بە خۆت هەبێت بۆ زۆنی سەوز و جیاکردنەوەی سلێمانی لە ڕووی ئابووری و سەربازی و سیاسییەوە، چ واتایەکی هەیە جگە لە زیانگەیاندن لە مەودایەکی دووردا بە خەڵکی ئەو ناوچەیە.

*** سەبارەت بە بەردەوامیی تەعریب و داگیرکردنی زەوی و خاکی گوندنشینە کوردەکان لە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری، ئایا هەنگاونان بەرەو گفتوگۆکردن و دانوستاندن لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە تا چەند لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بۆ کورد گرنگە؟**

- با دوور لە هەڵچوون و موزایەدەی سیاسییەوە قسە بکەین، عێراق هەر بە عەقڵییەتی مەرکەزی مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکات، ئیتر چۆن دان بە ماددەیەکی دەستووری دەنێت کە ماف دەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەن ماف و چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلا دەکاتەوە؟ ئەو هەڵەی قۆستووەتەوە دووبەرەکیی نێوان کوردی کردووە بەو ئاکامانە کە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بدات، سامان و داهاتەکانی بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، پارەیەکی کەمیان لەو سێ ساڵە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە بودجە تەرخان کردووە، کە تەنیا بەشی مووچەی لێژنەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەش ناکات.

*** لە بودجەدا پارەیەکی زۆر کەم بۆ پێشمەرگە دانراوە، ئەمەش بەراورد بە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بڕە پارەیەکی زۆر کەمە، ئایا ئەمە هاوسەنگیی هێز ناگۆڕێت و ماف و شایستە داراییەکانی پێشمەرگە پەراوێز نەخراوە؟**

- ڕەشنووسی بودجەی سێ ساڵی حکومەتی فیدراڵی عێراق بە گفتوگۆکردن لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراوە، پشکی پێشمەرگەش لە بودجەکەدا هەر بەم شێوەیە بۆ لێژنەی دارایی پەرلەمان نێردراوە، ئیتر چۆن لە پەرلەمانێکی زۆرینە و کەمینەدا زیادی دەکەیت، دەبێت پارتی و یەکێتی پاڵپشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ یەکگرتنی هەردوو هێزی ٧٠ و ٨٠ و گوێگرتن لە هاوپەیمانەکان، دواجار کاتی ئەوە هاتووە ئەم هێزە ڕێك بخرێتەوە و ئەو هەموو بندیوار و زیادەمەسرەفی و بەفیڕۆدانی بودجەیەی لێ نەڕوات، باشە عێراق حەشدی شەعبی بەڕێوەی دەبات و حوکم لە دەستی عێراقییەکان نییە و لەژێر دەستی ئێرانییەکانە، ئیتر چۆن بودجە و پارەی حەشدی شەعبی زۆر ناکات و بۆ پێشمەرگە کەم ناکات.

*** سەبارەت بە کێڵگە نەوتییەکان کە بۆ زیاتر لە دوو مانگ دەچێت هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی بۆریی کەرکووک — جیهان ڕاوەستاوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە کەرتی نەوت چی دەگوزەرێت؟**

- نەوت سامانێکی گرنگ و ستراتیژییە و تێکەڵ بە گەمە و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی جیهان و کۆمپانیاکانیان بووە، ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوت لە چوارچێوەی گەمەیەکی سیاسی هەرێمایەتی زیان بە عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستان و گەورە کۆمپانیا بیانییەکان دەگەیەنێت، بەپێی دادگای ژووری بازرگانیی پاریس بۆمان نییە نەوت بنێرینە دەرەوە، بەڵام دەکرێت لە نێوخۆی هەرێمەکەدا بەکاربهێنرێت و کەرتی پیشەسازیی نەوتی و پترۆکیمیاوی پەرەی پێ بدرێت، یان بە هاوکاریی عێراق بۆ نێوخۆ بەکاربهێنرێت، ئەمە ئەو هەلەیە کە بۆ پێشخستنی پاڵاوتگە و وێستگەی کارەبا و پیشەسازیی پترۆکیمیاوی ساڵانێکە داوای دەکەین، ڕاستە بووژانەوەی کەرتی پیشەسازیی نەوت قورسە، بەڵام ئەستەم نییە.

**پارەیەکی کەمیان لەو سێ ساڵە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە بودجە تەرخان کردووە، کە تەنیا بەشی مووچەی لێژنەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەش ناکات**

**دەبێت پارتی و یەکێتی پاڵپشتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ یەکگرتنی هەردوو هێزی ٧٠ و ٨٠ و گوێگرتن لە هاوپەیمانەکان**

**ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوت لە چوارچێوەی گەمەیەکی سیاسی هەرێمایەتی زیان بە عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستان و گەورە کۆمپانیا بیانییەکان دەگەیەنێت**



فوئاد عەلی ئەکبەر عەلی بۆ گوڵان:

# گەنجانی کوردی فەیلی دوای ئازادکردنیشیان لە زیندانەکان بە هۆی ژەهراویبوونیان بە جیوە تووشی مردن دەبوون

# وێڕای ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران لە ناوخۆی عێراقیشدا بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق گوازرانەوە

**کوردانی فەیلی لە عێراقدا بە هۆی کوردبوونیانەوە ڕووبەڕووی جینۆسایدێکی دڕندانە بوونەوە، ماڵ و حاڵیان تالان کرا و گەنجەکانیان خرانە زیندانەکانەوە و بێسەروشوێن کران، خێزانەکانیش بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران. سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناسانی کوردانی فەیلی، ئەو تاوانەی بەبیر گەلانی دونیا هێنایەوە و داوای کرد مافەکانیان لە عێراقدا بۆ بگەڕێتەوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ فوئاد عەلی ئەکبەر عەلی کەسایەتیی ناسراوی کوردی فەیلی و ڕاوێژکار لە پەرلەمانی عێراق بۆ کاروباری کوردانی فەیلی ساز دا، کە ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا و زیندانی سیاسی و ئەندامە لە زۆرترین لێژنەکانی داکۆکیکار لە مافی زیندانیان و سڕینەوەی شوێنەواری خراپی جینۆسایدی کوردانی فەیلی. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** با سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، بەو پێیەی خێزانەکەت بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کرابوو، ماوەیەکی زۆریش زیندانی سیاسی بوویت، واتا شارەزاییەکی باشت لە تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلیدا هەیە، ئایا ئەم تاوانەی بەعس دەچێتە چ شێوازێکی پاکتاوکردنەوە؟**

- کوردانی فەیلی لە ساڵی ١٩٧٠ـەوە ڕووبەڕووی جینۆسایدێکی بەرنامەبۆداڕێژراو بوونەوە، واتا پێش هەڵمەتە گەورەکەی بە زۆرەملێ ڕاپێچکردنیان بۆ ئێرانیش، بەردەوام گەنجەکانیان و کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی هەڵمەتی دەستگیرکردن دەبوونەوە، ئەمەش هەمووی لەبەر کوردبوونیان بووە، تاوەکو ئەو خاکە بەپیت و بەرەکەت و پێگەیەی لە بەغدا و ڕۆژهەڵاتی عێراق هەیانبوو، تەعریب بکرێت و بدرێتە هۆزە عەرەبەکان، لەو هەڵمەتانەدا ژمارەیەکی زۆری گەنجەکانمان ڕاپێچی زیندانەکان کران و ژمارەیەکی زۆریان تاکو ئێستاش بێسەروشوێنن، لە هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٨٠ زۆربەی ئەو گەنجانەی لە زیندانەکانی بەعس ئازاد کران، بەهۆی پێدانی جیوەی سوور ژەهراوی کران و گیانیان لەدەست دا، یان تووشی کەمئەندامی بوون، تەنیا یەکێك لەو سەرکردە سیاسییانەی کوردی فەیلیی ئەو سەردەمە لە ژیاندا ماوە، ئەویش لە ئێستادا ناتوانێت قسە بکات و تووشی ئیفلیجی بووە، ئەم کارەی بەعس بۆ زۆربەی سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانی نەیاریان بەکار دەهێنا و لە دادگای فیدڕاڵی ئەم واقیعە پشتڕاست کراوەتەوە، بۆیە ئەو تاوانەی دەرهەق بە کوردانی فەیلی کرا، دەچێتە خانەی جینۆسایدێکی دڕندانە و جۆراوجۆرەوە، کە ئامانج لێی نەك تەنیا تەعریبکردن و دەرکردن بووە، پاکتاوکردنی پێکهاتەیەکی گرنگی نەتەوەییشە.

**ئەو تاوانەی دەرهەق بە کوردانی فەیلی کرا، دەچێتە خانەی جینۆسایدێکی دڕندانە و جۆراوجۆرەوە، کە ئامانج لێی نەک تەنیا تەعریبکردن و دەرکردن بووە**

*** کەواتە هەڵمەتی گەورەی جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە بە بیانووی (التبعية الايرانية) کە خێزانە کوردەکانی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران؟**

- خۆی بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردی فەیلی و بوونی ڕێژەیەکی زۆر کورد لە ناوجەرگەی بەغدا، هەڵمەتە گەورەکەی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێ کرد، سەرەتا بە تالانکردن و دەستبەسەرگرتنی ماڵ و حاڵیان و دەستگیرکردنی گەنجەکان و کۆکردنەوەی خێزانە کوردە فەیلییەکان و ڕاپێچکردنیان بۆ سەر سنوورەکانی ئێران بوو، ئەو دەمە داتا و ژمارەیەکی ڕوون نەبوو، بەڵام تەنیا لە یەك هەڵمەتدا ٢٢ هەزار کەس کوردی فەیلی

**تەنیا لە یەک هەڵمەتدا ٢٢ هەزار کەس کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران**

**لە گواستنەوەشدا بۆ ناوچەکانی سەرسنووری ئێران بە هۆی خراپیی ڕێگەوبانەکان و کێڵگەکانی مینەوە قوربانیی زۆرمان دا**

ڕاپێچی ئێران کران، من ئەو دەمە گەنج بووم، کاتێك دەستگیرکراین و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری گەنجی دیکەی کوردی فەیلی بەسەر زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرەسەلمان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی موخابەراتدا دابەش کراین، لە گواستنەوەشدا بۆ ناوچەکانی سەرسنووری ئێران بە هۆی خراپیی ڕێگەوبانەکان و کێڵگەکانی مینەوە قوربانیی زۆرمان دا، تەنانەت لە ڕێگەی ئێران گرووپی مافیا و دز هەبوون، پارە و کەلوپەلەکانیان لێ دەدزین، لە ئێرانیش فەیلییەکان لە ناو کەمپەکان تووشی هێرشی ئاسمانیی فڕۆکەکانی عێراق دەبوونەوە و خراپیی دۆخی گوزەرانیان تووشی نەخۆشی درم و خراپی کردن. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس پەردە لەسەر ئەو تاوانە ڕەشە هەڵدرایەوە، هەموو ئەو تاوانانە لە دژی فەیلییەکان بە هۆی ئەوەوە جێبەجێ کران، کە کوردی فەیلی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەبوو، بە واتایەکی دیکە کوردی فەیلی نەتەوەیی بوون و حاشایان لە کوردبوونی خۆیان نەکردووە، بەهێزترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبی شیعە لە عێراقدا بوون، هیچیان وەکو کوردی فەیلییان بەسەر نەهاتووە.

*** لە ناو شۆڕشی ئەیلوول کوردانی فەیلی و کەسایەتییە ناسراوەکانیان تا چەند خاوەن پێگە و ناسراو بوون، بەو پێیەی باسی ئەم ڕۆڵەت کرد کە هەر ئەمەش بوو وای کرد بەعسییەکان هەموو ئەو ڕق و قینەتان بەرانبەر ئەنجام بدەن؟**

- گەنجەکانی کوردی فەیلی لە ناو ڕێکخستنەکانی هەر دوو حزبی پارتی و شیوعیدا بوون، ئەوان ڕۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشدا هەبوو، تانەنات ژمارەیەکی زۆری بازرگان و پیشەوەران هاوکاریی شۆڕشیان دەکرد، لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردی فەیلی ئەوەی لەبیرم بێت (جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵڵا فەیلی و عەبدولحوسێن فەیلی و سەید جەلیل فەیلی) و چەندەها ئافرەتی ناسراوی کوردی فەیلی وەکو (زەکیە ئیسماعیل حەقی فەیلی) بوون و هەر هەموویان بڕوایان بە دەوڵەتی کوردستان هەبوو، تەنانەت جەعفەر محەمەد کەریم لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

*** ئەمە دەیسەلمێنێت کە کوردی فەیلی بە هۆی مەزهەبەوە جینۆساید نەکران، بەڵکو بە هۆی کوردبوونیانەوە بووە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم جینۆسایدە و هەڵدانەوەی تاوانێکی وا گەورە تەواو مافی خۆی دراوەتێ و قوربانییەکان قەرەبوو کراونەتەوە؟**

- کوردی فەیلی نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێت و ئامادە نییە حاشا لە کوردبوونی بکات، فەیلییەکان ئینکاری مەزهەبەکەیان ناکەن و ڕێزی لێ دەگرن، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی کوردبوونیان نییە، ئەوەتا لە دوای جینۆسایدەکە و ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران، کە وڵاتێك بوو مەزهەبی شیعەی لەسەر زاڵە، کەچی نەچوونە ژێر ئەم فشارەشەوە، تەعریبکردنی ناوچەکانی کوردی فەیلی لە گەڕەکەکانی بەغدا و لە ڕۆژهەڵاتی عێراق باشترین بەڵگەیە بۆ کوردبوونیان، هۆزە کوردەکانی فەیلی لە خانەقین و بەدرە و زرباتیە ڕاگوازرانەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان و بە پێچەوانەشەوە زۆر خێزانی هۆزە عەرەبەکانیان هێنایە ناوچەکانیان، هەموو ئەم تاوانانە ڕێگر نەبوون لە کوردانی فەیلی بۆ بەردەوامبوونیان لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەڵام وەکو گەڕانەوەی ماف تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆربەی هەرە زۆری قوربانییەکان قەرەبوو نەکراونەتەوە.

*** لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بۆچی کەیسی جینۆسایدی کوردی فەیلی لەلایەن عێراقەوە وا پشتگوێ خراوە و نەتوانراوە کوردانی فەیلی ئەو پێگە و دەسەڵاتەیان هەبێت، یان قەرەبوو بکرێنەوە و هەموو مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە؟**

- کوردانی فەیلی وەکو هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ پەرش و بڵاو بوونەتەوە و بەسەر حزب و لایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای نوێدا دابەش بوون، ڕاستە قەبارە گەورەکەی لە ناو کوردبووندایە، بەڵام ئەمیش بەسەر ژمارەیەك حزبی سیاسیدا دابەش

**هەموو ئەو تاوانانە لە دژی فەیلییەکان بە هۆی ئەوەوە جێبەجێ کران، کە کوردی فەیلی پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەبوو**

**کوردی فەیلی نەتەوەیی بوون و حاشایان لە کوردبوونی خۆیان نەکردووە، بەهێزترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبی شیعە لە عێراقدا بوون، هیچیان وەکو کوردی فەیلییان بەسەر نەهاتووە**

**فەیلییەکان ئینکاری مەزهەبەکەیان ناکەن و ڕێزی لێ دەگرن، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی کوردبوونیان نییە**

**هۆزە کوردەکانی فەیلی لە خانەقین و بەدرە و زرباتیە ڕاگوازرانەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان و بە پێچەوانەشەوە زۆر خێزانی هۆزە عەرەبەکانیان هێنایە ناوچەکانیان**



بوون، لە کۆتا جار ئەمە دیمەنی سیاسیی عێراقە و بە هەمان شێوە کوردی فەیلی پەرش و بڵاو بووەتەوە. لە ٢٠١٠/١١/٢٩ لە دادگای فیدراڵی تاوانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر کوردی فەیلی بە جینۆساید ناسێندرا، لەدوای ئەم بڕیارەش هیچ بڕیار و ڕاسپاردەیەکی دیکە لە بەرژەوەندیی کوردی فەیلی نەبووە، هیچ قەرەبوویەکی مەعنەوی و ماددی نەکراون، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق دەبێت قەرەبووی کوردانی فەیلی بکاتەوە بەو پێیەی بەرپرسیارێتیی حکومەتی عێراقە، کوردی فەیلی تا ئێستا شەهیدەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕەگەزنامە بە زیندوویی دانراون و زۆر لە خێزانەکانیش تا ئێستا لە ناو ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئێراندان و توانایان نییە موراجەعەی دائیرەکانی عێراق بکەن بۆ گەڕانەوەی مافەکانیان و خانووەکانیان، چونکە دەکەونە ناو هێنان و بردنێکی قووڵی دادگا و زۆر لە خانووەکانیان بە درێژایی ئەو ماوەیە کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە و ڕەنگە بکەونە ناو ململانێی شەخسی و ناکۆکیی عەشائیرییەوە، لە یاسای هەیئەی ناکۆکیی موڵکایەتیی عێراقیدا ئەو بابەتانە وا بە ئاسانی یەکلا ناکرێتەوە و دەبێت بە شێوەیەکی دیکە قەرەبوو بکرێنەوە. لە دادگاکان دوای تێپەڕبوونی ٤٠ ساڵ بۆ ئەوەی کەسە ونبووەکە بە شەهید دابنرێت، پرسیار لە خێزانەکەی دەکەن، تۆ بینیوتە کە لە سێدارە بدرێت؟ ئاخر ئەمە پرسیارە لە خێزانی کوردی فەیلی بکرێت؟ بەتایبەتی ڕژێمێکی وەکو بەعس بێسەروشوێنی کردوون، ئیتر چۆن دەهێڵێت لە بەرچاوی خێزانەکەی لە سێدارەی بدات، کە ئەو سەردەمە خوشك و براکەی منداڵێکی بچووك بوون، ئەم حاڵەتە بۆ زیندانی سیاسیش وایە، جەماعەتی ڕەفحا زیندانییش نەبوون، کەچی وەکو زیندانی سیاسی دادەنرێن و بڕە پارەیەکی زۆریان دەدەنێ، کەچی تا ئێستا زۆر لە کوردانی فەیلی بە زیندانی سیاسیش دانانرێن.

*** لە دوا کۆنفڕانسی بەجینۆسایدناساندنی تاوانی کوردانی فەیلی، تا چەند ئومێدێکتان بۆ گەڕایەوە کە جارێکی دیکە گرنگی بە ناساندنی جینۆساید و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان بدرێت؟**

- ئێمە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرز دەنرخێنین و کۆنفڕانسی جینۆسایدی کوردی فەیلی زۆر گرنگ بوو، هیوای زۆرمان هەیە لەلایەن کوردستانەوە گرنگیی زۆر بەم لایەنە بدرێت و بەسەر لایەنی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیایی زاڵ بێت. کوردە فەیلییەکان نەتەوەیین و دوای ئەو سەرکردە و حزب و لایەنانە دەکەون کە هەستی نەتەوەییان زاڵتر بێت لەسەر ئایدیۆلۆژیاکانی دیکە، دەستخۆشی لە هەوڵەکانی گۆڤارەکەشتان دەکەم بۆ گرنگیدان بەم جینۆسایدە.

**لە ٢٠١٠/١١/٢٩ لە دادگای فیدراڵی تاوانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر کوردی فەیلی بە جینۆساید ناسێندرا، لەدوای ئەم بڕیارەش هیچ بڕیار و ڕاسپاردەیەکی دیکە لە بەرژەوەندیی کوردی فەیلی نەبووە**

**ئێمە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرز دەنرخێنین و کۆنفڕانسی جینۆسایدی کوردی فەیلی زۆر گرنگ بوو، هیوای زۆرمان هەیە لەلایەن کوردستانەوە گرنگیی زۆر بەم لایەنە بدرێت**




پرۆفیسۆر دەیڤید مارپلێس بۆ گوڵان:

# شەڕەکەی پوتین بە چەشنێک مایەی کاولکاری بووە کە زەحمەتە ئۆکرانیا بتوانێت ببووژێتەوە و ئاوەدان ببێتەوە

**دەیڤید مارپلێس پرۆفیسۆری مێژووی ڕووسیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتە لە زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەداو و نووسەری ١٦ کتێبە، کە بە تەنیا خۆی نووسیویەتی و خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ توێژینەوەیە، لە ناو ئەو کتێبانەدا کتێبی (تێگەیشتن لە ئۆکرانیا و بیلاڕووسیا ساڵی ٢٠٢٠، ئۆکرانیا لە تەنگژەدا ساڵی ٢٠١٧) هەیە، پێشتریش لە بەشی مێژووی هاوچەرخی ئەورووپا لە زانکۆی ئینسبروك لە ئەڵمانیا و لە زانکۆی هۆکایدۆ لە یابان وانەبێژ بووە، هەروەها لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٥) سەرۆکی ناوەندی ئەمریکای باکوور بووە بۆ دیراساتی بیلاڕووسیا و پێش ئەویش لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٤-٢١٤) بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ئۆکرانیای هاوچەرخ بووە لە ئامۆژگای کەندی لە زانکۆی ئەلبیرتا بۆ دیراساتی ئۆکرانیا، لەبەر تایبەتمەندی و شارەزایی ئەم پرۆفیسۆرە لە پرسەکانی تایبەت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بە ئاشکرا دەوڵەتی بیلاڕووس هاوپەیمانیی خۆی بۆ ڕووسیا ڕاگەیاندووە، هەر بۆیە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم شەڕە و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، بەم جۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** وەك کەسێکی تایبەتمەند و شارەزا لە پرسە ستراتیژییەکانی دەوڵەتانی (ڕووسیا، ئۆکرانیا، بیلاڕووس و ئەورووپای ڕۆژهەڵات) چۆن لە زیادبوون و هەڵکشانی هاوکاریی نێوان ڕووسیا و ئێران دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە ئەمە مایەی ترس و نیگەرانییە، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەی کە لە ئێستادا ئێران کارخانەی دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (Drone)ی لە نێو خاکی ڕووسیادا دامەزراندووە؟**

- من پێم وایە ڕووسیا وردەوردە بەشی زۆری ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییانە لەدەست دەدات کە پشتیوانی داگیرکارییەکەی بۆ ئۆکرانیا دەکەن، هەر بۆیە لە ئێستادا دەیەوێت پشت بەو وڵاتانە ببەستێت کە دەتوانن چەکی بۆ دەستەبەر بکەن، وەك ئێران و کۆریای باکوور، ئەمەش باری لاری شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی ڕووسیا ڕاست ناکاتەوە.

*** تێڕوانینتان چییە لە بارەی دوایین پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە دامەزراندنەوە و دروستکردنەوەی پەیوەندیی دیپلۆماتی لە نێوان سعودیە و ئێران و دووبارە کردنەوەی باڵیۆزخانەکانیان؟ ئایا ئەم پەرەسەندنە هێندە هەڵدەگرێت کە ئەمریکا لەبارەی ئەگەری لەدەستدانی دەستڕۆیشتوویيەکەی لە ناوچەکەدا نیگەران بێت؟**

- ئەوەی بەدی کراوە، ئەوەیە کە هەمیشە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەراورد بە وڵاتانی دیکە هەڵوێستێکی نەرمتری لە ئاستی سعودیە هەبووە، لە پەیوەندی بە ستانداردە دیموکراتییەکانەوە، ئەوەی لە ئێستادا ئاشکرایە ئەوەیە کە چین چەند دەرفەتێك بۆ دەستێوەردان بەدی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا وەك نەتەوەیەکی بنیادنەر و دروستکەری ئاشتی برەو بە خۆی دەدات، بۆ نموونە، ئەوەتا

**هەمیشە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەراورد بە وڵاتانی دیکە هەڵوێستێکی نەرمتری لە ئاستی سعودیە هەبووە، لە پەیوەندی بە ستاندارده دیموکراتییەکانەوە**

**چەندین جار دانپێدانان بە سنووری ئۆکرانیا لەلایەن رووسیاوە رووی داوە، وەک لە ساڵەکانی (١٩٩٠، ١٩٩٧، ٢٠٠٤ و.. هتد) و ناکرێت لە ئێستادا و لە ساڵی ٢٠٢٣ سنوورێکی نوێی بۆ دەستنیشان بکات**

**ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بوونی یەکێتی و یەکبوونێکە لە نێو ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا، کە زیاترە لەوەی من پێشبینیم دەکرد**

**هۆکاری سستی و خاویی هێرشی پێچەوانەی ئۆکرانیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەربازەکانی رووسیا خۆیان لەو سەنگەرانەدا جێگیر کردووە کە برین و شکاندنیان ئاسان نییە**

پێشنیاری ئاشتیی خستووەتەڕوو بۆ کۆتاییهێنان و ڕاگرتنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن کە دوو دوژمنی تەقلیدیی یەکتری پێکەوە کۆ بکاتەوە.

*** بە ڕای ئێوە بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ بەردەوامن لە دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی دارایی و دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی بۆ ئۆکرانیا، بەڵام تا ئێستا هەوڵێکی بەرچاویان نەخستووەتەگەڕ بۆ بەدیهێنانی چارەسەرێکی گشتگیر بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە بەردەوامە؟**

- پێم وایە هۆکاری ئەوەیە کە دەرفەت و بوارێکی گەورە لە ئارادا نییە بۆ گەیشتن بە سازشێك، یان ڕاستر بڵێم ئەو دەرفەتە نییە کە بە شێوازی ئاشتی و بە ڕێگەی دیالۆگ ئەم کێشەیە لەگەڵ ڕووسیا بگاتە هیچ ئاکامێك، وەك دەشبینین هێشتا هێزەکانی ڕووسیا لە نێو خاکی ئۆکرانیادا ماون. دواتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ پێیان وایە شەڕەکە پەیوەستە بە مانەوە و ڕزگاربوونی ئۆکرانیاوە، هەروەها پوتین خاڵی دەستپێکی گفتوگۆکانی گرێ داوەتەوە بەوەی ئیقرار بکرێت بە دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی دۆنێتسك، لوهانسك، زاپۆریژیا و خێرسۆن لەلایەن ڕووسیاوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەم بانگەشەیەی پەیوەست بەم ناوچانە هیچ پاساو و ڕەوایەتییەك هەڵناگرێت، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە ئەوە قبووڵ بکەین کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەم و ڕۆژگاری ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و ئیمپریالیزم. ماوەتەوە بڵێین کە چەندین جار دانپێدانان بە سنووری ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە ڕووی داوە، وەك لە ساڵەکانی (١٩٩٠، ١٩٩٧، ٢٠٠٤ و.. هتد) و ناکرێت لە ئێستادا و لە ساڵی ٢٠٢٣ سنوورێکی نوێی بۆ دەستنیشان بکات.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە سزا سەپێندراوەکانەوە بەسەر ڕووسیادا، ئایا پێتان وایە بۆچی هەڵگەڕانەوەیەك لە بەرانبەر ئەم سزایانە و فەرامۆشکردنیان لە ئارادایە لەلایەن هەندێ دەوڵەتی دیاریکراوەوە؟ ئایا پێت وا نییە ئەم کار و کردەوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ڕەنگە ئەوانیش لە داهاتوودا بکرێنە ئامانج، یان ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەیانەوێت بەم شێوەیە گوزارشت لە ناڕەزایەتیی خۆیان لە باڵادەستیی ڕۆژئاوا و دەستڕۆیشتوویییەك بەسەر کاروبارە جیهانییەکانەوە بکەن؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، چونکە ئاشکرایە کە وڵاتان جیاوازن، بۆ نموونە، هەنگاریا درێژەی بە پەیوەندییەکی دۆستانە داوە لەگەڵ ڤلادمیر پوتین و ناڕەحەت بوو بەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بە هۆی هێرشکردنیەوە بۆ سەر (لیبراڵیزم)، تورکیا و ئیسرائیل بە وریاییەوە جۆرێك لە بێلایەنییان هەڵبژاردووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بوونی یەکێتی و یەکبوونێکە لە نێو ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا، کە زیاترە لەوەی من پێشبینیم دەکرد، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی سنووری هاوبەشیان لەگەڵ ڕووسیا هەیە، یان ئەوانەی دراوسێین.

*** ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئۆکرانیا ستراتیژیەتی هێرشی پێچەوانەی گرتووەتەبەر، بەڵام پێدەچێت سوپای ڕووسیا توانای بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی هەبێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر هێرشی پێچەوانەی ئۆکرانیا سەرکەوتوو نەبوو، ئایا ئەمە دەرئەنجامێکی کارەستباری لێ ناکەوێتەوە؟ ئایا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی سوپای ڕووسیا دووبارە خۆی ڕێك بخاتەوە بۆ ئەوەی ئەویش هێرشی پێچەوانە ئەنجام بدات و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت؟**

- پێم وایە ئەم پرسیارە پرسیارێکی پێشوەختەیە، چونکە هەمیشە ئۆکرانیا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ئەمە جۆرێك نییە لە شەڕی نێو فیلمەکانی هۆلیوود، دواتر هۆکاری سستی و خاویی هێرشی پێچەوانەی ئۆکرانیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەربازەکانی ڕووسیا خۆیان لەو سەنگەرانەدا جێگیر کردووە کە برین و شکاندنیان ئاسان نییە، هەروەها ئەمە قۆناغێکی سەرەتاییە، بە شێوەیەکی گشتی سوپای ئۆکرانیای باشتر ڕێك خستووە و کەرەستەی باشتری بۆ دەستەبەر کراوە. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ڕووسیا نەتوانێت بەرەوپێشچوون و پێشڕەوی بەدەست بهێنێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ژمارەی سەربازانی سوپاکەی زیاد




بکات، لە هەمان کاتدا کەلێنێکی بەرچاو هەیە لە نێوان سوپا و وڵاتەکە و کۆمپانیای تایبەتی سەربازی، هەروەها ئەوەی لە میانەی شەڕی باخموتدا ڕوون و ئاشکرا بوو، من زیاتر نیگەرانم لە بارەی بارودۆخەکەوە لە مەودای دووردا، ئەویش لە پەیوەندی بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەو خاکانەی بەدەست دەهێنرێنەوە، کە ئایا ئەم دوو دەوڵەتە دراوسێیە دەتوانن جارێکی دیکە هاوکاریی یەکتر بکەنەوە؟ شەڕەکەی پوتین بە چەشنێك مایەی کاولکاری بووە کە زەحمەتە ئۆکرانیا بتوانێت ببووژێتەوە و ئاوەدان ببێتەوە.

*** ئەگەر باسەکە بگۆڕین بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵات، ئایا ڕاتان چییە لەسەر ئەوەی ئەمریکا چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی ئەم ناوچەیەی فەرامۆش کردبێت؟ ئایا پێت وانییە ئەمە بۆشایی و پانتاییەکی دروست کردبێت بۆ ئەوەی چین ڕۆڵێکی گەورەتر بگێڕێت بۆ پڕکردنەوەیان، هەروەك ئەوەی بەدیمان کرد لە ناوبژیوانی بۆ ڕێککەوتنی ئاشتی لە ناوچەکەدا؟**

- بەڵێ، دەکرێت ئەمە ڕوو بدات، بەڵام نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە چین پێش هەموو شتێك دەوڵەتێکە سەرقاڵی بازرگانییە، بەڵام بە دەست چەندین کێشەی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت (لەگەڵ دانیشتووانە موسڵمانەکەی، هۆنگ کۆنگ و.. هتد). دواتر ئەمریکا پشتی کردە هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستان و سووریا، کە ئەمە شتێك بوو لە سایەی سەرۆکایەتیی ترەمپدا ڕوویدا، ئێستاش ئەمریکا سەرچاوەیەکی بەرچاو بۆ هاوکاریکردنی ئۆکرانیا تەرخان دەکات، یەکێك لە وەڵامەکان ئەوەیە کە ئەم کارە بە هاوکارییەکی نزیك لەگەڵ چیندا ئەنجام بدات، نەك وەك ڕکابەرێکی دوژمنکار لێی بڕوانرێت. هەروەها ئەمە بیرۆکەیەکی نوێ نییە و ئیدارەی (نیکسۆن- کیسەنجەر) ڕێچکەیەکی هاوبەشیان گرتەبەر لە ساڵی ١٩٧٢ لە نێوەندی شەڕی سارددا، ئەمە ڕێی تێ دەچێت، چونکە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی چین ناکات، بوونی جۆرێك هاوکاری لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین بە ڕادەیەکی گەورە دەبێتە هۆی لاوازکردنی پوتین، ئەو کەسایەتییەی کە بەرپرسە لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕەی ئێستا.

**بوونی جۆرێک هاوکاری لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین بە ڕادەیەکی گەورە دەبێتە هۆی لاوازکردنی پوتین، ئەو کەسایەتییەی کە بەرپرسە لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕەی ئێستا**

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل بۆ گوڵان:

# ئەمریکا ڕێگە نادات هیچ دەوڵەتێکی هاوپەیمانی تەکنەلۆژیای G5 لە چین بکڕێت

**پرۆفیسۆر بێرنارد هەیکەل، بەڕێوەبەری پەیمانگەی دیراساتی هەرێمایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی نزیکە لە زانکۆی پرینستۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئەو بارگرژییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە پرسەکانی پەیوەست بە ناسنامەی ئایینی و دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها بایەخ بە مێژوو و سیاسەتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و، بە دیاریکراوی عەرەبستانی سعودیە دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەر دوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران و لێکەوت و دەرهاویشتەکانی ئەم ڕێککەوتنە و هەڵکشان و گەورەبوونی ڕۆڵی چین و ناکۆکی و بارگرژییەکانی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**چین هەستی بەوە کردووە پوتین زۆر لەوە لاوازترە کە پێشتر بیری لێ دەکرایەوە**

*** ڕۆژ بە ڕۆژ بارگرژییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین توند دەبێتەوە. هەڕەشەی بەردەوامی چین بۆ داگیرکردنی تایوان و بەرفراوانکردنی بوون و دەسترۆیشتوویی خۆی لە دەریای باشووری چین هۆکارێکی گەورەیە بۆ هەڵکشانی ئەم بارگرژییانە. لەوەش زیاتر، چین پشتیوانیی خۆی بۆ ڕووسیا لە پەیوەندی بە شەڕەکەوە نەشاردووتەوە، ئەمەش هەڵوێستێکە جیاوازە لە هەڵوێستی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم کێشانە سەردەکێشن بۆ سیناریۆیەك کە تێیدا هێزە مەزنە جیهانییەکان خۆیان دەدەنە پاڵ ئەمریکا، یان چین؟**

- پێم وایە مەبەستی ئێوە هێزە مامناوەندەکانە، واتە ئەم هێزانە پتر خۆیان دەدەنە پاڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا، یان چین و ڕووسیا، واتە وڵاتانی وەك سعودیە و هیندستان. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە جگە لە هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژئاوا و کۆریای باشوور و یابان و ئوسترالیا، ئەوا وڵاتانی دیکە هەوڵ دەدەن لەم شەڕەدا وەك بێلایەن بمێننەوە. ئەوە بەدی دەکەین، ئەوەیە کە هیندستان بڕێکی زۆر لە نەوتی ڕووسیا بە نرخێکی داشکاو هاوردە دەکات و دەیپاڵێوێت و دووبارە هەناردەی دەکاتەوە. واتە حکومەتی هیندستان شەڕی ئۆکرانیا بە تەواوەتی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنێت. هەروەها هێشتا سعودیە لە نزیکەوە هاوکاری لەگەڵ کەرتی بەرهەمهێنەری نەوتی ڕووسیا دەکات لە ڕێی ئۆپیك پلەسەوە، و لەم ڕووەوە نایەوێت لایەنگریی هیچ لایەك بکات، هەروەها ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری وەك هاوکاری مرۆیی بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر کردووە. واتە سعودییەکان

> **هیندستان بڕێکی زۆر لە نەوتی ڕووسیا بە نرخێکی داشکاو هاوردە دەکات و دەیپاڵێوێت و دووبارە هەناردەی دەکاتەوە. واتە حکومەتی هیندستان شەڕی ئۆکرانیا بە تەواوەتی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنێت**

> **پێم وانییە ئێمە بەرەو جیهانێکی دووجەمسەری هەنگاو هەڵبگرین، کە تێیدا و لە بنەڕەتدا دوو هێزی مەزن (سوپەر پاوەر) هەبن**

دەیانەوێت بێلایەن بمێننەوە. پێم وایە زۆرێك لە وڵاتان، با بڵێین وڵاتانی باشوور و هێزە مامناوەندەکان بژارەی بێلایەنییان هەڵبژاردووە، بەڵام پێم وانییە ئێمە بەرەو جیهانێکی دووجەمسەری هەنگاو هەڵبگرین، کە تێیدا و لە بنەڕەتدا دوو هێزی مەزن (سوپەر پاوەر) هەبن. پێم وایە ئەمە دووبارەبوونەوەی ئەو شەڕی ساردەیە کە پێشتر لە ئارادا بوو، بەڵام چین جێی یەکێتیی سۆڤیەتی گرتووەتەوە، بەڵام جیاوازیی دیکەش لە نێوان ئەو شەڕە ساردەی لە ئێستادا لە ئارادایە و ئەوەی پێشتر هەیە. لەوەی پێشوودا لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتدا بوو، کە تێیدا ئاڵوگۆڕی ئابووری لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمانی وارشۆ -کە یەکێتیی سۆڤییەت باڵادەست بوو بە سەریدا- و ڕۆژئاوا سنووردار بوو. واتە ئاڵوگۆڕێکی ئابووری نەبوو، جگە لە هەناردەی نەوت و غازی ڕووسی هیچ شتێکی دیکەی ئەوتۆ نەبوو. هەرچۆنێك بێت، لە پەیوەندی بە حاڵەتی چینەوە لە ئێستادا، ئەوا دۆخەکە بەم شێوەیە نییە. مەبەستم ئەوەیە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین، و ئابووریی جیهان بە گشتی پتر پێکەوە گرێدراو و پێکەوە بەستراون، ئەمریکا و چین زیاتر پشت بەیەکبەستوون لە ڕووی ئابوورییەوە بەراورد بە حاڵەتی ئەمریکا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا.

*** ئایا پێت وایە ئەم ئیستفزازکردنانەی چین دەرئەنجامێکی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە؟**

- بێگومان، بەڵام بۆ ئەوەی دادپەروەر بین، ئەوا تەنیا چین لە ئیستفزازکردنەوە تێوەنەگلاوە. چونکە ئەمریکییەکانیش بە چەندین شێوە چینییەکان ئیستفزاز دەکەن. بۆ نموونە لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباماوە، لە ئەمریکا گفتوگۆ کراوە لەبارەی ئەوەی پێی دەوترێت وەرچەرخان بەرەو سیاسەتی ڕۆژهەڵات، بەو واتایەی کە ئالنگاریی سەرەکی لە چین و هەردوو ناوچەی پەیوەست بە زەریای ئەتڵەسی و زەریای هێمنەوە سەرچاوە دەگرن، نەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. هەروەها ئەمریکییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە «چین دوژمنە نوێیەکەیە»، چینییەکانیش وەك دوژمن باس لە ئەمریکا دەکەن. کەواتە ئیستفزازکردن لە هەردوو لاوە سەرچاوە دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی ڕاستەقینە، یان پێکدادانی سەربازی لە نێوان چین و ئەمریکا ڕوو بدات، واتە ئەگەرێکی کەمترە لەوەی لە پێش داگیرکردنەکەی ئۆکرانیاوە لە ئارادا بوو. هۆکارەکەش ئەوەیە کە چین لە ئەدای خراپی سوپای ڕووسیا و کەرەستە سەربازییە ڕووسییەکان لە میانەی داگیرکارییەکەی ئۆکرانیادا دەڕوانێت، دەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت کە زۆرێك لە کەرەستە چینییەکان هاوشێوەی کەرەستەکانی ڕووسیان. ئەمەش بەو واتایە دێت کە چین پتر دوودڵ دەبێت لە داگیرکردنی تایوان. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە شەڕەکەی ئۆکرانیا بەلای کەمەوە لایەنێکی ئەرێنی هەبوو، ئەویش ئەوەیە کە بووە هۆی ئەوەی چین وریاتر و بە حەزەرتر و هۆشیارانەتر هەنگاو هەڵبگرێت لە پەیوەندی بە تێوەگلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ سوپای ئەو وڵاتانەی کە لەلایەن ڕۆژئاواوە پڕچەك کراون و مەشقیان پێ کراوە و پشتیوانی کراون، وەك تایوان.

*** هەمیشە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێداگری لەسەر بایەخدان بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداو کردووە، لە ڕووی مێژووییشەوە ئامادە نەبووە ڕێگە بە وڵاتانی دیکە بدات کە هەژموونێکی هاوشێوەی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لەم دواییانەدا وڵاتی چین بەرەوپێش چووە لەم ناوچەیەدا، هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی سیاسییەوە سەرکەوتوو بووە و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بنیاد دەنێت. ئەمەش بەرجەستە بوو لە ناوبژیوانیکردنی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیە. ئەم پەرەسەندنە ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە ئایا چین بە چەشنێکی کارا دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا جێگیر کردووە؟ ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی وردە وردە دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو داکشان بچێت؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن بە تەواوەتی ڕاستە کە چین برەوی بە دەستڕۆیشتوویی خۆی

داوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەمە دەستڕۆیشتوویەکە کە پتر لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پرۆسەی هاوردەکردن و هەناردەکردن بنیاد نراوە. بۆ نموونە لەسەر برەودان بە هێز و توانای سەربازیی چین لە ناوچەکەدا بونیاد نەنراون، لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە وڵاتانی ناوچەکە، بۆ نموونە عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات بەو شێوەیە لە دۆخەکە دەڕوانن، کە تێیدا چین هاوبەشێکی بەهاداری بازرگانی و سەنتەرێکی تەکنەلۆژی و سەرچاوەی گواستنەوەی تەکنەلۆژیایە. بۆ نموونە، با لە تۆڕی پەیوەندیی 5G بڕوانین. عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات زۆر پەرۆشن بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای 5Gی چینی لەبەر ئەوەی ئەم تەکنەلۆژیایە گرنگە بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری و هەمەچەشنکردنی ئابوورییەکانیان. لەم ساتەوەختەدا ڕۆژئاوا ئەم تەکنەلۆژیایەی نییە بۆ ئەوەی بیفرۆشێت. واتە هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن تەکنەلۆژیای 5G نییە. لەم ڕوانگەیەوە ئەوان مەیلێکی بەهێزیان هەیە بۆ کڕینی تەکنەلۆژیای چینی، کە ئەمەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی جددی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت ئەم وڵاتانەی تەکنەلۆژیای هەواوی 5G لە وڵاتی چین بکڕن. بەڵام پێم وایە دید و تێڕوانینی وڵاتانی ناوچەکە لە ئاست جیهاندا ئەوەیە کە پێیان وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانێکی ستراتیژی سەربازییە. واتە پتر پەیوەستە بە بواری ئاسایشەوە. بەڵام بەو شێوەیە لە چین دەڕوانن کە بریتییە لە هاوپەیمانێکی بواری بازرگانی، لەبەر ئەوەی چین ئەو وڵاتەیە کە زۆربەی نەوت و تا ڕاددەیەك غاز لە ناوچەی کەنداوەوە هاوردە دەکات. هەروەها چین هەناردەکاری سەرەکیی کاڵاکانە بۆ ناوچەی کەنداو. پێم وا نییە ئەگەری ئەوە هەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا چین لە ڕووی ستراتیژییەوە جێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگرێتەوە، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا هیچ گومانێك نییە لەوەی کە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکەی لە هەڵکشاندایە، هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هێزی نەرمیشی لە هەڵکشان و زیادبووندایە. هەروەك ئەوەی لەو ڕێککەوتنە بەدی دەکرێت، کە بە ناوبژیوانیی چین ئەنجام درا بۆ ئاشتکردنەوەی ئێران و عەرەبستانی سعودیە. من پێم وایە شێوازی بیرکردنەوە لەم ڕێککەوتنە کە بە ناوبژیوانیی وڵاتی چین ئەنجام دراوە، ئەوەیە کە سعودیە لە بنەڕەتدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو، ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ ئیحتیواکردن و لە قاڵبدانی دەستڕۆیشتوویی و چالاکییەکانی ئەو میلیشیایانەی ئێران لە ناوچەکەدا پشتگیرییان دەکات.

*** ئابووری و پیشەسازی چین بەرەوپێشچون و گەشەکردنێکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمەکانی چین لە سەرتاسەری جیهاندا بەردەست و لە ئارادا بێت. ئەم بەرفراوانبوونە سەری کێشاوە بۆ ئەوەی شارەزایان بانگەشەی ئەوە بکەن کە سەدەی بیست و یەك سەدەی چینە. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم سەرکەوتنە ئابوورییەی چین قبووڵ دەکات؟**

- وای دەبینم ئەمریکا نیگەرانە لە بارەی باڵادەستی وڵاتی چین لە چەند بوارێکی سەرەکیدا. بۆ نموونە، چین قۆرخکارییەکی ڕاستەقینەی هەیە بەسەر تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی وزەی خۆرەوە. هەروەها قۆرخکارییەکی ڕاستەقینەی هەیە بەسەر چەند کانزاییەکی دەگمەنی زەمینی و چەند کەرەستەیەکی بنەڕەتی پیشەسازییەوە. هەروەها چین ڕۆڵێکی گرنگ و بەهێزی هەیە لە بواری پیشەسازیی دەرمان و کیمیاییدا. لەم ڕوانگەیەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ دەدات، ئەم پشبەستنە بە چین کەم بکاتەوە، ئەویش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی دروستکردنی زەنجیرەی دەستەبەرکردنی هەندێ لەم بەرهەمانە لە دەرەوەی چین. ئەویش لە هەر دوو وڵاتی هیندستان و ڤێتنام و هێنانەوەی هەندێ لەم بەرهەمانە بۆ نێو خۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەمە نیگەرانییەکی گەورەیە. من پێم وا نییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەران بێت لەبارەی ئەوەی چین ببێتە ئەوەی پێی دەڵێن

**ئەمریکییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە «چین دوژمنە نوێیەکەیە»، چینییەکانیش وەک دوژمن باس لە ئەمریکا دەکەن**

**پێم وا نییە ئەگەری ئەوە هەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا چین لە ڕووی ستراتیژییەوە جێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگرێتەوە**




**سعودیە لە بنەڕەتدا لە هەوڵی ئەوەدا بوو، ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئیحتیواکردن و لە قاڵبدانی دەستڕۆیشتوویی و چالاکییەکانی ئەو میلیشیایانەی ئێران لە ناوچەکەدا پشتگیرییان دەکات**

«هاییەر پاوەر»، واتە تاکە هێزی مەزنی باڵادەست لە سەدەی بیست و یەکدا، لەبەر ئەوەی ئەمریکا پێی وایە چین بە دەست هەندێ لاوازیی بونیادیی گرنگەوە دەناڵێنێت. کەواتە بوارم بدەن ئاماژە بە هەندێ لاوازیی چین بکەم لە بەرانبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. چین خاوەنی دانیشتووانێکی تەواو بەساڵاچووە و باری دیموگرافی بەرەو داکشان دەچێت. بە چەشنێك چین ناتوانێت هەمان ژمارەی ئەو گەنجانەی هەبێت کە شیاوی کارکردن بن بەراورد بە هیندستان. کێشەیەکی دیکەشی پەیوەستە بەوەی کە چۆن پارتی کۆمۆنیستی چین باڵادەستە بەسەر ئابووریی چین و سیاسەتی چینەوە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پێشەنگکارییەکی کەمتری بواری بزنێس و داهێنانکاری و بەرهەمکارییەکی کەمتر. ئەوەتا لە ئێستادا داکشانی بەرهەمکاری و گەشەی چین بەدی دەکەین، بۆ چەند دەیەیەك چین بە ڕێژەی ٧،٨،٩ ٪ لە ساڵێکدا گەشەی دەکرد. لە ئێستادا ڕێژەی ئەم گەشەیە نزیکە لە ٣,٥٪ یان لەوپەڕیدا ٤٪ـە، کەواتە چین لە ڕووی ئابوورییشەوە بەرەو داکشان دەچێت. دواتر چین بە ڕاددەیەکی گەورە پشت دەبەستێت بە هاوردەکردنی وزە. واتە سەرچاوەی وزەی ناوخۆیی نییە بۆ بەردەوامیدان و برەودان بە ئابوورییەکەی. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گرنگە بۆ چین، بۆ هاوردەکردنی نەوتی خاو و غاز و پێترۆکیمیاییەکان. کەواتە لەم ڕووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزترە لە چین. ئەمریکا نەوتێکی زۆری هەیە لە ناو خۆی وڵاتەکەیدا. ئاستی بەرهەمهێنانی وزەری ئەمریکا لە ئاستێکی بەرزدایە و نزیکەی نیوەی ئەو وزەیە بەرهەم دەهێنێت کە ڕووسیا و عەرەبستانی سعودیە پێکەوە بەرهەمی دەهێنن. هێشتا داهێنانکاریی ئەمریکا زۆر بەهێزە و هەمان کێشەی دانیشتووان و دیموگرافیای نییە بە چەشنی چین، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بەردەوام ئەو کۆچبەرانە وەردەگرێت کە خاوەنی ئاستێکی بەرزی خوێندەوارین. کەواتە لە

ڕاستیدا و ڕووی بونیادییەوە چین هێندە بەهێز نییە کە دەردەکەوێت، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش هۆشیارە بەم ڕاستییە.

*** چین پێشەنگی بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیایە، بە تایبەتی لە بواری پەرەپێدان و بەکارهێنانی ئەنتەرنێت 5G، و لەم ڕووەوە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی تێپەڕاندووە. پێشبینی دەکرێت کە تەکنەلۆژیای 5G کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت لەسەر سوپای چین و لەسەر برەودان بە تواناکانی. ئەو پرسیارەی سەرهەڵدەدات، ئەوەیە کە تا چ ڕاددەیەك زیادبوونی توانای چین لە بواری تەکنەلۆژیا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت؟**

- کاتێك باسەکە پەیوەندیدار بێت بە تەکنەلۆژیای 5Gـەوە، ئەوا ئەمریکا بوار بە هیچ یەکێك لە هاوپەیمانەکانی نادات کە ئەم تەکنەلۆژیایە بەکار بهێنن، لەبەر ئەوەی ئەمە بەو مانایە دێت کە چین بە شێوەیەکی کارا توانای کۆنترۆڵکردنی پانتایی تەکنەلۆژیای ئەو وڵاتەی دەبێت کە تەکنەلۆژیای 5G بەکار دەهێنێت، ئیدی بەدەستهێنانی زانیاری بێت، یان داخستنی سیستەمەکان و کاری هاوشێوە بێت. بۆ نموونە کاتێك بەریتانیای مەزن، هەوڵی دا تەکنەلۆژیای 5G لە چینەوە هاوردە بکات، ئەوا ئەمریکا زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوو لەگەڵ بەریتانیا و پێی ڕاگەیاندن ئەگەر تەکنەلۆژیای 5G هاوردە بکەن، ئەمە بە واتای کۆتاییهاتنی ئەو پەیوەندییە تایبەتییە دەبێت کە لە نێوان هەردوو لادا لە پەیوەندی بە پێدانی زانیاری هەواڵگری و هاوکاریی سەربازییەوە هەیە، ئێمەش وەك ئەمریکییەکان ڕێگە نادەین سیستمی سەربازیی خۆمان لە هەر وڵاتێکدا جێگیر بکەین، کە تێیدا ئەم سیستمانە گرێ درابن بە تۆڕی 5Gـەوە، لەبەر ئەوەی چین دەستی ڕادەگات بە تەکنەلۆژیای ئێمە. هەر بۆیە لە کۆتاییدا بەریتانیا ڕایگەیاند کە تەکنەلۆژیای 5G لە چین ناکڕێت. پێم وایە هەمان شت لە پەیوەندی بە ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودیە و ئیماراتەوە دووبارە دەبێتەوە. بڕیار و بژارەی بەریتانیا زۆر ڕوون بوو لەم ڕووەوە. ئەوان بڕیاریان دا، وەك هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بمێننەوە، هەمان شت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدات لە پەیوەندی بە هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کە ئەوانیش بۆ ساڵێك و ساڵ و نیوێکی دیکە چاوەڕێ دەکەن، تاوەکو ئەمریکا پەرە دەدات بە تەکنەلۆژیای 5G یان 6Gی تایبەت بە خۆی و دواتر بیفرۆشێت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** ئایا پشتیوانیی چین بۆ ڕووسیا دوای هەڵگەڕانەوە سەربازییەکەی ئەم دواییەی ڤاگنەر، چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر هاوپەیمانیی ستراتیژیی نێوان شی جین پینگ و ڤلادمیر پوتین لە هەوڵەکانیاندا بۆ سیستمێکی نوێی جیهانی و بێ متمانەییان بەرانبەر ڕۆژئاوا؟**

- کاتێك چینییەکان ڕایدەگەیەنن کە ئەوان پاڵپشتی و پشتیوانیی ڕووسیا دەکەن، ئەوا ئەوان پشتگیری لە دەوڵەتێکی مەرکەزی لە ڕووسیا دەکەن. ئەوان پشتیوانی ناکەن لە گرووپێکی نیچمە سەربازی کە هەوڵ دەدات سەقامگیری دەوڵەتێك تێك بدات، یان زاڵ و باڵادەست بێت بەسەر دەوڵەتێکدا، بە چەشنی گرووپی ڤاگنەر. بە تێڕوانینی من، لەگەڵ ئەوەشدا چین دەرکی بەوە کرد، کە لە دوای ئەم هەوڵی کودەتایە لەلایەن گرووپی ڤاگنەرەوە، فلادمێر پوتین زۆر لەوە لاوازترە و زۆر لەوە ناسەقامگیرترە لەوەی کە بیری لێ دەکرایەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە و سەرباری ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کە کەرەستە سەربازییەکانی سوپای ڕووسیا ئەدایەکی خراپیان هەبووە لە گۆڕەپانی شەڕدا، ئەوا چین دەرك بەوە دەکات کە هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ ڕووسیادا، ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە بەهادارە، بۆ بەرهەمی وزە و هاوردەکردنی وزە، بەڵام ڕووسیا وڵاتێکی زۆر لاوازە لە ئێستادا. واتە ئەو وڵاتە نییە کە بە زەرورەت لایەنێکی سوودبەخش بن بۆ چین لەم جیهانەدا. هەروەها مەزەندەی ئەوە دەکەن کە لەبەر ئەوەی چین ڕێچکەیەکی پراگماتیکی هەیە کە لە کۆتاییدا هەوڵ بدات تا ڕاددەیەك خۆی بەدوور بگرێت لە ڕووسیا، بۆ ئەوەی خۆی وەك هاوپەیمانێکی نزیکی وڵاتێکی لاواز و ڕەنگە شکستخواردوو دەرنەخات.

**چین فۆرخکارییەکی ڕاستەقینەی هەیە بە سەر تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی وزەی خۆر و چەندین کانزای دەگمەنی زەمینی و کەرەسەتەی بنەڕەتیی پیشەسازی هەیە**

**چین خاوەنی دانیشتووانێکی تەواو بەساڵاچووە و باری دیمۆگرافی بەرەو داکشان دەچێت. بە چەشنێک چین ناتوانێت هەمان ژمارەی ئەو گەنجانەی هەبێت کە شیاوی کارکردن بن بەراورد بە هیندستان**

# گوتاری ڕقەکاری وەک هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی کیان و کۆمەڵگە

**گوتاری ڕقەبەری، یان ڕقەکاری، سەرچاوەی شڵەژانی ئەمنی فکری و کۆمەڵایەتییە و ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی ورووژاندن و ئاشوب و توندڕەوی و جیاکاریی ڕەگەزی و دەمارگیری**

گوتاری ڕقەبەری، یان ڕقەکاری، سەرچاوەی شڵەژانی ئەمنی فکری و کۆمەڵایەتییە و ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی وروژاندن و ئاشوب و توندڕەوی و جیاکاریی ڕەگەزی و دەمارگیری. لە هەموو سەردەمەکان و لەناو هەموو بۆچوونە جیاوازەکان کەسانێك هەبوون، هەڵگری ئەم جۆرە گوتارە بوون و ویستوویانە بە هۆیەوە لەوانی دی کەم بکەنەوە و تۆوی دووبەرەکی لە نێوان مرۆڤەکان بڕوێنن و وێنەی واقعیان بشێوێنن، ئەمەش لێکەوتەی ناخێکی بۆگەن و نامۆن بە کۆمەڵگە و هەڵگری نەگبەتی گەورەن بەرانبەر ڕەوڕەوەی ژیان، هەر کاتێك لە دەستیان بێت، میکرۆب و ئاشووب و دووبەرەکی بڵاودەکەنەوە. قورئانی پیرۆز جوانی وێنا کردوون و دەفەرموێت: (قَدْ بَدَتِ ٱلْبَغْضَآءُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ وَمَا تُخْفِى صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ قَدْ بَدَتِ ٱلْبَغْضَآءُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ وَمَا تُخْفِى صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ) عیمران ١١٨.

**ئەم گوتارە ڕقەکارییە هیچی لە هەگبەدا نییە، تا بتوانێت ببێتە هۆکاری گەشەی شارستانیەت و ئاراستەی ململانێ فەرهەنگی و هزرییەکان بەرەو ئاقارێکی باش و ئەرێنی بەرێت**

لە ڕاستیدا ئەم گوتارە ڕقەکارییە هیچی لە هەگبەدا نییە، تا بتوانێت ببێتە هۆکاری گەشەی شارستانیەت و ئاراستەی ململانێ فەرهەنگی و هزرییەکان بەرەو ئاقارێکی باش و ئەرێنی بەرێت، بەڵکو بناغەی پاشەکشەی کۆمەڵگەیە و ناهاوسەنگی و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتییە و درزی پەرتەوازەیی و بازنەی ڕق و کینە و قبووڵنەکردنی یەکتر فراوان دەکات.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام کۆمەڵێك ڕێسا و بنەمای دارشتووە کە مایەی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و مافی کەمینە و بەرەنگاربوونەوەی تیۆری دەمارگیری و گوتاری ڕقەکارین، کۆمەڵێك چارەسەریشی داناوە بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو شێوازەکانی جیاکاری، هەر جیاکارییەکیش بە هۆی ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوە ڕەت دەکاتەوە. خودای گەورە دەفەرموێت: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) الحجرات ١٣، واتە ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەك دروست کردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بە چەندەها تیرەو هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان بەیەکەوە خۆش بێت. بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەیە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زانا و ئاگایە بە هەمووان.

کەواتە لە تێڕوانینی ئیسلام مرۆڤ سەنتەرە و ئەوەی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە شتێکی ماددەی و ڕواڵەتی نییە، بەڵکو هێزی شاراوەی ڕۆحی و ئیمانە، نەك بە پایەی دونیایی و شوێنی نیشتەجێبوون و هۆز و نەتەوە. ئیسلام ئامانجێتی لە گوتار و ڕەفتاردا باشترین هەڵبژێرن و دەرفەتی دەستی تێکدەر نەهێڵین. خودای گەورە دەفەرموێت: (وَقُل لِعِبادي يَقولُوا الَّتي هِيَ أَحسَنُ إِنَّ الشَّيطانَ يَنزَغُ بَينَهُم إِنَّ الشَّيطانَ كانَ لِلإِنسانِ عَدُوًّا مُبينًا). تەنانەت ئایینی پیرۆزی



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئیسلام گوتاری نێگەتیڤی دەربڕین و هەڕەشە و بریندارکەر و ئاست نزمیشی قەدەغە کردووە. پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەموێت: (مرۆڤی باوەڕدار کەسێکی تانەدەر و نەفرەتکەر و جنێودەر و قسە سووك نییە).
بە کردەیی ئەو هەنگاوەی سەلماندووە لە شاری مەدینە و پەیمانی مەدینەی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارە بە موسڵمان و ناموسڵمان مۆر کردووە و چەمکی هاووڵاتیبوونی کردە بنەمای پەیمانەکە و تا ئێستا ئەم هێڵە گشتییانە بە زیندوویی لە ناو فەرهەنگ و توووراسی ئیسلام ماونەتەوە و دونیا بانگەشەیان بۆ دەکات.

بەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە ئیسلام ئایینێکی تەریبە لە تیۆری و پراکتیکدا ئامانجێتی لە گوتار و کرداردا هیچ دەرفەت و پاساوێك بۆ ئەو هەنگاوە نەمێنێت کە دەبێتە مایەی شێواندنی تەبایی نێوان مرۆڤایەتی کۆمەڵگەکان، یان سەردەکێشن بۆ دەمارگیری، لەمەشدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (لە ئێمەدا نییە کەسێك بانگەشەی دەرمارگیری بکات، یان شەڕ لەسەر دەمارگیری بکات، یان بە دەمارگیرییەوە بمرێت).

لەم نێوەدا ڕێبەرانی ئایینی کۆمەڵەیەکی گرنگ و جەوهەرین بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقەکاری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە زیانبەخشەکانی و بەپێچەوانەوە ڕێزگرتن لە فرەیی، چونکە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە فرەیی لە ڕووی مەزهەب و بۆچوون و کەلتوور و داب و نەریت لەناو کۆمەڵگە بوونی هەیە و سونەتێکی کۆنە و بگرە ویستی خوای گەورەیە: (وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ) هود ١١٨.

کەواتە پێویستە لەم قۆناغە پەیامی ڕووخێنەر و چێنەری بوغز نەهێڵین و دەکرێت چەند خاڵ و هەنگاوێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقەکاری دەستنیشان بکەین:

١. بە دەرفەت زانینی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ گەیاندنی پەیامی مرۆڤدۆستانە و لێبووردەیی ئیسلام.

٢. ڕێزگرتن لە مافی یەکتری و ئازادیی ڕادەربڕین، بەو مەرجەی نەبێتە بەزاندنی سنوور و بریندارکردنی مافی ئەوانی دیکە.

٣. گەڕانەوە بۆ دیالۆگ و گفتوگۆی هێور و لۆژیکییانە و باسکردنی مەترسییەکانی جیاکاری و دەمارگیری.

٤. کاراترکردنی بەرپرسیارێتیی تاك و کۆمەڵگە بە شێوەیەك تاك و خێزان و کۆمەڵگە هۆشیاریی ئەوەیان هەبێت، ڕووبەرووی گوتاری ڕقەکاری ببنەوە.

گوتاری ڕقەکاری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا گوتارێکی بێزراو و ڕێگەپێنەدراوە و بگرە قەدەغە و حەرامە، بۆیە دەبێت هەمووان هۆشیار بن بۆ ئەوەی کیان و وڵاتمان لە ئاگری بێ ڕەحمی ئەم جۆرە گوتارە بە دوور بێت.

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای دارشتووە کە مایەی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و مافی کەمینە و بەرەنگاربوونەوەی تیۆری دەمارگیری و گوتاری ڕقەکارین**

**گوتاری ڕقەکاری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا گوتارێکی بێزراو و ڕێگە پێنەدراوە و بگرە قەدەغە و حەرامە**

قەشە سەمیر عەتاڵڵا

لە کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی کۆن لە پارێزگای دهۆک بۆ گوڵان:

# دڵنیاین و متمانەمان بە حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەیە کە بە بێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی پارێزگاری لە هەموو پێکهاتەکان دەکات

**پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان زۆر پێشکەوتووە و بووەتە جێگەی سەرنجی ناوچەکە و هەموو دنیا، کاتێ داعش پەلاماری مووسڵ و دەشتی نەینەوای دا، سەرۆك بارزانی بڕیار و فەرمانی دا، دەرگا و دەروازەی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو ئاوارەکان بکرێتەوە، جەنابی سەرۆك بارزانی لە هەڵویست و پەیامێکی دیکەیدا بڕیاری دا، هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان لە نووسینەوەی دەستووردا بەشداربن، بۆ ئەوەی بزانین کریستیانەکان چۆن تەماشای ئەو پێکەوەژیانەی هەرێم و هەڵوێست و بڕیارەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی و چەندین پرسی دیکە دەکەن، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ قەشە سەمیر عەتاڵڵا ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە بە شێوەیەکی زۆر جوان سەرنجی ناوچەکە و وڵاتانی دونیای ڕاکێشاوە، ئایا ئێوە چۆن لەم پرسی پێکەوەژیانە دەڕوانن؟**

- پێکەوەژیان لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکاندا لەلایەن خوداوە بە ئەرك و پەیوەندییەکی بنەڕەتی و گرنگ بۆ مرۆڤەکان دانراوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە هەموو تاك و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لەسەر زەویدا بە ئاشتی و ئارامی لەگەڵ یەکتر بژین و مومارەسەی ژیانی خۆیان بکەن، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی نیشتمان و خاکی چەندین نەتەوەی وەك کورد و ئاشووری و ئایینەکانی ئیسلام و کریستیان و جوو و چەندین ئایین و ئایینزای دیکە بووە، لە هەموو کارەسات و خۆشی و ناخۆشی و لە بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و دیکتاتۆرییەتیش هاوبەش بوون، هەر بۆیە ئەم یەکتری قبووڵکردنە بە هەبوونی جیاوازییەکانیشەوە



بووەتە هۆکاری سەقامگیری و لێبووردەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، پێشتریش کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەتی لە دەستپێکردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی ئەیلوولی مەزن بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، ئەو پێکەوەژیان و یەکترقبوولکردنە بەرجەستە بوو، کە بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی شۆڕشگێڕەکان بەشدار بوون لە دژی ئەو زوڵم و ستەمەی ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەبووەوە، هەر لە ئەنجامی ئەو شۆڕشانە و لە ئازاری ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی مەزنی گەلی کوردستان سەری هەڵدا و حکومەت و پەرلەمان و دامودەزگاکانی ئێستای هەرێمی کوردستانی لێ هاتەبەرهەم، ئێستاش بە ڕابەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێکەوەژیان و یەکترقبوولکردن لە کوردستاندا زیاتر گەشەی کردووە و بووەتە نموونەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان بووەتە مایەی دڵنیایی و متمانەمان بە خاك و نیشتمان و حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەم پێکەوەژیانە لە شوێنێك ڕاناوەستێت، بەڵکو بەردەوام گەشە دەکات، وەك ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت کە چۆن بووەتە جێگەی سەرنج و تێڕامانی سەرجەم وڵاتانی دونیا.

*** ئایا خوێندنەوەی ئێوە چییە کە لەو کاتەی تیرۆریستانی داعش پەلاماری عێراقیان دا، بەتایبەتی شارەکانی ناوەڕاستی عێراق و مووسڵ و دەشتی نەینەوا کە کریستیانەکان بەر ئەو شاڵاوە تیرۆریستییە کەوتن و ناوچە و شار و ماڵی خۆیان جێهێشت، لەو کاتەدا جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بڕیار و فەرمانی دا کە هەموو دەرگاو دەروازە و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕووی هەموو ئاوارەکاندا بکرێتەوە و ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن؟**

**به ڕابەرایەتیی سەرۆک مسعود بارزانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن لە کوردستاندا زیاتر گەشەی کردووە و بووەتە نموونەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا**

**ئەم پێکەوەژیانە لە شوێنێک ڕاناوەستێت، بەڵکو بەردەوام گەشە دەکات، وەک ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت کە چۆن بووەتە جێگەی سەرنج و تێڕامانی سەرجەم وڵاتانی دونیا**

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی وەک باوک و کەسایەتییەکی مرۆڤدۆست بڕیاری دا، هەموو سنوور و دەروازەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕووی ئاوارەکانی مووسڵ و دەشتی نەینەوا و شوێنەکانی دیکەدا بکرێتەوە**

**کە کەمپەکان کرانەوە، ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی لە خزمەتکردنی ئاوارەی ناو کەمپەکاندا دیت، تا ئێستاکەش لە کارە خێرخوازییەکانیان لەو کەمپانە بەردەوامن**

- بێگومان لە ٢٠١٤/٦/١٠ کە تیرۆریستانی داعش پەلاماری مووسڵیان دا و داگیریان کرد، ئێمە وەك کریستیانەکان لە دەشتی نەینەواو، بەتایبەت لە قەزای حەمدانییە، ماینەوە و ژمارەیەکی زۆریش نەك تەنیا کریستیان، بەڵکو لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان ڕوویان لە دەشتی نەینەوا کرد، بەڵام داعش هاتە ئەو ناوچە و شوێنانەش، ئەوە بوو هەموو دانیشتووانی ئەو ناوچانە و ئەوەی ڕووشیان لەوێ کردبوو کەوتنە بارودۆخێکی نالەبار و ژیانیان کەوتە مەترسییەکی زۆرەوە، لەو کاتەدا هەر کەس و خێزانێك دەیویست بێتە هەرێمی کوردستان لە بازگەکان پرسیاری ئەویان لێ دەکرا، ئەو ئاوارانە کێن و لە کوێ هاتوون، ئینجا بەرەو ناو هەرێم بەڕێ دەکران، بەڵام لەو کاتەدا جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی وەك باوك و کەسایەتییەکی مرۆڤدۆست بڕیاری دا، هەموو سنوور و دەروازەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕووی ئاوارەکانی مووسڵ و دەشتی نەینەوا و شوێنەکانی دیکەدا بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی لە هیچ کەس و ئاوارەیەك پرسیار بکرێت کە ئێوە چین و لە کوێوە هاتوون، ئەوە بوو کریستیانەکانی ئەو شوێنانە و ئاوارەکانی دیکە هاتنە شارەکانی هەرێمی کوردستان، واتە ئەو بڕیارە حەکیمانەیەی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە هۆی ئەوەی ئاوارەکان ڕزگاریان ببێت لە کۆمەڵکوژیی تیرۆریستان، ئەگەرچی لەو کاتەدا بارودۆخی هەرێمی کوردستان زۆر خراپ بوو، لە ڕووی داراییەوە، بەتایبەت بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان و، هاتنی ئێمەش بۆ هەرێم بارێکی زۆر قورس و زەحمەت بوو، بەتایبەتی لە ڕووی پێشکەشکردنی کارە خزمەتگوزارییەکانەوە، سەرباری ئەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان شوێنی حەوانەوە و پێداویستیی ڕۆژانەی وەك هەنگاوی یەکەم بۆ هەموومان دابین کرد و دەرگای مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان بەبێ جیاوازی بە ڕووی ئاوارەکاندا کرایەوە، ئەو هەڵویست و بڕیارەی کە وای کرد ژیانی سەدان هەزار کەس و خێزان لە کوشتن و کۆمەڵکوژی ڕزگار بکات، هەرگیز ناتوانرێت لە بیر و هزر و ویژدانماندا فەرامۆش بکرێت. هەروەها دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە لە سەرەتادا ڕێکخراوە خێرخواز و مەدەنییەکانی هەرێمی کوردستان شانبەشانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرنامە و پلانێکی جوان پێشوازییان لە ئاوارەکان کرد و شوێنی حەوانەوە و خواردن و خواردنەوە و پێداویستیی ڕۆژانەیان دابین کرد، لە پاشان کە کەمپەکان کرانەوە ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکیی لە خزمەتکردنی ئاوارەی ناو کەمپەکاندا دیت، کە تا ئێستاکەش لە کارە خێرخوازییەکانیان لەو کەمپانە بەردەوامن.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی لە سەرەتای هاتنی ئاوارەکان پێش ئەوەی بچنە ناو کەمپەکان کاریان بۆ ئاوارەکان کرد، ئەویش لە بواری تەندروستیدا، بەتایبەت بۆ ئەو کەس و ئاوارانەی کە نەخۆشیی درێژخایەنیان هەبوو، هەر ئەو کارە خێرخوازییەش بووە هۆی ڕزگارکردنی ژیانی دەیان ئاوارە کە بە دەست نەخۆشیی درێژخایەنەوە گرفتار ببوون، ئەو ڕێکخراوە لە ناو کەمپی ئاوارەکاندا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەر لە خزمەتگوزاریی ژینگەیی تا دەگاتە پەروەردە و فێرکردن و تا دەگاتە دابینکردنی خواردن و ئاو و ئازووقە درێخییان نەکردووە، تا ئێستاش بەردەوامن، دەتوانین بڵێین ئەو دەزگا خێرخوازە فریادڕەسی پاراستن و بەردەوامیی ژیانی ئاوارەکان بووە و پێویست بە بەڵگە و شاهید ناکات، بەڵکو کار و پڕۆژە و خزمەتە مرۆڤایەتییەکانیان هەر لە ناوی پیرۆزی ڕێکخراوەکە دەوەشێتەوە، کە ئەویش ناوی پیرۆزی مەلا مستەفای بارزانیی نەمرە، بێگومان کار و بەرنامەکانی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییەش یەکێك بوو لەو خاڵ و بنەما گرنگانەی کە وای کردووە، پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لە گەشەکردنی بەهێز و زیاتر قووڵبوونەوەی یەکترقبووڵکردن و لێبووردەیی و سەقامگیریدا بێت .

*** ئایا ئێوە وەك کریستیانەکان چۆن سەیری ئەو بڕیارەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەن کە بڕیاری دا هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستاندا بەشداربن، تا خۆیان ماف و بەرژەوەندییەکانیان لە ناو دەستووردا بە یاسا جێگیر بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە لە نووسینەوەی دەستووری هەر وڵات و گەلێکدا دەبێت پێکهاتەکانی لەبەرچاو بگیرێت و ڕاوبۆچوون و مافی پێکهاتەکان ڕەچاو بکرێت لەلایەن پێکهاتەی سەرەکییەوە، لە هەرێمی کوردستاندا پێکهاتەی سەرەکی کوردە بە هەموو ئایین و ئایینزاکانی و لە نووسینەوەی دەستووردا دەبێت ماف و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەموو پێکهاتەکان یەکسان بێت، وەك ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتە سەرەکییەکە، لەم ڕوانگەیەوە لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاری دا کە دەبێت هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە لێژنەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور بەشدار بن و خۆیان ماف و پێداویستی و بەرژەوەندییەکانیان لە دەستوورەکەدا دەستنیشان بکەن و جێگیری بکەن.

*** ئایا لە کابینەی نۆیەمدا بەتایبەت لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی تا چەند ڕەچاوی خزمەتگوزاری و کاروبارەکانی کریستیانەکان و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان کراوە؟**

- گومانی تێدا نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم پێکهاتەکان بە بێ جیاوازی کردووە، بەتایبەتی بۆ ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، لەم ڕووەوە لە نێو وەزارەتی ئەوقاف بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی تایبەت بە کاروباری کریستیانەکانیان دامەزراندووە، کە لەم ڕێگەیەوە داخوازی و داواکارییەکانمان دەگەیەنین، پاشان لەلایەن حکومەتەوە دەخرێتە نێو بەرنامەی کارەوە، واتە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە بەردەوام خزمەتگوزاری و کار و پرۆژەی پێشکەش بە کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان کردووە کە ئەمەش بنەمایەکی دیکەی گرنگیدانی ئەم حکومەتەیە بە پێکەوەژیان، لەپەرلەمانی کوردستانیش کە ئەندام و نوێنەری کریستیان و پێکهاتەکان هەر یەکەی بەپێی خۆی هەیە، لەو ڕێگەیەشەوە توانراوە بە یاسا کاروبارەکانمان ڕێك بخرێت، هەموو ئەمانە وای کردووە، متمانە هەبێت و دڵنیا بین لە حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، کە بە بێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینییەوە پارێزگاریمان لێ دەکرێت.

هەر لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هاتنی قەداسەتی پاپا بۆ هەرێمی کوردستان ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی بوو و تەنیا مەبەستی ئەوە نەبوو کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان ببینێت، بەڵکو بەرجەستەبوونی ئەو ڕاستییە بوو کە دەیویست پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا بە چاوی خۆی ببینێت، ئەوە بوو لە نزیکەوە پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستانی بینی و بووە مایەی خۆشحاڵبوونی، دواجاریش سوپاسنامەیەکی پێشکەش بە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان کرد، بۆ ئەو کار و هەوڵانەیان بۆ هێنانەئارای ئەو پێکەوەژیانە سەرکەوتووە .

*** یەکێك لە ئاماژەکانی گرنگیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خزمەتکردنی زیاتری پێکهاتەکان بڕیاری گۆڕینی عەنکاوە بوو لە ناحیەوە بۆ قەزا، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- بڕیاری جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بە گۆڕینی عەنکاوە لە ناحیەوە بۆ قەزا، یەکێکە لەو کار و پرۆژانەی کە بۆ خزمەتی زیاتری کریستیانەکان پێشکەشی دەکات و جێگەی ستایشە، ئەمە لە ڕووی ئیدارییەوە زیاتر کاریگەری ئەرێنی دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە عەنکاوە و کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان بکات، ئاشکرایە حکومەتی کوردستان بەبێ جیاوازی خزمەت بە هەموو شار و شارۆچکە و گوند و دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، لە لایەکی دیکەوە من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەر تەنیا عەنکاوە نا، بەڵکو هەموو شوێنێکی هەرێمی کوردستان ماڵی کریستیان و هەموو پێکهاتەکانیەتی و لە هەموو کوردستاندا کریستیانەکان ماف و ژیانیان پارێزراوە و مومارەسەی ئایین و پیرۆزییەکانی خۆیان بە باشی دەکەن، واتە هەموو هەرێمی کوردستان بۆ کریستیانەکان وەك عەنکاوەیە.

**لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیاری دا کە دەبێت هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە لێژنەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور بەشدار بن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرجەم پێکهاتەکان بە بێ جیاوازی کردووە، بەتایبەتی بۆ ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان**

**حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە بەردەوام خزمەتگوزاری و کار و پرۆژەی پێشکەش بە کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان کردووە کە ئەمەش بنەمایەکی دیکەی گرنگیدانی ئەم حکومەتەیە بە پێکەوەژیان**

**بڕیاری جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بە گۆڕینی عەنکاوە لە ناحیەوە بۆ قەزا، یەکێکە لەو کار و پرۆژانەی کە بۆ خزمەتی زیاتری کریستیانەکان پێشکەشی دەکات و جێگەی ستایشە**



تەیب زرار شێروانی
بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر:

# هەولێر بووەتە نیشتمانێکی جوان بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان

**ڕێگا نادەین ڕەسەنایەتی و میانڕەویی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی لەناو گەلی کوردستان لەلایەن هەندێک گرووپ و ئاراستەی فکری جیاجیاوە بشێوێندرێت**

**كورد بە پاراستنی ڕەسەنایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ناسراوە و ڕێگای نەداوە ڕەوت و فكری جیاجیا لەو دیو سنوورەكانەوە بێتە ناو كۆمەڵگەكەی، بەڵام لە ئێستادا لێرەو لەوێ هەست بەو جیاوازی و ململانێ و توندوتیژییە لەلایەن هەندێك ڕەوت و فكری جیاجیاوە دەكرێت، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێكی دیكەی پەیوەندیدار بە كەلتووری پێكەوەژیان و لێبووردەیی چەند پرسیارێكمان ئاراستەی تەیب زرار شێروانی بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف و كاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر كرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە ئێستادا كۆمەڵێك فكر و ئاراستەی جیاجیای ئایینی دروست بوون، وەك وەزارەتی ئەوقاف چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن؟**

- ئەو كۆمەڵە و ئاراستە فكرییانە لە ئێستادا دروست نەبوون و پێشتریش هەبوون، هەندێكیان ڕەگ و ریشەیان بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئێستا هەست بە زەقكردنەوەی جیاوازییەكان و بۆچوونەكانیان دەكرێت، بەتایبەتی لەناو سۆشیاڵ میدیا، ئەم دووبەرەكی و ململانێیە لەگەڵ بنەماكانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەرنامەی ئەوقاف ناگونجێت. ئایین و مزگەوت و حوجرە و شوێنە ئایینییەكان جێگەی ئاییندارییە نەك بۆ ململانێی فكری و ئایدیۆلۆژیای ڕەوتی جیاجیا بەكار بهێنرێت و زیان بە پیرۆزییەكانی ئیسلام بگەیەنێت، ئێمە ڕێگا نادەین هیچ كەس و لایەنێك مزگەوتەكان بكاتە بارەگا و بۆ بەرژەوەندیی خۆی و ئەو ڕەوتانە بەكاری بهێنێت و زیان بە تەبایی و ئاشتی كۆمەڵایەتی و یەكدەنگی و یەكڕیزی میللەتەكەمان بگەیەنێت.

*** ئاگادارین كەوا وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی چەندان خولی بۆ ئاشتی و پێكەوەژیان و لێبووردەیی بۆ مامۆستایانی ئایینی كردووەتەوە، ئایا تا چەند ئەم خولانە ئەنجامی هەبووە؟**

- بەڵێ، مادام ئامانج لەم خولانە كە بۆ مامۆستایانی ئایینی دەكرێتەوە، پاراستنی پێكەوەژیان و لێبووردەیی و نیشتمانپەروەری و ژینگەپارێزی و ئاشتیی كۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵكە، بۆیە كاریگەریی پۆزەتیڤی هەبووە، هەر خۆی لە خۆیدا مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵێكی كارا و گەورەیان لەناو كۆمەڵگە بۆ كاری خێر هەبووە.

*** سرووشتی ژیان لە گۆڕانكاری بەردەوامدایە، ئایا مزگەوت و مامۆستایانی ئایینی دەتوانن چ ڕۆڵێك لە كۆمەڵگەدا بۆ ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی و پێكەوەژیان بگێڕن؟**

- لەناو كۆمەڵگەی كوردستانی كە زۆرینە موسڵمانن، مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی گەورە و دیاریان هەبووە، خۆ ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی سیاسی و ئەدەبی و هونەری و كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەی كوردی بدەینەوە، ئەوا زۆرینەی هەرە زۆری شاعیر و ئەدەبیان و سیاسییەكانیش مەلا و زانای ئایینی بوون، لە ئێستاشدا مەسەلەی دینداری و پابەندبوون بە ئایین و قسەی پیاوانی ئایینی ڕووبەرێكی زۆری لە بیر و ئەندێشەی تاكی كورد وەرگرتووە، بۆیە دەمانەوێت ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لەم بارەیەوە زۆر زیاتر بێت و قووڵتری بكەینەوە. بەداخەوە هەندێك پرس لە دوای هاتنی داعش بەلاڕێدا دەبرێن، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان بەسەر هەموو ئەو هەوڵانەدا زاڵ بووە.

*** ئایا مەبەستت بیری توندڕەوییە كە ڕووبەڕووی هەر كۆمەڵگەیەك ببێتەوە، لەناوی دەبات؟**

- ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف دەركمان بە مەترسیی توندڕەوی كردووە، ئەم پرسە نامۆیە بە كەلتوور و ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بۆیە ئێمە لە ڕێگەی بۆردی باڵای وتار لە وەزارەتی ئەوقاف هەوڵی جددی دەدەین بۆ یەكخستنی وتاری هەینی، كە زیاتر لە ملیۆنێك كەس ڕاستەوخۆ لە نوێژی هەینی لە سەرتاسەری كوردستان ئامادە دەبن. خول و وۆركشۆپەكانمان بۆ پاراستنی فكری میانڕەوی و پێكەوەژیان

ئایین و مزگەوت و حوجرە و شوێنە ئایینییەكان جێگەی ئاییندارییە نەک بۆ ململانێی فكری و ئایدیۆلۆژیای ڕەوتی جیاجیا بەكار بهێنرێت و زیان بە پیرۆزییەكانی ئیسلام بگەیەنێت

ئامانج لەم خولانە كە بۆ مامۆستایانی ئایینی دەكرێتەوە، پاراستنی پێكەوەژیان و لێبووردەیی و نیشتمانپەروەری و ژینگەپارێزی و ئاشتیی كۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵكە

**هەندێک پرس لە دوای هاتنی داعش بەلارێدا دەبرێن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر هەموو ئەو هەوڵانەدا زاڵ بووە**

**ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف دەرکمان بە مەترسیی توندڕەوی کردووە، ئەم پرسە نامۆیە بە کەلتوور و ئاینی پیرۆزی ئیسلام**

**ڕێگای یاسایی دەگرینەبەر دژی هەر هەوڵێکی نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پێکەوەژیان**

**حوجرەکان بە یاسا ڕێکخراون و ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە پێگەیاندنی فەقێیان و پێدانی مۆڵەتی زانستی و بەرهەمهێنانی مامۆستای کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و میانڕەو**

و پاراستنی بەها جوانەکانی کوردەواری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەرییە، لە هەمان کاتدا ڕێگای یاسایی دەگرینەبەر دژی هەر هەوڵێکی نامۆ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پێکەوەژیان. هەوڵ دەدەین ڕاستەوخۆ بەشدار بین لە هەموو بۆنە و یادێکدا کە پەیوەست بێت بە مزگەوت و حوجرە و بنکەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، هەر وەکو چۆن هەوڵ دەدەین بە باشترین شێوە لە خزمەتی مامۆستایانی ئایینی و مزگەوت و حوجرە و هەموو شوێنە ئایینییەکاندا بین.

*** باسی حوجرەت کرد، پێت وانییە لە ئێستادا کۆمەڵێك ناوەندی ئەکادیمی هەن، کە دەکرێت ئەم ناوەندانە بتوانن پێگەیەنەرێکی باش بن، لەلایەکی دیکەوە ئەو هەموو بنکانەی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز کە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن بۆ چییە، لە کاتێکدا مزگەوت و حوجرەی زۆر هەن کە دەکرێت بەو ڕۆڵە هەڵسن؟**

- کاری من نییە هەڵسەنگاندنی ئەو ناوەندە ئەکادیمییانە بکەم، بەڵام ئێمە بە چاوی ڕێزەوە لە حوجرەکان دەڕوانین و پێمان وایە لە ڕێگەی حوجرەکانەوە مامۆستایانی ئایینی توانیویانە سەرکردایەتیی جووڵانەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد بکەن و پارێزەری زمان و ئەدەبی کوردی بوون، حوجرەکان بە یاسا ڕێکخراون و ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە پێگەیاندنی فەقێیان و پێدانی مۆڵەتی زانستی و بەرهەمهێنانی مامۆستای کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و میانڕەو. کاری بنکەکانی فێربوونی قورئانی پیرۆز جیاوازە لە کاری مزگەوت و حوجرە، بنکەکان بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێن، ئافرەتانێکی زۆر دابڕاون لە خوێندن و خوێندەواری و تەنانەت لە پشووەکاندا قوتابییەکی زۆر ڕوو لەو بنکانە دەکەن بۆ فێربوونی قورئانی پیرۆز و ئادابە گشتییە ئایینی و کەلتوورییەکان.

*** لە وەزارەتی ئەوقاف نوێنەری پێکهاتە ئایینییەکان هەیە، دەپرسین وەزارەتی ئەوقاف چی بۆ لێکتێگەیشتن و لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتەکان کردووە، بەتایبەتی کە لە عێراقەوە ئایینزاکان پەنایان بۆ هەولێر و کوردستان هێناوە؟ ئایا بەرنامەیەکتان بۆ پاراستنی ئەم فرەییەی ئایینی و نەتەوەیی هەیە؟**

- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەردەوام کاری کردووە لەسەر قووڵکردنەوە و پتەوکردنی نێوان ئایین و ئایینزاکان، هەروەکو چۆن پەیڕەوانی ئایینی ئازادانە ئاییندارى خۆیان دەکەن و ڕێز لە بۆنەکانیان دەگرین و بەشدارییان لەگەڵدا دەکەین و بە توندی ڕووبەڕووی هەموو هەوڵێکیش دەبینەوە بۆ دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە.

سەبارەت بە تەوەریی دووەمی پرسیارەکەتان، لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە کۆنەوە لەکوردستان هەیە و بووەتە کەلتوور و نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەشەوە خەڵکانێك پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، چونکە دەزانن لێرە پارێزراو دەبن، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین دەبێت گرنگیی زیاتر بەم فرەییە ئایینی و نەتەوەییە بدرێت، کە پاراستنی ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و کەلتووری نەتەوەکەمانە و لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمەکەمان. ئەوەتا هەولێر بووەتە پارچەیەکی جوانی ژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، هەمووان یەك چارەنووسیان هەیە و بژاردەی دیکەمان نییە، دەبێت بە هەمووان پارێزگاری لەو کەلتوورە ڕەسەنە بکەین.

*** دەڤەری بارزان بە سەرچاوەی پێکەوەژیان لە قەڵەم دەدرێت، باس لەوەش دەکرێت شێخانی بارزان بەرگرییان لە کریستیان، جوو و نەتەوە و ئایینزاکانی دیکەش کردووە، ئێوە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی تاچەند تەرجومەی ئەو بیروباوەڕەتان کردووە؟**

- دەڤەری بارزان و مێرگەسۆریش وەکو ناوچەکانی دیکە کاریگەریی ئەو کەلتوورە جوانەی کوردستانیان لەسەرە، لەوێ لەژێر ڕێنمایی و پرەنسیپەکانی شێخە یەك لە دوای یەکەکانی بارزان و پابەندبوونی عەشیرەتەکانی ئەو سنوورە هەمووان ڕێزلێگیراون و پێکەوەژیان دەکەن و مرۆڤ و ژین و ژینگە بەهایەکی یەکجار جوانیان هەیە، لەژێر چەتری شێخەکانی بارزان ڕێگا نەدراوە کەس لەبەر جیاوازیی ئایینی، یان نەتەوەیی غەدر و هەڕەشە لە هیچ کەسێك بکات، ئەو ناوچەیە بووەتە ڕەمزێك بۆ پێکەوەژیان، ئێمەش لە وەزارەت ڕێك دەمانەوێت ئەو نموونە جوانە لە کوردستان بڵاوبکەینەوە.



*** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی پاراستن و بەرفراوانکردنی سیما و دیمۆگرافیای ئەو ناوچەیانەیە کە پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەییەکانی تێدا دەژین، بۆ نموونە لە سنووری پارێزگای هەولێر ناحیەی عەنکاوەی کردە قەزا و بایەخی زۆری پێ دەدات. ئایا ئێوە چۆن سەیری پاراستنی ئەم سیما و دیمۆگرافیایەی ناوچەکە دەکەن؟**

- ئێمە زۆر پەرۆشین بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کەلتووری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، لەسەر داوای ئایینزاکانیش هەردەم سیما و دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە دەپارێزین و تایبەتمەندییان لەبەر چاو دەگیرێت و وەکو هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان خزمەت دەکرێن.

*** سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە نابێت بە پەیڕەوانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بوترێت «کەمینە»، ئەو بۆچوونەی سەرۆك بارزانی ئایا لە پێکهاتە و هەیکەل و یاسا کارپێکراوەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕەنگی داوەتەوە؟**

- ئەو بڕیارەی سەرۆك بازرانی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کەمیی ژمارەی پەیڕەوانی ئایینی و نەتەوەیی لە ڕێز و پێگەیان کەم ناکاتەوە، ئەوەتا هەر لە ناوی وەزارەتەوە کە پێشتر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بوو، بووە ئەوقاف و کاروباری ئایینی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تایبەت بە کریستیانەکان و ئێزدییەکان و نوێنەری جووەکان و زەردەشتی و کاکەییەکان و سابیئەی مەندائی و تادوایی بوونیان هەیە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینیە، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی ئەو فەرمانەی جەنابی سەرۆك بارزانین.

*** هەولێر بووەتە نیشتمانێکی بچووك بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان و تەنانەت بۆ نەتەوە و پەیڕەوانی ئایینزاکانی عێراقیش، ئەم تایبەتمەندییە تا چەند ئەرکی ئێوەی قورستر کردووە؟**

- هەولێر لە کۆنەوە بەوە ناسراوە کە تێیدا هەست بە غەریبی ناکەیت. کورد و تورکمان و عەرەب و موسڵمان و کریستیان و جوو لەم شارە پێکەوە بوون و ڕێزلێگیراو بوون، لە ئێستادا لە هەولێر کورد و تورکمان و عەرەب و ئاشووری و کلدانی و فارس و دەیان نەتەوە و چەندین ئایین و ئایینزای تێدا دەژی و لەلایەن دەسەڵات و یاساوە بە یەك چاو سەیر دەکرێن و کەس هاووڵاتی پلە یەك و دوو نییە، ئەمە ئەرکی قورس نەکردووین، چونکە سرووشتی خەڵکی هەولێر پارێزەری ئەو پێکەوەژیانەیە و ئەوان داکۆکی لە نەتەوە و ئایینزاکان دەکەن.

**نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەشەوە خەڵکانێک پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، چونکە دەزانن لێرە پارێزراو دەبن**

**لەژێر چەتری شێخەکانی بارزان ڕێگا نەدراوە کەس لەبەر جیاوازیی ئایینی، یان نەتەوەیی غەدر و هەڕەشە لە هیچ کەسێک بکات**

# مەلاییێن کوردپەروەر د ناڤ جڤاکی دا ب سەنگ و رومەتن

(مەلا) رێینشاندەرێ رێکا راست ودورستە بو مروڤی وجڤاکێ ئەو رێکا مروڤ ل دونیاییێ پێ سەرفەراز دبیت ول ئاخرەتێ ژی پاداشتێ خوە ژ خودایێ خوە وەردگریت ود چیتە خوشیا بەهشتێ.

لەوما ئەرک وکارێ (مەلایی) ب ئایینی و دونیاییێ ڤە د هێتە گرێدانێ، چونکو (مەلا) ئایینێ خودێ نیشا جڤاکی دکەت، وئایین ژی رێکا خودێ یە و دبیتە ئەگەرێ سەرفەرازیا مروڤی وجڤاکی ل دونیاییێ ول ئاخرەتێ.

(مەلاییێن کوردستانێ) خزمەتا ئایینێ ئیسلامێ دکر ود هەمان دەم دا خەباتا وەلات ومللەتێ خوە ژی دکر، و(مەلاییێن کوردپەروەر) وەسا د دیت کە گرێدانا ئایینی ب مللەتینییێ ڤە رێکا سەرفەرازیێ یە دا مللەت رزگار ببیت و وەلات ئازاد ببیت، چونکو هەکە جڤاک یێ ساخلەم نەبیت ومروڤ تێدا یێ ئاڤاکەر نەبیت پاشەروژا مللەتی دێ بەرزەبوون وهەرفین بیت، وهەکە (مەلا) بەرەڤانی ژ مافێن وەلاتیان وبەرژەوەندیا جڤاکی نەکەت و ببیتە داردەستێ دەستهەلاتا-نەدادپەروەر- بێگومان دێ سەنگا خوە ژ دەست دەت وبهاییێ وی زور دێ هێتە خاری و چ رومەت بو نامینیت.

فەرە (مەلا) پێگیری ئایینێ خودێ بیت وحەز ژ وەلات ومللەتێ خوە بکەت وبەرەڤانییێ ژ مافێن وەلاتیان وجڤاکی بگشتی بکەت وەک پێشمەرگەیەکێ نیشتیمانپەروەر ودلسوز وخەمخور وهووسا دێ بیتە (مەلایەکێ کوردپەروەر ونیشتیمانپەروەر) و دێ د ناڤ جڤاکێ کوردستانێ دا ب رومەت کەڤیت ودێ سەنگا خوە هەبیت ودێ گوهداریا ئاخفتن وپەیڤا وی هیتە کرن، هەروەسا دێ رێزەک زور هەژی لێ هێتە گرتن.

ئێک ژ نموونێن ڤان (مەلاییێن نیشتیمانپەروەر) ودلسوز بو ئایینی وخەمخور بو جڤاکی خودێ ژێ رازی: ماموستا (مەلا علی مەلا نبی صالح میرخان گەرماڤی ١٩٥٣- ٢٩/٦/ ٢٠٠٦) بوو چونکو:

١. مەلایەکێ زور پێگیر بوو ب رێنماییێن قورئانا پیروز وحەدیسێ ویێ گرێدایی خێرێ وقەنجیێ بوو، عەقیدەیەکا پاقژ وبژوین هەبوو، (موزایەدە) ل سەر ئایینێ خودێ قەبوول نەدکر، وبەرەڤانکەرەکێ زیرەک و وێرەک بوو ژ موسلمانەتیێ.

٢. مروڤەکێ راستگوو بوو دگەل هەڤال ونەیاران د گەل دوست ونەحەزان.. یێ دەق ودەق بوو، ئاخفتنا راستیێ دگوت هەکە خوە دژی وی بخوە بایە و زیانا وی بخوە یا کەسایەتی ژی تێدا بایە خوە ژ راستیێ نە ددا پاش و(چەپەرێ راستیێ) بەرنەددا.

٣. مەلایەکێ مروڤخواز وئاشتیخواز بوو، هەڤالێ باشێن هەمی تەخ وچینێن جڤاکی بوو، لێبورین وپێکڤەژیان دروشمێ وی یێ ب کریار بوو، کەسەکێ خێرخواز ودلوڤان بوو ئانکو مروڤایەتی سالوخەتێ هەرە دیارێ وی بوو هەتا وەغەر کری.

٤. زانایەکێ تێگەهشتی وخودان شیان بوو، بەردەوام د زڤروکا خواندنا دا بوو، جار وانە دگوتن وماموستا بوو، وجار دیڤچوون وڤەکولین دکر هەتا ماجستێر و دکتورا ژی خواندی، وب بەلگە رایا راستەقینە وەردگرت، چونکو ئەوی بخوە ژی دیتن وبوچوون وتێبینیێن خوە هەبوون.

٥. مەلایەکێ مەرد ونانده ودلفرە بوو، هەردەم کوچکا وی یا تژی مێهڤان وپری مروڤ بوو ژ خویانیا وبیانیا، وب ڤێ چەندی زور یێ کەیفخووش و بەختەوەر بوو وجهێ دلرەحەتی وشانازییا وی بوو.

٦. مەلایەکێ جڤاکی وسەردەمی بوو، خوە ل بابەت وکێشێن جڤاکی یێن روژانە دکرە خودان، ول دویف شیایان بزاڤا چارەسەرکرنێ ددا، و د پەیڤا روژا ئەینیێ ژی دا ل سەر مینبەرا مزگەفتێ ل دور بابەتێن ئایینی یێن گرێدایی رویدان ودیاردە و روژانێن جڤاکی د ئاخفت و ریکا راست و دروست بو نڤێژکەران دیار و بەرچاڤ دکر.



پ.هـ. د. حەمید باقی
بۆ گولانی نووسیوه

٧. هەڤالشرین وجڤاکدوست بوو، مروڤەکێ وەفادار و خێرخواز و هاریکار بوو بو هەڤال ودوستێن خوه وبو جڤاکی بگشتی، زور یێ ب مروڤانی وب دلوڤانی بوو، بەردەوام سەرەدانا هەڤال و زانا ونەخوش و بریندار ولێقەومایان ومالباتێن شەهید و وەغەرکریان دکر.

٨. زور سادە (متواضع) بوو، چ خوه مەزنکرن ل دەف نەبوو، کاروبارێن مالێ ورەزڤانی وچاندن وکولان وچنین وی بخوه دکر.

٩. ژ خوەشەرم وب رێزگرتن بوو، خودان رەوشتەکێ بلند بوو، چ جاران خوه نە شکاند ود چەماند بەرامبەری پارەی وهەر بەرژەوەندییەکێ، بەلکو یێ خوراگر بوو ومروڤەکێ سەبرکێش بوو ل سەر ئاستەنگێن ژیارێ ونەخوشیێن ژیانا دونیایێ.

١٠. خودان هەلویست و رول بوو، دەربارا ئەو بابەتێن د هاتنە بەر سینگێ ئێکەتیا زانایێن ئایینی ومەلایان خوه کەڕ وبێ دەنگ نە دکر، بەلکو دیتن وبوچوونا خوه هەبوو و دیار دکر وبابەت چەند یێ هەستیار ژی بایە ئاخفتنا خوه دکر وهەلویستێ خوه زور ب شارەزایی وب ئاشکەرایی بەرچاڤ دکر.

١١. زور دەستپاک وسەرکەفتی وسەربلند بوو د ناڤ دەزگەهێ (ئێکەتیا زانایێن ئایینی) وجهێن دی دا، کە دەستپاکی بگشتی گرنگترین تاقیکرنە بو هەر خودان بەرپرسایەتیەکێ، چونکو زور کەس تێدا ب سەرناکەڤن وژێ دەرناچن و(ساقط) دبن د چاڤێن جڤاکی دا ژ بەر گەندەلیێ!.

١٢. بوو حەز ژ تێکڤەدانێ وژێکڤەبوونێ وکوتلانێ نە دکر، بەلکو دلەکێ پاقژ وسافی هەبوو وهەمی دەمان پالێ ئێکرێزیێ وئێکگرتنێ بوو، وبەردەوام د گوت: تەنها ئێکگرتنە رێکا سەرکەفتنێ وگەهشتنا ئارمانجێن پیروز (وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ).

١٣. بەرنیاس وخودان پێوەندیێن بەرفرەهـ بوو، وخودان دوست وناسیار بوو ل سەر ئاستێ کوردستانێ و دەرڤە ژی.

١٤. مەلایەکێ رێبەر وسەرکێش وخودان کەسایەتیەکا بهێز بوو، د دەلیڤێن تەنگاڤ دا خوه نە ددا پاش وژ بەرپرسایەتییێ نە د رەڤی، بەلکو ملێ خوه دا بەر تەنگاڤیێ وسەرکێشیا هەڤالێن خوه دکر، وپێنگاڤێن دروست د هاڤێتن بو چارەسەرییێ وقورتالبوونێ ژ تەنگاڤیێ وئاستەنگێ.

١٥. مەلایەکێ نیشتیمانپەوەر بوو، یێ گرێدایی وەلات ومللەتێ خوه ڤە، خودان هەلویست و وژدان بوو دەربارا دوزێن وەلاتی ومافێن مللەتی، چ جاران دوودلی نەدکر د بوارێ دوز ومافێن رەوا وعادیلانە دا، بەلکو وەک پێشمەرگە وپارێزەر ومەلایەکێ کوردپەروەر بەرڤانی ژ مافێن گەلێ کوردستانێ دکر.

١٦. پشتەڤانی بەرژەوەندیێن جڤاکی بوو، وبەرەڤانی ژ مافێن وەلاتیان دکر، وئەڤ چەندە زور ب زیرەکی وب شارەزایی ل سەر منبەرا مزگەفتێ دگوت ودکر، هەروەسا د کومبوونێن د گەل بەرپرس ودەستهەلاتی ژی دا بخوه ب دەرفەت د زانی بەرڤانییێ ژ مافێ وەلاتیان وبەرژەوەندیێن جڤاکی بکەت زور ب مێرانی وبێ ترس ورەجفین.

١٧. ژ خودێترس وب تەقوا بوو و مزگەفت خوشترین جهێ رحەتیا دلێ وی وئارامیا دەرونێ وی بوو، ب تایبەتی دەمێ قورئانا پیروز دخواند و وانە دگوتن وشیرەت دکرن، وب دەهان جاران سەرەدانا مالا خودێ کربوو وچوبوویە (حەجی و عومرێ).

ژ بەر ڤان خالێن ل سەری هاتینە دیار کرن ماموستاییێ خودێ ژێ رازی (مەلا علی گەرماڤی) رومەتەکا زور مەزن وسەنگەکا گەلەک هەژی د ناڤ جڤاکی دا هەبوو، چونکو خوه ددەینا ئێک ژ جڤاکی وخزمەتکارێ جڤاکی- روحا وی ل بەهشتێ شاد وئارام بیت- وخودێ مەلایێن وەسا د ناڤ مللەتێ مە دا پەیدا بکەت.

## ناسک مەولوود:

# ئاواتم ئەوەیە براندی تایبەت بە خۆم و کارگەیەکی گەورەی دروومانم هەبێت و دەرفەتی کارکردن بۆ چەندین کەس برەخسێنم

**ئافرەتان بە گشتی توانایەکی لە ڕاددەبەدەریان هەیە و دەتوانن لە یەك کاتدا چەندین کار و فرمان بە یەکەوە ئەنجام بدەن و، لە هەموو کارەکانیش سەرکەوتوو بن، ئەو کاتانەش کە خێزان هاوکار و پاڵپشتی ئافرەت دەبێت، سەرکەوتنەکانیان گەورەتر دەبێت.**

**ناسك مەولوود دانیشتووی هەولێری پایتەختە و ساڵانێکە لە بەشی نەشتەرگەری کاری پەرستاری دەکات، هاوکات دیزاینەرێکی پەنجە ڕەنگینە و کاری دروومانی جلوبەرگ دەکات. لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە سەرگوزشتەی ژیانی پیشەیی خۆی بۆ خوێنەران دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ناسك مەولوود لە ساڵی ٢٠١٠ پەیمانگەی پزیشکی بەشی پەرستاری تەواو کردووە، لە بەشی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی هێلینای تایبەت بە چارەسەرکردنی منداڵە ناکام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کاری پەرستاری دەکات، شانبەشانی کاری پەرستاری بە هاوەڵی هاوژینەکەی دووکانێکی گەورەی فرۆشتنی قوماش و دروومانی جلوبەرگ بەڕێوە دەبات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئافرەتی سەردەمی ئێستا زۆر ماندووترن، بە تایبەت ئەگەر ئافرەتەکە لە دەرەوەی ماڵ کار بکات.هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئافرەتی کورد لە هەموو سەردەم و بارودۆخێکدا کاری کردووە و هاوکاریی پیاوی کردووە، بۆ بارودۆخی ئێستاشمان کارکردنی ئافرەت نەك پێویستە، بگرە زۆر زۆر پێویستە، هەر خێزانێك بە تایبەت لە سەرەتای دروستکردنی خێزان، ئەگەر ئافرەتەکە کارێك و داهاتێکی نەبێت، ژیانیان زۆر قورس دەبێت، زۆر جار پیاوەکە ناتوانێت بە تەنیا هەموو پێداویستیی ماڵ فەراهەم بکات و دەرەنجام کێشە و گرفت ڕوویان تێ دەکات، لەبەر ئەوە بۆ بارودۆخی ئێستا کارکردنی ئافرەت زۆر بە پێویست دەزانم»، گوتیشی: «هەمیشە گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئافرەتانی پێشوو لە ئێمە ماندووتر بوون، بەڵام من پێموایە ئافرەتی سەردەمی ئێستا زۆر ماندووترن، بە تایبەت ئەگەر ئافرەتەکە لە دەرەوەی ماڵ کار بکات، چونکە ئافرەتی کارمەند کە هاتەوە ماڵەوە، ئەرکەکانی لێی دانابڕێن، ئەو کەیبانووی ماڵە هاوسەرە و دایکە و پەروەردەکارە و تەنانەت لە ڕاڤەکردنی وانەکانی قوتابخانە یارمەتیی منداڵەکانی دەدات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئافرەت کە خاوەن داهات و پیشەی خۆی بوو، بڕوای زیاتری بە تواناکانی خۆی دەبێت و هێزی بەرەنگاربوونەوەی ماندووبوون و هیلاکیشی زیاتر دەبێت».

**ئافرەتی سەردەمی ئێستا زۆر ماندووترن، بە تایبەت ئەگەر ئافرەتەکە لە دەرەوەی ماڵ کار بکات**

**ئافرەت کە خاوەن داهات و پیشەی خۆی بوو، بڕوای زیاتری بە تواناکانی خۆی دەبێت و هێزی بەرەنگاربوونەوەی ماندووبوون و هیلاکیشی زیاتر دەبێت**

ناسك مەولوود بەمجۆرە باسی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار کرد: «هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای کاری دروومانم بوو، هاوکات کارکردنم بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیش پێویست بوو، دەستی شێوەکاری و وێنەکێشانیشم هەبوو، ئەوەش زۆر یارمەتی دام بۆ پێشخستنی کارەکەم، بە تایبەت لە کاتی دیزاین و نەخشکردن، ئەگەرچی سەرەتای دەستپێکردنی هەر کارێك هێندە ئاسان نییە، بەڵام هەر کارێك کە خولیات بوو و بەردەوامیت پێ دا، بە دڵنیاییەوە تێیدا سەرکەوتوو دەبیت».

ئەو خاتوونە زیاتر باسی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت: «بە حوکمی ئەوەی لە ڕابردوودا زۆربەی ئافرەتەکان مەکینەی دروومانیان بۆ کاروباری خۆیان هەبوو و، زۆربەی ئافرەتانیش کەم تا زۆر دەستی دروومانیان هەبوو، دایکیشم یەکێك بوو لەو ئافرەتانە و مەکینەیەکی جۆری پەپوولەی هەبوو، زۆرجار دەستکاریم دەکرد و شتم پێی دەدووری، تەنانەت چەند جارێکیش دەرزیم لە دەستی خۆم داوە، بەڵام ئەو حەز و خولیایەی منداڵیم گەشەپێ دا و دانەبڕام، تا گەیشتمە ئەو ئاستەی کە ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبم، کارەکەی خۆمم زۆر خۆش دەوێت و هەمیشە لە کارەکەم هەوڵم داوە تازەگەری بکەم و داهێنانم هەبێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ



کەسانی هاوپیشەم جیاواز بم. من یەکەم جار لە ماڵەوە دەستم پێ کرد، سەرەتا جلوبەرگم بۆ بوکەڵەکانم دروست کرد، دواتر بۆ ئەندامانی خێزانەکەم، لە ئێستاشدا شوێنی تایبەت بە خۆمم هەیە و تمووحم زۆرە و ئاواتم ئەوەیە کە براندی تایبەت بە خۆمم هەبێت، کارگەیەکی گەورەی دروومانم هەبێت و دەرفەتی کارکردن بۆ چەند کەسێك بڕەخسێنم».

گوتیشی: «من وەکو خۆم کە هەم دایکم و کچ و کوڕێکی دووانەم هەیە کە تەمەنیان ١٤ ساڵە، هەمیش پەرستارم و ئەرکی خزمەتکردنی نەخۆشم لە ئەستۆدایە، ئەگەر هاوکاری و یارمەتیی خێزانەکەم بە تایبەت هاوژینەکەم نەبێت، ناتوانم کارەکانم ڕایی بکەم، ئەو هەمیشە هاوکارمە لە ڕێپەڕاندنی کارەکانم و کارئاسانیی زۆری بۆ کردووم و لەم دووکانە بەیەکەوە کار دەکەین، هەروەها دایکم و منداڵەکانیشم زۆرجار یارمەتیم دەدەن، دەتوانم بڵێم لە هەندێك کار یارمەتیم دەدەن و لە هەندێکیش چاوپۆشی دەکەن، بەیانیان لە نەخۆشحانەم، نیوەڕۆ کە دەگەڕێمەوە ماڵەوە کارەکانی ماڵەوە ڕادەپەڕێنم و بە هەماهەنگی خێزانەکەم هاوسەنگییەکی باشم ڕاگرتووە، بە هەمان شێوە لە دووکانەکەش هەموومان بە یەکەوە کار دەکەین».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا لە نێوان پەرستاری و دیزاینەری کامەت خۆشتر دەوێت؟ ناسك مەولوود گوتی: «زۆر جار ئەو پرسیارەم لێ کراوە، من بەشبەحاڵی خۆم هەر دوو کارەکەم خۆش دەوێت، بەڵام کاری دروومان خەون و خولیای ئێستا و ڕابردووشمە، هەموو کارێکیش گرفتی هەیە، بەڵام زۆر کەم ڕووبەڕووی کێشە و گرفت بوومەتەوە لەگەڵ کڕیارەکانم، لە بەرنامەی کارەکانمدا هەیە کە خولی فێرکاری بۆ گەنجان بکەمەوە، بەڵام بە هۆی سەرقاڵیم تا ئێستا ئەو هەلەم بۆ نەڕەخساوە».

ناسك مەولوود لە کۆتایی وتەکانیدا سەبارەت بە جۆری کارەکەی خواستی کڕیاران گوتی: «هەموو جۆرە جلێك دەدوورین، جلی کوردی و مۆدە و جلی ئاهەنگەکان، هەروەها قوماشیش دەفرۆشین، جلوبەرگی کوردی خواستی زۆری لەسەرە تەنانەت عەرەبی عێراقی و مەغریبی و ئوردنیش جلی کوردیم بۆ دووریون، جگە لە جلی کوردی تایبەت بە باشووری کوردستان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش خانمان سەردانم دەکەن و بە شێواز و دەستووری جلوبەرگی کوردی هەولێری جلوبەرگەکانم بۆ دروست کردوون، لە ئێستادا جلوبەرگی کوردی زیاتر لەسەر مۆدێلی کۆن دروست دەکەین و ئەو مۆدێلە کۆنانە لەلایەن خانمانەوە خواستی زۆری لەسەرە».

**هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای کاری دروومانم بوو، هاوکات کارکردنم بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیش پێویست بوو**


**هەر کارێک کە خولیات بوو و بەردەوامیت پێ دا، بە دڵنیاییەوە تێیدا سەرکەوتوو دەبیت**

# لە کۆی زیاتر لە(١١٧) هەزار بەشداربووی تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی، یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان قوتابیی قوتابخانە حکوومییەکان بوون



دوای ئەوەی لێژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی، یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستانی ئاشکرا کرد، سەرەنجەکان زیاتر لەسەر ئەوەربوون کە یەکەمەکان لە قوتابخانە حکوومییەکان بوون. مامۆستایەکی زانکۆش ئاماژە بەوە دەکات کە گرنگیدانی ڕێزادار سەرۆك وەزیران کاك مسرور بارزانی بە خەڵاتکردنی قوتابییە یەکەمەکان و پێدانی سوکۆڵەر شیپ لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك نێچیرڤان بارزانی دەورێکی باڵای لە هەوڵدانی بەردەوامی قوتابییان بۆ پێشبڕکێکردنیان لە داوڕۆژدا دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان شرۆڤەی زیاتری ئەو بابەتە دەکەن.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



پ. ی . د. نادیە تەلعەت سەرۆکی بەشی جوگرافیا، کولێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بەپێی ڕێککەوتننامەی ئیلیسکۆ کە لە ساڵی ١٩٦٠ بەسترا و زیاتر لە ١٠٠ وڵات تێیدا بەشدار بوون، کە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بوو، یەکێك لە پڕۆگرامەکانی وا دانرا، مافی خوێندن وەك مافێکی مرۆڤ دەستنیشان کراوە و هەموو کەسێك ئازادە لە خوێندن و پێویستە خوێندن و کەرتی پەروەردەی خوێندن لە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەتا دەگاتە زانکۆ و تەواوکردنی خوێندنی باڵا و بڕوانامەی دیپلۆم و ماستەر و دکتۆرا بە خۆڕایی بێت و، دەبێت بۆ هەمووان بێت، هەروەها بۆ گەشەپێدانی پەروەردە و زانست بەشداریکردن دەبێت مافی هەمووان بێت، وڵاتانی عەرەبی و عێراقیش تێیدا بەشدار بوون، ئێستاش بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، مافی خوێندنی بە خۆڕایی لە کەرتی پەروەردە لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی باڵا بە خۆڕاییە»، هاوکات دەڵێت:

«بەپێی بیر و ڕای من پێویستە سیستمی پەروەردە بە هەر دوو شێوازی حکوومی و ناحکوومی(چ بە سیستمی خۆڕایی، یا پارالێل) بە شێوازێکی پەروەردەیی پێشکەوتوو و بە بەکارهێنانی تەکنیکێکی پڕۆفشناڵ بێت، واتە بە کوالێتییەکی بەرز و زۆر باش بێت، کە ببێتە مایەی پەرەپێدانی تەواوی کەسایەتیی تاکی کورد لە ڕووی جەستەیی و، بەدەستهێنانی زانیاری بۆ بەهرەدان بە تواناکانی و دەربارەی ئەو پرسیارەی کەوا یەکەم و دووەم و سێیەمی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانە حکوومییەکانە، بە مانایەکی دی، ئەو قوتابییانەی کەوا پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم بەدەست دێنن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە بنەماڵە هەژارەکانن، ئەمەش بەپێی بیر و ڕای من دەگەڕێتە بۆ ئەوەی کە زۆربەی زۆری قوتابییەکانی بنەماڵە هەژارەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان کە پلەیەکی بەرز بە دەست دێنن، خوێندن تاگە ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی تەواوی کەسایەتیی خودی قوتابییەکە و پایەیەکە لە پایەکانی ژیان




د. نادیە تەلعەت:

**ئەو قوتابییانەی کەوا پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم بەدەست دێنن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە بنەماڵە هەژارەکانن**



ڕۆزار ئەحمەد:

**دەبێت پەروەردە خەڵاتی قوتابخانە و مامۆستاکانیش بکات، لە پای ئەم دەستکەوتە و ڕێگەی تۆکمە و یاساییان لەمەڕ دزەکردنی پرسیارەکان گرتەبەر**



عیسا بۆتانی:

**یەکەمبوونی قوتابییانی قوتابخانە حکوومییەکان متمانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی گەڕاندەوە، کە قوتابخانە حکوومییەکان هیچیان لە ئەهلییەکان کەمتر نییە و بگرە زیاتریشن**

**پێویستە سیستمی پەروەردە بە هەر دوو شێوازی حکوومی و ناحکوومی(چ بە سیستمی خۆڕایی، یا پاراڵێل) بە شێوازێکی پەروەردەیی پێشکەوتوو و بە بەکارهێنانی تەکنیکێکی پرۆفشناڵ بێت**

**ئەم قوتابخانە ئەهلییانە لە عێراق و هەرێم بوونەتە کۆمپانیا و بە بازرگانی لەو ماوەیەدا بەهرە و توانای قوتابییان کوشت**

**ئەنجامەکانی ئەمساڵ دڵخۆشکەر و سوپڕایز و زەنگێکە لە لە قوتابخانە حکوومییەکانەوە بۆ ئەوانەی لە ئەهلیدا دەخوێنن و دەڵێن: ڕاستە ئێمە هەژاری گیرفانین، بەڵام دەوڵەمەندی عەقڵ و فامین**

کەوا وای لێ دەکات، لە دوارۆژدا بە ئامانجە بە دەستنەهاتووەکانی بگات، لەلایەکی دیکەوە بۆ زاڵبوون و تێپەڕاندنی ئالنگارییەکانی سەختی گوزەران، هەموو ئەوانە وادەکەن، ئەو قوتابییە هەموو سەرنج و هەوڵ و کۆششەکانی لە خوێندندا چڕ بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت نمرەیەکی بەرز بە دەست بێنێت و ببێتە مایەی سەربەرزی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی».

گوتیشی: «گرنگیدانی ڕێزادار سەرۆك وەزیران کاك مسرور بارزانی بە خەڵاتکردنی قوتابییە یەکەمەکان و پێدانی سوکۆڵەر شیپ لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك نێچیرڤان بارزانی دەورێکی باڵای لە هەوڵدانی بەردەوامی قوتابییان بۆ پێشبڕکێکردنیان لە دوارۆژدا دەبێت».

ڕۆزار ئەحمەد نووسەر و مامۆستا لە ئامادەیی داقوق، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەگەر بەراوردێکی خێرا بۆ ساڵانی ڕابردوو و ئەمساڵ بکەین، لە بەردەم چەندین پرسیاردا ڕادەمێنین، کە بۆچی لە ساڵانی ڕابردوو قوتابخانە ئەهلییەکان(بە پارە) قوتابییەکانی نمرەی باش و بەرزیان دەهێنا و حکوومییەکان لەو ئاستە نەبوون؟ بەدەر لە هەموو بۆچونێك پارە و مادده دونیای عیلم و مەعریفەی شێواندووە و دەتوانم بڵێم ئەم قوتابخانە ئەهلییانە لە عێراق و هەرێم بوونەتە کۆمپانیا و بە بازرگانی لەو ماوەیەدا بەهرە و توانای قوتابییان کوشت، ئەگەرنا لە ئەهلیدا تەنیا پێت ناڵێن ئەمە پرسیار و وەڵامەکانی وەزارییە، چونکە هەمان ئەو مامۆستایانەن وا پرسیاری وەزاری دێننەوە، یان دەوڵەمەندەکان لەو قوتابخانانە لە دەرەوە بە پارە دەیانکڕن، ئەنجامەکانی ئەمساڵ دڵخۆشکەر و سوپڕایز و زەنگێکە لە لە قوتابخانە حکوومییەکانەوە بۆ ئەوانەی لە ئەهلیدا دەخوێنن و دەڵێن: ڕاستە ئێمە هەژاری گیرفانین، بەڵام دەوڵەمەندی عەقڵ و فامین، ئەمە یەك. دووەمیان گەڕانەوەی متمانەیە بۆ مامۆساکانی حکوومی و چیتر قوتابییە هەژارەکان هەست بەو شکستییە شعوورییە ناکەن و ئەمساڵ دەکەن بە هەوێن بۆ ساڵانی دی، بۆ بەکاراکردنی ئەم هەنگاوەش دەبێت پەروەردە خەڵاتی قوتابخانە و مامۆستاکانیش بکات، لە پای ئەم دەستکەوتە و ڕێگەی تۆکمە و یاساییان لەمەڕ دزەکردنی پرسیارەکان گرتەبەر».

پێشنیاری ئەوەشی کرد: «دەکرێت ناوی قوتابییان و قوتابخانە و نمرەکانیان بە پۆستەر و دروشم لە بینای پەروەردە هەڵواسرێن و واجیهەی شاری پێ بڕازێندرێتەوە، بۆ گرنگیپێدان و گرتنەبەری هەمان پلان و شێوەی وانەوتنەوەی ئەو مامۆستا و قوتابخانانە، وەك سەرکەوتن و بازدان بەسەر قوتابخانە ئەهلییەکاندا و ئەگەر بتوانرێت، ژمارەی ئەهلییەکان کەمتر بکرێنەوە، تاوەکو مامۆستایانی حکوومی بڕوای تەواویان بە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەت هەبێت، پێویستە ناوی ئەو قوتابخانە و قوتابییانە بکرێن بە پۆستەر و بڵاو بکرێنەوە».

عیسا بۆتانی، نووسەری پەروەردیی، ڕای وایە: «هەمووان لەو بڕوایەدان کە سەرکەوتن و نمرەی باش و پلەی یەکەم تەنیا بەشی منداڵی دەوڵەمەند و بەرپرس و خۆاپێداوەکان نییە، ئەوە پەیوەستە بە خۆماندووکردن و شەونخوونی؛ هەژارانیش بە هەوڵ و کۆششکردن دەتوانن پلەی یەکەم بە دەست بهێنن، تەنانەت لەمێژەوە بۆچوونێکی پێچەوانەش لە نێو خەڵکیدا هەیە، کە منداڵانی خاوەنی سەروەت و سامان و دەوڵەمەند و بەرپرسەکان ئەگەر لە ڕێگەی دەسەڵات و پارەوە بگەنە ئاستی خوێندنی هەژارەکان؛ دەنا زۆرینەیان لە خوێندن شکست دەهێنن. دواجار ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵی قۆناغی ئامادەیی تا ڕاددەیەك ئەو بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە».

گوتیشی: »لە کۆی زیاتر لە (١١٧) هەزار قوتابیی بەشداربووی تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی، زۆرینەی یەکەمەکانی سەر ئاستی هەرێم قوتابیی قوتابخانە حکوومییەکان بوون، ئەمە حاڵەتێکی فەردی و ڕێککەوت نەبوو و جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە. لەو چەند ساڵەی دوایی وەکو تەواوی کایە و سێکتەرەکانی دیکە، بواری خوێندن و پەروەردەش تووشی گرفتارییەکی زۆر گەورە و ترسناك ببووەوە، وەکو چۆن هاووڵاتیان گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە چارەسەری

نەخۆشییەکانیان لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییە حکومییەکان دەست ناکەوێت و بڕوایان وابوو کە باشترین دەرمان و دکتۆر و چارەسەر لە نەخۆشخانە تایبەتەکانن، بەهەمان شێوە ئەو بێ متمانەییە کەرتی خوێندنیشی گرتبووەوە، هەرکەس توانای دارایی هەبووایە هەوڵی دەدا، منداڵەکانی لە قوتابخانەی تایبەت بخاتە بەر خوێندن. یەکەمبوونی قوتابییانی قوتابخانە حکومییەکان بە هەر هۆکارێك بوویێت، یەك لە ڕەنگدانە باشەکانی ئەوەیە کە متمانەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی گەڕاندەوە، کە قوتابخانە حکومییەکان هیچیان لە ئەهلییەکان کەمتر نییە و بگرە زیاتریشن. لەهەمان کاتدا بڕوای خاوەن پارە و بەرپرسەکانیشی لەق کرد، لەوەی قوتابخانەی گەورە و پاسی هاتوچۆ و جلی یەکگرتووی جیاواز و ناوە قەبەکان منداڵەکانیان پێ ناگەیەنێت و فێریان ناکات. کارەساتێك بەڕێوە بوو. ئاخر کاتێك هاووڵاتییەکی ئاسایی دەیبینی دەوڵەمەند و بەرپرسەکان نەك خۆیان؛ بەڵکو منداڵەکانی خۆشیان لەو میللەتە جیاکردووەتەوە و نە لە خوێندن و نە لە نەخۆشخانەش تێکەڵی منداڵانی دیکە ناکەن. ئا بەو شێوەیە ئەو بێ بڕواییە دروست بوو. ئەوەی قوتابیانی یەکەمی ئەمساڵ بە دەستیان هێنا، نەك تەنیا سوود و شانازییەکەی بۆ خۆیان بوو، ئەوان دەرەنجامی هاوکێشەییەکی زۆر ئاڵۆزیان ئاوەژوو کرد و ڕاستییەکی نەبیندراویان خستە بەرچاوی هەمووان.

ئەو مامۆستایە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «قوتابییانی یەکەمی ئەمساڵ هەموو کوردیان قەرزباری خۆیان کردووە، کە دەرەنجامی ڕاپۆرتێکی ناوەندی (جۆرج تاون)ی تایبەت بە فێرکردنیان بە هەڵە خستەوە کە تێیدا هاتووە:(بە دەوڵەمەندی لە دایك دەبیت، ڕەنگە ئەمە ئاماژەیەك بێت بۆ ئەوەی کە دەبیتە خاوەنی سەرکەوتنی گەورە و بەهرە و ژیری) لە کۆتاییشدا باسی لەوە کردووە کە بە لانی کەم لە ئەمریکا وایە».

ئەوەشی خستەڕوو کە(ئەنتۆنی کارنیفال) کە بەڕێوەبەری ناوەندی جۆرج تاونە لەم ڕووەوە گۆتوویەتی: «بۆ ئەوەی لە ئەمریکا ببیتە کەسێکی سەرکەوتوو، وا باشترە بە دەوڵەمەندی لەدایك ببیت، نەك بە ژیری. لەبەر ئەوەی توێژینەوەی ناوەندەکەمان دەریخست کە کەسە بەهرەمەندەکان سەر بە خێزانە دەوڵەمەندەکانن و ئاستی دەرچوون و سەرکەوتنی مندالە هەژارەکان کەمترە لەچاو خواپێداوەکان».

گوتیشی: «قوتابییە یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان کەسیان تیمی توێژینەوەی زانکۆ جیهانییەکان نەبوون، تاکو ڕاستییەکی لەبیرکراو بهێننەوە یادمان، ئەوان بە هەوڵ و کۆششی خۆیان وماڵبات و مامۆستاکانیان ئەوەیان گوت کە زانکۆی (لینك ئۆشبینگ)ی سویدی و (پەیمانگای زانکۆی ئەوروپی لە ئیتاڵیا) و (زانکۆی ئەمستردام لە هۆلەندا) لە توێژینەوەیەکدا گوتبوویان: «دەوڵەمەندەکانی جیهان لەڕووی ژیرییەوە لە خوار هەژارەکانن. بوونی بەهرەمەندی و ژیری لەلای هەژارەکان لەو جیهانەدا زۆر گرینگە؛ کە دەوڵەمەندەکان لە دەوڵەمەندبوونن و کاریگەری و دەسەڵاتیان لەسەر گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی جیهاندا هەیە».

وەك دوا وتەشی گوتی: «لە کۆتاییدا ئەوەی لە ڕووکەشدا هەیە و هەستی پێ دەکرێت و هەموانی تووشی سەرسوڕمان کردووە(کە نابێت سەریان پێی بسووڕمێت) ئەو پرسیارەیە: ئاخۆ چۆن باشترین مامۆستا و قوتابخانە و پێداویستیی قوتابخانەیەکی تایبەت نەگەیشتە ئاستی قوتابخانەی گوندێکی دوورە دەست؟! ئەوەی هەیە پێداگری و بڕیار و هەوڵ و ماندوویی قوتابی و ماڵباتی قوتابی و مامۆستاکانیانە کە دەبێت سەرکەون و ئاستی بڵند و دڵخۆشکەر بەدەست بهێنن، ئەوەی هەیە لە بەینبردنی بنەماکانی هەژارییە نەك هەژاری بە واتا باوەکەی وەکو چۆن لە گوتەیەکدا هاتووە:(ئەوەی دەیەوێت سەرکەوتوو بێت، دەبێت هۆکارەکانی هەژاری لە بەین ببات کە خەو و بێهێزی و ترس و تووڕەیی و تەمبەڵی – خەمساردی)ن، یەکەمەکانی قوتابخانە حکومییەکان وایان کرد و یەکەم بوون».

دەکرێت ناوی قوتابییان و قوتابخانە و نمرەکانیان بە پۆستەر و دروشم لە بینای پەروەردە هەڵواسرێن و واجیهەی شاری پێ بڕازێندرێتەوە

سەرکەوتن و نمرەی باش و پلەی یەکەم تەنیا بەشی منداڵی دەوڵەمەند و بەرپرس و خۆپێداوەکان نییە

ئاخۆ چۆن باشترین مامۆستا و قوتابخانە و پێداویستیی قوتابخانەیەکی تایبەت نەگەیشتە ئاستی قوتابخانەی گوندێکی دوورە دەست؟



ناتالیا سیران:

# پێویستە هونەرمەندانی کورد شارەزای گشت شێوەزارەکانی کوردی بن

**لەم دواییە خانمە ناتالیا سەران، هونەرمەندی کوردی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ژمارەیەک بەرهەمی هونەری نوێی بڵاوکردەوە کە یەکێکیان بە شێوەزاری کرمانجی خوارووە بووە، سەبارەت بەم بەرهەمانە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** کەمێک باسی کارە هونەرییەکانت بکە لە ساڵانی ڕابردوودا؟**

سوپاس بۆ خوا کارە هونەریەکانم زۆر بە باشی بە ڕێوە دەچن لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دوو ئەلبوومی هونەریم بڵاوکردۆتەوە و ئەلبوومی سێیەمیشم تەواو کردووە لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوی دەکەمەوە، ئەلبووم یەکەمم کە بە ناوی (ئەڤینا دلا) بوو لە ماوەی ڕابردودا بڵاوکردەوە و گۆرانییەکیشم بە کلیپ بڵاوکردەوە بەشێوەکی گشتی وەک گوتم کارەکانم زۆر بە باشی بەڕێوە دەچن، سێ کاری نوێم لەبەردەستە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەنجامیان دەدەم کە بریتییە لە سێ بەرهەمی تایبەت بە کوردانی قەفقاز، هەروەها سوپرایزێکی تێدایە کە پێشکەشی جەماوەرەکەمی دەکەم.

*** سێ بەرهەمە نوێیەکە چین؟**

- ئەو سێ بەرهەمە نوێیەم گۆرانی تایبەت بە کوردانی قەفقازە لە ساڵی داهاتوو لە وڵاتی ئازەربایجان بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاویان دەکەمەوە لەلایەن دەرهێنەرێک کە یەکەم جارە کاری لەگەڵ دەکەم، ئەمەش بۆ من ئەزموونێکی هونەری نوێیە و هیوادارم بتوانم بەم کارە خزمەتێکی بچووک لە ڕێگای هونەرەوە پێشکەش بە کوردانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکەم، پێشبینی دەکەم ئەمانە کاری باش بن و تێیدا سەرکەوتوو دەبم، چونکە بە عەشقەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەم و پێشکەش بە خوشک و برایانمی دەکەم لەو ناوچەیە.

*** بیرۆکەی گۆرانی ئای ناز چۆن دروستبوو؟**

- من خۆم بە هونەرمەندی هەموو کوردێک دەزانم لە هەر شوێنێکی ئەم زەمینە بێت و لە ڕێگای هونەرەکەمە وە هەوڵ دەدەم کەلتوور و زمانی ڕەسەنی کوردی بپارێزم و پەرەی پێ بدەم، لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەلبوومێکم بڵاوکردەوە یەکێک لە گۆرانییەکانی بە شێوەزاری کرمانجی خواروو بوو، لەو کاتەوە بەردەوام حەزم دەکرد کە چەند بەرهەمێکی تر بە کرمانجی خواروو و شێوەزارەکانی تر بڵاو بکەمەوە و پێشکە بە گەلی کوردی بکەم لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە بیرۆکەی گۆرانی (ئای ناز) کە دیۆیەکە لەگەڵ هونەرمەندی لاو کاک ئاراس کە ئەویش نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە لەوێوە دروستبووە، تێکستی گۆرانییەکی هی دەڤەری سلێمانییە، هەست دەکەم مافی گۆرانییەکەم داوە و تا ڕاددەیەکیش تێیدا سەرکەوتوو بووم، بەڵگەشم ئەوەیە کە لە ماوەی چەند ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەی لە یوتیوب ژمارەی بینەرانی گەیشتە زیاتر لە سەد هەزار کەس، سەبارەت بە گرفتی وتنەوەی گۆرانییەکە چەندین جار تێکستەکەم خوێندەوە و وابزانم توانیومە لە وتنی گۆرانییەکە سەرکەوتوو بم. کاری میوزیک و میکس و ماسترینگی لەلایەن ڕێناس میران کراوە.

***بەرهەمی ترت دەبێت بە شێوەزاری کرمانجی خواروو؟**

- وەک گوتم من هونەرمەندی هەموو کورد و هەموو پارچەکانی کوردستانم، بۆیە بەرهەمی دیکەشم دەبێت لە ئێستاوە کار بۆ بەرهەمی تر دەکەم بە شێوەزاری کرمانجی خواروو، هەورامی تەنانەت بە شێوەزای زازاکیش بەرهەمم دەبێت، لە دوو ساڵی دوو هەزار بیست وپێنج بەنیازم جارێکی تر سەردانی هی کوردستان بکەم و ئەم جارەیان چوار تا پێنج بەرهەمی نوێ بڵاو دەکەمەوە یەکێک لەو بەرهەمانە دووبارە گۆرانییەکی تر دەبێت بە شێوەزاری هەورامی بە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ، ئەمەش یەکەم جارە کە هونەرمەندێکی کوردی یەکێتیی سۆڤیەت بەرهەمێک بە هەورامی بڵاوبکاتەوە.هونەرمەندی کورد پێویستە هەوڵ بدات بە گشت شێوەزارەکان گۆرانی بڵێت و شارەزای بێت ئەمەش لەبەر تایبەتمەندی شێوەزار و سیاسی.

*** هۆکار چییە لە ماوەی ڕابردوودا کارە هونەرییەکانت زۆر کردووە؟**



- من کەسێکم بەبێ هونەر ناتوانم بژیم، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت نەمتوانی وەک پێویست لەو بوارەدا بەردەوام بم وەک ژیانی تایبەتی خۆم، چونکە منداڵەکانم تەمەنیان بچووک و پێویستیان بە خزمەت و خۆشەویستیی من هەبووە، بێگومان کاری هونەریش پێویستە کاتی زۆری بۆ تەرخان بکرێت، هەروەها ئیش و کاری ڕۆژانەشم هۆکارێکی دیکە بووە، بۆیە زۆر تامەزرۆ و بە حەسرەت بووم بۆ دووبارە دەستکردنەوە بە کاری هونەری، ئێستا تا ڕاددەیەکی زۆر ئەو ئاستەنگانە نەماون، بۆیە دوای نەمانی کۆرۆنا دەستم بە کارەکانم کردووە و بەپێی توانا هەوڵ دەدەم لەو ڕووەوە بەردەوام بم لێرەشدا پێویستە سوپاسی چەند کەسێک بکەم کە یارمەتییان داوم لەوانە دەرهێنەری هێژا ڕێناس میران کە زۆر هاوکارم بووە.بەڵێنیش دەدەم کە بەردەوام بم لە پێشکەش کردنی کاری نوێ و هیوادارم بە دڵی جەماوەر بێت، چونکە خزمەتکردنی جەماوەر و هونەر و کەلتووری کوردی ئامانجی سەرەکیی منە.



# کامپبێل دوای تەمەنی پەنجا ساڵی دیسان بووە بە دایک

کچە سوپەر مۆدێلی بەناوبانگ (نائۆمی کامپبێلی) تەمەن ٥٣ ساڵ لە ڕێگەی هەژماری تایبەتیی خۆیەوە لە ئەپلیکەیشنی ئینستاگرام رایگەیاند: کوڕێکی بووە و وێنەیەکی کوڕەکەشی بڵاوکردەوە.

نائۆمی کامپبێل لە ڕێگەی پەیامێکەوە کە لە یەکەم وێنەی کوڕەکەیدا لە پەیجی تایبەتی خۆی بڵاوی کردەوە، هیوای بە زۆرێك لە خانمان بەخشی، هەوادارانیشی بە کۆمێنتی گەرموگوڕ را و سەرنجی خۆیان دەربڕیوە، بەم شێوەیە نائۆمی کامپبێل هاتە ناو لیستی ئەو کەسایەتییە ناودارانەی کە لە دوای تەمەنی پەنجا ساڵی منداڵیان بووە.

نائۆمی کامپبێل لە پەیامەکەید نووسیویەتی: «درەنگ نییە بۆ هەموو ژنێك کە خەونی منداڵبوون و دایکایەتی دەبینێت» نائۆمی کامپبێل بە پەیامەکەی هیوای بۆ خانمان گەڕاندەوە کە هیچ کاتێك بێ ئومێد نەبن.

هەروەها ئەو سوپەرمۆدێلە پەیامێکی تایبەتی بۆ کوڕەکەی ناردووە و نووسیویەتی: «کچی بچووکی ئازیز، بزانە کە تۆ زۆر ئازیزیت و دەورە دراویت بە خۆشەویستی هەر لەو ساتەوەی کە بە ئامادەبوونت ڕێزت لێ گرتین. دیارییەکی ڕاستەقینە لە لایەن خوداوە، بەختەوەر بیت و بەخێر بێیت».

بابەتەکەی بۆ ڕای گشتی ڕانەگەیەندرا، بەڵام بازنەی نزیکی ئەو سوپەرمۆدێلە بەناوبانگە ئاگاداری دووگیانیی دووەم بوون، بەپێی ئەوەی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی پشتڕاستی کردەوە.

سەرچاوەیەکی نزیك لە سوپەرمۆدێل نائۆمی کامپبێل بە دەیلی مەیلی بەریتانی ڕاگەیاندووە: «نائۆمی بەڕاستی ئافرەتێکی بەهێزە و ئەوەش ئەوەیە کە هەمیشە ویستویەتی، لە ئێستادا زۆر دڵخۆشە»، ئاماژەی بەوەش کردووە، «ڕاستییەکە ئەوەیە، نائۆمی زۆر دڵخۆشە کە دەتوانێت کوڕێك بهێنێتە دنیاوە کە دەبێتە برای کچە بچووکەکەی، بە شانازییەکی زۆرەوە چاوەڕێی ساڵانی داهاتوو دەکات».

نائۆمی کامپبێل حەزی دەکرد دەموچاوی کوڕەکەی لەو وێنەیەدا بشارێتەوە کە لەگەڵ ئامادەبووان بڵاوی کردووەتەوە، کە تێیدا دەرکەوتووە کە لە باوەشیدا پاڵکەوتووە بە جلوبەرگی تازەلەدایکبووەوە، کە لۆگۆی کۆمپانیای دۆلچە و گابانای لەسەر بووە.

# داكۆتا پەشیمان نییە



خانمە ئەستێرەی ئەمریكی داكۆتا جۆنسن، ددانی بەوەدا نا كە پەشیمان نییە لە هیچ كام لەو دیمەنە سێكسییانەی كە لە فیلمە مشتومڕاوییەكەیدا بەناوی Fifty Shades of Gray، لە ساڵی ٢٠١٥دا پێشكەشی كردووە.

داكۆتا لە لێدوانەكانیدا بۆ گۆڤاری هۆلیوود ڕیپۆرتەر دەڵێت: «ئەگەر دەرفەتی هەبوایە، دووبارە هەموو ئەم دیمەنانە دووبارە دەكاتەوە بەبێ دوودڵی»، ئاماژەی بەوەدا كە كارێك دەكات كە خۆشی دەوێت و باوەڕی پێی هەبووە.

زیاتر گوتی: «یەكێك لە ڕۆڵە نوێیەكانی لە فیلمەكاندا وای لێ كردووە بچێتە لای پزیشكی دەروونی، بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لەو كاریگەرییە نەرێنییەی كە لە كاتی وێنەگرتندا هەیبوو».

داكۆتا جۆنسۆن پشتڕاستی كردەوە كە ڕۆڵی لە فیلمی ترسناكدا سوسپیریا بووەتە هۆی ئەم زیانە دەروونییەی كە بەبێ چارەسەری دەروونی نەدەڕۆیشت.

داكۆتا ئەوەشی ئاشكراكردووە، لە تەمەنی منداڵییەوە بەدەست خەمۆكییەوە دەناڵێنم و بە یارمەتی كەسانی پیشەگەر توانیم خۆم لەگەڵ باودۆخەكە بگونجێنم، بەڵام پێدەچێت تا كۆتایی ژیانی بەردەوام بێت لە وەرگرتنی چارەسەر و دەڵێت: «شانسم زۆر بوو، چونكە كەسانێك لە دەوروبەرم هاریكارییان كردم و هانیاندام قووڵتر بچمە نێو لایەنی دەروونی ژیانەوە، بەڵام پێدەچێت تا كۆتایی ژیانم لە چارەسەركردندا بم، هەرگیز فێربوون لەوەی چۆن وەك مرۆڤێكی تەواو بژیت كۆتایی نییە».

# تەلارسازیی مزگەوتی کورد

## (١-٢)

**هونەری تەلارسازی سیمایەکی بەرجەستەی شارستانیەت و کولتووری هەر نەتەوەیەکە. لە تەلارسازیدا، نەتەوە باڵادەستیی خۆی لە ڕووی ژیار و شارستانیەتەوە، دەخاتە ڕوو. تا ئێستا بە ئەندازەی پێویست، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە هەمەجۆر لایەنی شارستانیەتی کوردستان نەکراوە. لەم ڕووەوە زۆر پرسیاری گەرم و گوڕ هەن، تا ئێستا یەکلایی نەکراونەتەوە و بە کراوەیی ماونەتەوە. لە سایەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا، زەمینەی لێکۆڵینەوە لە میراتی شارستانی و کولتووری کورد، زۆر بەرتەنگ و ڕێ پێ نەدراوە، هاوکات ژێرخانی لێکۆڵینەوە لەو میرات و کولتوورە، فرە بەهێز و دەوڵەمەندە. کۆبەکۆ، خۆ تاقی کردنەوە لە مەیدانی توێژینەوە لە هەمەجۆر لایەنی شارستانیەتی کوردستان، ئەگەر بڕێ ئاستەنگیشی لە پێش بێت، پێم وا نییە بۆ توێژەری خەمخۆر و مکوڕ، کارێکی ئەستەم بێت. دەرگای توێژینەوە لە هیچ شوێنێکی دنیا دانەخراوە و داناخرێت. بە دڵنیاییەوە، لە سایەی نەبوونی ئازادی و باڵادەستیی کولتووری ئەوی دیکەی داگیرکەردا، لە دامەزراوەگەلی ئەکادیمیدا بەربەست هەن، بۆ بڵاو کردنەوەش ئەگەر زۆر هەیە گیروگرفت بێتە پێش، بەڵام توێژینەوەی زانستی پاڵپشت بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، دواجار هەموو دەروازەکان تێپەڕ دەکات.**

تاریق کارێزی





دەخوازم بڵێم، هێندەی پەیوەست بە هونەری تەلارسازی بێت، ئاخۆ کورد چیی هەیە؟

گومان لەوەدا نییە، کوردستان لە هەموو بوارێکی کولتوور و ژیار و شارستانیەتدا، بەشی هەیە و لە گەلێك بواریشدا، پێشەنگ و دەست پێشخەر بووە. ئەگەر سەرمایە و دەسکەوتمان لەم ڕووەوە نارِوون و نادیارە، هۆیەکەی ئەوەیە، دەوڵەت و قەوارەی سیاسی فۆرم و شێوەی بەرجەستە بە میراتی کولتوور و شارستانیەت دەدات، نەبوونی قەوارەی سیاسی، کولتوور و میراتی شارستانی تا سەردەمانێکی زۆر، بەرەو تاریکی و نادیاری دەبات. سەدەی بیستەمی زایین، سەدەی بێ بەش کردنی کورد بوو لە قەوارەی سیاسی، سەدەی زەوت کردنی ئازادی و هەبوونی کورد بوو. لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا، نیشتیمانێك کە دابەشی سەر وڵاتانی دەوروبەر کرا بێت، ئەو وڵاتانەش بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و نامۆ بە کورد، سیاسەتی کولتوور پیادە بکەن، شتێکی چاوەڕوان کراوە، کولتوور و شارستانیەت و ژیاری کورد، بزر و نادیار بێت، میراتی ئێمە (لە هەموو بوارێکدا) سووك و ئاسان، بە بێ ئەوەی پرسمان پێ بکەن، دەچێتە سەر میراتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان. لە ساڵی ۱۹۹۱ بە دواوە، لە بەشێکی باشووری کوردستاندا، ڕەوشی ناجۆری کورد گۆڕانی بە خۆوە دیت. ماوەی ۳۲ ساڵە ئازادی و قەوارەی سیاسی لە نزیکەی ۱۰٪ی کوردستانی مەزندا، بەدی هاتووە. دەیان زانکۆ و ناوەندی کولتوور و خوێندن و فێرکردن و پێگەیاندن، لەم بەشە ئازادەی کوردستاندا کراونەتەوە. ئیدی ئەگەر لەم بەشەدا کار نەکەین و گەنجینەی شارستانیەت و کولتووری خۆمان ئاشکرا نەکەین و نەیبووژێنینەوە، گوناهی خۆمان بە گەردنی خۆمانە.

تەلارسازی، ئەو هونەرە ناوازەیەی کە شارستانیەت لە کاتی پێگەیشتن و خەملێندا، مشومالی دەکات و خۆی دەنوێنێت، گۆشەنیگای ئەم وتارەمانە. لەم بارەیەوە پرسیارێك زۆر ڕوون و ڕەوان دێتە پێش: کورد لە کوێی هونەری تەلارسازیدایە؟

بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، وا پێویست دەکات نیگایەك بخەینە سەر هەلومەرجی هاتنە کایەی ئەم هونەرە. گرنگترین خاڵی دروست بوونی هونەری تەلارسازی، پەیدا بوونی شارستانیەت و هەڵکشانی بەرەو لووتکەی باڵا کردنە. لەم ڕووەوە کوردستان زێدی کۆنترین شارستانیەتەکانی دنیایە. لە هەمان کاتدا چەندین ناوەندی شارستانی (سۆمەر، بابل، ئاشوور، ئێران، میسر، شام، گریك و ڕۆم) دراوسێی دوور و نزیکی کوردستان بوون. ئەم هەلومەرجەش ڕێ بۆ پەیدا بوونێکی بەهێزی شارستانیەت، لە نێو هەناوی ئەو شارستانیەتەش، ڕێ بۆ خەملێنی هونەری تەلارسازی، خۆش دەکات. دەروازەی ئەم بابەتە بە ڕووی مەیدانێکی زۆر فراوانی توێژینەوەدا دەکرێتەوە، ئەم شوێنە لەباریدا نییە بچێتە ژێر بارستایی ئەم بابەتە فراوانە. بۆیە هەر بە کورتی ئاماژە بە نموونەیەکی تەلارسازیی کوردستان دەکەین، کە (مزگەوتی مەلا نەزیری گەورە)یە لە هەوراماندا.

پسپۆرانی هونەری تەلارسازیی مزگەوت، چەندین تەرزی ئەم جۆرە هونەرەیان لە جیهانی ئیسلامدا دەست نیشان کردووە. وەك تەلارسازیی مزگەوتی (عەباسی، ئێرانی، هیندی، عوسمانی، ئەندەنووسی، مەغریبی، ئەفریقایی، ئاسیای ناوەڕاست). کوردستان دراوسێی هەر سێ جۆرە تەلارسازیی مزگەوتی عەباسی و ئێرانی و عوسمانییە. لە بەشی دووەمی ئەم وتارەدا دێینە سەر کرۆکی سەرباسەکەمان، ڕەگەزەکانی هونەری تەلارسازیی مزگەوتەکەی هەورامان وەك چەشنە تەلارسازییەکی کوردی/ کوردستانی، شرۆڤە دەکەین.



لەنجە سەلام

یاریزانی یارییە سیانییەکانی هەڵبژاردەی عێراق:

# هیوادارم بتوانم وەک یەکەم ڕاهێنەری کچی کورد لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق بم

هەر چەندە یارییە سیانییەکان کە پێکهاتووە لە یاریی (پاسکیلسواری و ڕاکردن و مەلەوانی) یارییەکی جیهانییە و ساڵانە چەندین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە کوردستان و بگرە لە عێراقیش وەکو پێویست ئاوڕ لەم یارییە نەدراوەتەوە، زیاتر هەوڵەکان تاکە کەسین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە، کچە یاریزانانی ریزی هەڵبژاردەی عێراقیش زۆربەیان سەر بە پارێزگانی سلێمانین، ماوەیەکی زۆر لە هەردوو شاری سلێمانی و قەزای دوکان گرنگیی زۆر بە یارییەکانی سیانی دەدرێت و، چەندین یاریزان و ڕاهێنەری بە ئەزموون لەم یارییە کار دەکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکەن و یاریزانانی شارەکانی کوردستانیش بە پێشەنگی بمێننەوە، یەکێك لە یاریزانە بەتوانان و کۆنەکانی ڕیزی هەڵبژاردەی سیانیی عێراقیش کچە یاریزان (لەنجە سەلام)ی پاڵەوانی ئەم یارییەیە لە سەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبیش، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی قەزای دوکانە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریسە لە پەروەردەی وەرزشی، یاری بۆ هەریەك لە یانەکانی دوکان و دیوانییە و برایەتی کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ ڕاپۆرت: کارزان کانەبی



*** ئاستی یارییە سیانییەکان چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**
- بە داخەوە یاریی سیانی لە شارەکانی کوردستان لە پێشکەوتندا نییە، سەرجەم یاریزانە کوڕەکانی ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق لە برا عەرەبەکانمان پێك هاتووە، پێشتر زۆرینەیان کورد بوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا دواکەوتن پیشان دەدات.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێ؟**
- هۆکارێکی گەورەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یارییە پێویستی بە بناخەیەکی سەرەتایی پتەو و پاڵپشتیی ماددی باش هەیە.

*** وەکو پاڵەوانێك پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**
- پێویستە حکومەت بودجەیەك بۆ ئەم یارییە دابین بکات بۆ یانەکان تا ئەوانیش بتوانن بەکاری خۆیان هەستن و بتوانن گرنگی بەم یارییە بدەن، چونکە یاریزان پێویستی بە سەرجەم پێداویستییەکانی ئەم یارییەیە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**
- تەنها لە نەبوونی پارە و پاسکیلی تایبەت و جلوبەرگ و شوێنی تایبەت بە ڕاهێنان ئەمانە گرفتن بۆ ئەم یارییە.

*** چ هەستێکتان هەیە کاتێك مەشقەکانتان لە شەقامەکانی شار ئەنجام دەدەن لە بری شوێنی تایبەت؟**
- هەستێکی باش نییە، چونکە شوێنێکی لە بار نییە بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانمان ترسناکییەکی زۆری لە سەر ژیانمان هەیە.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**
- ئامانجم ئەوەیە بتوانم چەند پاڵەوانێك پێبگەینم و فێرگەیەکی تایبەت بەم یارییە دابنێم.

*** لەگەڵ ئەوەیت یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەری بیانی ببەستن؟**
- نەخێر، چونکە لە ئێستادا ڕاهێنەری زۆر بە ئەزموونمان هەیە کە وڵاتانی دەرەوە دەتوانن پشت بە ئێمە ببەستن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**
- پێشنیار دەکەم کە بتوانن پاڵپشتمان بن تا بەناوی کوردستان بتوانین بەشداریی پاڵەوانێتیی دەرەوە بکەین.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**
- هیوادارم بتوانم وەك یەکەم ڕاهێنەری کچی کورد لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق بم.

*** بەنیاز نیت تیپێك دروست بکەی بۆ شاری سلێمانی؟**
- لە هەوڵداین یانەیەکی تایبەت بە یاریی سیانی و پاسکیلسواری دابمەزرێنین، بەڵام لە ئێستادا لە هەوڵی بەدەست هێنانی پشتگیرین تا بتوانین دەست بەکار بین.

*** پاڵەوانبوون چی دەگەیێنێ لای تۆ؟**
- بڕوا بە خۆبوون و بوونی ئیرادەیەکی بەهێز.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**
- بە یاریزانی بەریتانی ئەلێکس.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لە یانەکانی دیکە؟**
- بەڵێ تەنانەت لە یانەکانی وڵاتانی عەرەبییش گرێبەستم پێشکەش کراوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**
- دەست خۆشی بۆ ئێوە، هیوادارم ئێوەش بتوانن ڕۆڵی کاریگەرتان هەبێت لە بەرەوپێشچوون و ناساندنی ئەم یارییەبە، هیوادارم کچان زیاتر بتوانن بێنە ناو ئەم یارییە و ڕۆڵی خۆیان هەبێت لە ناساندنی توانای کچی کورد، سوپاس بۆ گوڵان بۆ ئەو هەموو خەمخۆرییە.



## مەرجەکانی ئاردا گولەر بۆ ریال مەدرید ئاشکرابوو



ڕۆژنامەی ماركای ئیسپانیا بڵاویكردووە ئاردا گولەر یاریزانی لاوی هەڵبژاردەی توركیا پێش ئەوەی گرێبەستەكەی لەگەڵ ریال مەدرید مۆربكات دوو مەرجی بۆ یانەكە داناوە و یانەكەش بە هەردوو مەرجەكەی ڕازی بووە.

ریال مەدرید لەم ساڵانەی دواییە زۆربەی ئەو یاریزانانەی گواستووەتەوە ریزەكانی لە تەمەنێكی كەمدا بوونە و بەشێكیان لە ساڵانی یەكەم لەگەڵ تیپی دووەمی ئەو یانەیە یاری دەكەن یاخود ئەوەتا بە شێوەی خواستن دەچنە یانەكانی دیكە بۆ ئەوەی ئەزموونێكی باشتر و دەرفەتێكی زیاتری یاری كردنیان پێ بدرێت.

ڤینیسیۆس و جونیۆر و رۆدریگۆ هەردوو یاریزانە لاوەكەی مەدرید سەرەتای پەیوەندی كردنیان بۆ ماوەی وەرزێك لە تیپی كاستیای ریال مەدرید (تیپی دووەمی) ئەو یانەیە یارییان كرد و ساڵی دواتر پەیوەندیان بە تیپی یەكەم كرد ئەمەش وایكرد ئەوا یاریزانانە ئەزموونی زیاتر بدۆزنەوە.

نوێترین نموونە ئاردا گولەر یاریزانی لاوی مەدرید ئەو یاریزانە تەمەنی ١٨ ساڵە و هاندەرانی یانە كە لەو بڕوایەدان ئەویش هاوشێوەی یاریزانەكانی دیكە لەوانەیە سەرەتا لە تیپی كاستیا یاری بكات، بەڵام ئەو یاریزانە هەر زوو ئەوەی ڕەتكردەوە.

گولەری ١٨ ساڵ پێش ئەوەی گرێبەستەكەی لەگەڵ ریال مەدرید مۆربكات، مەرجی ئەوەی داناوە نەیگوازنەوە تیپی كاستیا و هەر لە یەكەم وەرز دەبێت لە تیپی یەكەم بێت كارگێری مەدرید بەم مەرجەی ڕازیبوون و گولەر بە دەرێسی ژمارە ٢٤ یاری بۆ ریال دەكات

یاریزانە لاوەكەی هەڵبژاردەی توركیا مەرجێكی دیكەش لە گرێبەستەكەیدا هەیە، ئەو مەرجەش ئەوەیە ڕازی نابێت لە ساڵی یەكەمی بە شێوەی خواستن یاری بۆ هیچ یانەیەكی دیكە بكات و تەنها ئامانجی تیپی یەكەمی ریال مەدریدە و بەرپرسانی یانەكەش بەم مەرجەشی ڕازی بوون.

ئاردا گولەری وەرزی ڕابردوو لەگەڵ یانەی فەنەرباخچە بەشداری ٣٥ یاری كرد شەش گۆڵ و حەوت ئەسیستی تۆمار كرد هەفتەی ڕابردوو ریال مەدرید گرێبەستەكەی ئاردا گولەری بۆ شەش وەرزە تا هاوینی ٢٠٢٩ ڕاگەیاند، بە گوێرەی میدیایەكانی ئیسپانیا گرێبەستەكەی بە ٢٠ ملیۆن یۆرۆ مۆركراوە لەگەڵ ١٠ ملیۆن یۆرۆی دیكە وەكو پاداشت بە گوێرەی ئاست و ئەنجامەكان لە ئەگەری فرۆشتنەوەی لە داهاتوو یانەی فەنەرباخچە ٢٠٪ی نرخەكەی وەردەگرێت.

## كاسیمێرۆ باس لە هۆكاری ڕۆیشتنی لە ریاڵ مەدرید دەكات



كاسیمیرۆ ئەستێرەی بەرازیلی یانەی مانچیستەر یۆنایتدی ئینگلیزی، هۆكاری ڕۆیشتنی لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە هاوینی ڕابردوودا ئاشكرا دەكات.

كاسیمیرۆ لە لێدوانێكدا، كە ڕۆژنامەی ئەی ئێسی ئیسپانی بڵاویكردووە سەبارەت بە ڕۆیشتنی لە ریال مەدرید دەڵێت: سەرەتا لەگەڵ خێزانەكەم قسەم كرد سەبارەت بە جێهێشتنی ریال مەدرید دەستبەجێ بیرۆكەكەمیان قبوڵ كرد ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ جێهێشتنی یانەیەكی گەورە لە لووتكەی ئاستمدا.

یاریزانە بەرازیلیەكە زیاتر گوتی: لە تەمەنێكدام، كە هێشتا برسیم بۆ بردنەوەی نازناوەكان ئەگەر دوای دوو یان سێ ساڵی دیكە بووایە ریال مەدریدم بەجێ نەدەهێشت بۆ ئەوەی بچمە یانەیەكی گەورەی دیكە هەمان ئارەزووم نەدەبوو بۆ گۆڕینی خولەكە و پەیوەندیكردن بە یانەیەكی گەورەی دیكە ساتێكی نموونەی بوو.

سەبارەت بە چۆنیەتی پێشوازیكردنی لە لایەن مانچیستەر یۆنایتدە كاسیمێرۆ گوتی: هەموو دەیانەوێت سەرنج و ڕێز و نازناو بەدەستبهێنن، بەڵام من بە خەیاڵمدا نەدەهات، كە ئەوەندە خێرا بێت ئەمەش شتێكە، كە زۆر دڵخۆشم دەكات و جێگەی سەرسوڕمانم بوو.

لە درێژەی قسەكانیدا یاریزانەكەی مان یۆنایتد دەڵێت: لە ڕۆژی یەكەمەوە هەستم بە خۆشویستی كرد ئەوە ئاسان نەبوو دوای ١٠ ساڵ یاریكردن لە ریال مەدرید ئەوە دەرئەنجامی كارەكانی نێو یاریگە و هاوئاهەنگی باشی نێوان هاندەران و ڕاهێنەران و یاریزانەكان بوو.

كاسێمیرۆ لە كۆتاییدا گوتی: هیچ یارییەكی ئاسان لە خولی ئینگلیزی نییە پێشەنگ كاتێک بەرامبەر دوایینی ریزبەندی یاری دەكات دڵنیا نییە لە بردنەوە ئەگەر بە ٩٠٪ی هێزی خۆت یاری بكەیت دەدۆڕێیت من خولی ئینگلیزیم خۆش دەوێت وەک چۆن ژیان لە مانچیستەرم زۆر خۆشدەوێت.

## گەڕانەوەی نیمار بۆ بەرشلۆنە ڕەتدەکرێتەوە

نەیمار ئەستێرەی بەرازیلی و یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی دەیەوێت بگەڕێتەوە بەرشلۆنە، بەڵام یانەکە ئامادەنییە یاریزانەکە بگەڕێنێتەوە.

ڕۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی دەڵێت: نەیمار ویستی یارییکردنی بۆ پاریس سانت جێرمان نەماوە یاریزانەکە دەیەوێت بگەڕێتەوە بەرشلۆنە.

دوای ئەوەی بەرشلۆنە شکستی هێنا لە گەڕاندنەوەی نەیمار، بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانەکە هەوڵیداوە بەرشلۆنە رازی بکات جارێکی دیکە گرێبەست لەگەڵ نەیمار بکەن، بەڵام یانەکە گەڕاندنەوەی ئەو یاریزانەی ڕەتکردووەتەوە ئەوەشیان لەبەر دوو هۆکار بووە.

یەکەمیان بەرشلۆنە بارودۆخی دارایی خراپە و توانای دابینکردنی پارەی گواستنەوە و دانی مووچەی یاریزانەکەی نییە، کە هەر ئەمە هۆکاری سەرەکیی شکستهێنانی یانەکە بوو بۆ گەڕاندنەوەی مێسی.

دووەم یانەکە پێی وایە گەڕانەوەی نەیمار دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کێشە لە ژووری جل گۆڕیندا و کەش و هەوای باشی نێو تیپەکە تێک دەدات.

نەیمار گرێبەستەکەی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان لە ٢٠٢١ نوێکردووە و لە هاوینی ٢٠٢٥ گرێبەستی تەواو دەبێت و یانەکانی هیلالی سعودی و چێلسی و نیوکاسل یۆنایتدی ئینگلیزی دیارترین یانەکانن، کە دەکرێت وێستگەی داهاتووی ئەستێرە بەرازیلییەکە بن.



## بەرشلۆنە بەرازیلییەکی دیکەی گواستەوە

بەرشلۆنە و ئەتلەتیک پارانێنسی بەرازیلی گەیشتنە ڕێکەوتنی کۆتایی لەسەر گواستنەوەی ڤیکتۆر رۆکی لە گرێبەستەکەیدا ناوی خەڵاتی باڵۆن دۆریش هاتووە، ئەگەر بیباتەوە نزیکەی ٣٠ ملیۆن یۆرۆی پێدەدرێت.

ڕۆژنامەکان بڵاویانکردووە بەرشلۆنە لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ پارانێنسی بەڕازیلی لەسەر گواستنەوەی ڤیکتۆر رۆکی هێرشبەری لاوی ئەو یانەیە گەیشتە ڕێکەوتن.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوەکان بەرشلۆنە ٣٠ ملیۆن یۆرۆی پێشەکی دەدات، بە گوێرەی ئاست و ئەنجامەکانی و بەتایبەتی ئەگەر باڵۆن دۆر بباتەوە نزیکەی ٣٠ ملیۆن یۆرۆی دیکەی پێدەدرێت. هەروەها سەرچاوەکە ئەوەشی بڵاوکردەوە تێچووی گواستنەوەی رۆکی بۆ ریزەکانی بەرشلۆنە دەگاتە نزیکەی ٦٠ ملیۆن یۆرۆ و هەر کاتێک تۆمارکردنی ناوی ڤیکتۆر رۆکی لە ئەنجومەنی لالیگا تۆمار نەکرا ئەو یاریزانە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ لە ریزەکانی یانەکەی بەردەوام دەبێت.

ڤیکتۆر رۆکی تەمەن ١٨ ساڵ لە دوایین ٣٠ یاری بە درێسی ئەتلەتیکۆ پارانێنسی، ١٥ گۆڵ و ٦ ئاسیستی کردووە.





# پریفە ڕزگار تەق تەقی هەڵبژارد

تیپی تۆپی باڵەی یانەی تەق تەقی سەر بە قەزای کۆیە درێژەی داوە بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمەڵێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکانی کوردستان، بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی لاوانی یانەکانی عێراقی، کە بڕیارە لە ١٩ی ئەم مانگە یارییەکانی بەڕێوە بچێت، کارگێڕیی یانەی تەق تەق بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ کچە یاریزانی شاری سلێمانی و یانەی سەنحاریبی شاری دهۆك (پریفە ڕزگار) ڕاژوو کرد، لە بارەی چوونی بۆ ریزی یانەی تەق تەقیش پریفە ڕزگار بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «تەنیا بۆ یارییەکانی خولی باڵەی لاوانی یانەکانی عێراقی لە یانەی سەنحاریبەوە پەیوەندیم بە یانەی تەق تەق کردەوە، چونکە یانەکەم بەشداریی ئەم خولە ناکات، بۆیە دەمەوێ لەماوەی بەشداریکردنم لەگەڵ یانەکە، باشترین ئاست پێشکەش بکەم و بتوانم ئەنجامی شایستە لەگەڵ یانەی تەق تەق بەدەست بهێنم»، گوتیشی: «گرێبەستەکەم بە شێوەی خواستنە تەنیا بۆ ئەم پاڵەوانێتیە، دواتر دەگەڕێمەوە ریزی پێشکەوتووانی یانەی سەنحاریب، هیچ کێشەو گرفتێکیشم نییە لە ریزی یانەی تەق تەق و دەمەوێ لەگەڵ ئەو یانەیەش ئاست وئەنجامی شایستە پێشکەش بکەم و ببمە یەکێك لە یاریزانە دیارەکانی پاڵەوانێتییەکە.



# کەرکووک پاڵەوانی بلیاردی کوردستان بوو

بە چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بە سەر پەرشتی یەکێتیی ناوەندیی بلیاردی کوردستان و بە بەشداری ٦٤یاریزانی یانەکانی شارەکانی کوردستان، لە شاری کەرکوك بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پاڵەوانێتیی بلیاردی یانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتیەش کوڕە یاریزانانی بەشداری بووی یانەکانیش کێبڕکێی بەهێزیان دەکرد، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکان، بە درێژایی سێ ڕۆژی پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی یانەکانی شاری کەرکوك بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەی پاڵەوانێتییەکە بوون، کەرکوك بە ئاست و بەئەنجام توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکەش بە سوودی خۆیان بە کۆتایی بهێنن و خەڵات و دیاری یاریزان و یانە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.

١-یوسف عەباس- یانەی کەرکووك
٢-هاوڕێ موسا- یانەی سەورە
٣-عومەر جومعە-یانەی شۆریجە
٤-محەمەد عەزیز- یانەی هەندرێن

# کچان و کوڕانی سیروانی نوێ پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان بوون

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە شارەکانی کوردستان و بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە و ئەنجامدانی ڕکابەریی زیاتر لە نێوان یانەکانی کوردستان بۆ ئاستی لاوان، لە شاری سلێمانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان، پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان لە ئاستی لاوان بە بەشداری حەوت یانەی کچان و نۆ یانەی کوڕان ئەنجام درا، لە پاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشدار بووی شارەکانی کوردستان لە ژێر پلەکانی بەرزی گەرمادا کێبڕکێیان لە سەر پلەکانی پێشەوەی ریزبەندی یانەکان دەکرد، لەم پاڵەوانێتیەش هیچ یانەکانی شارەکانی هەولێر و دهۆك بەشداری ئەم پاڵەوانێتیە نەبوون، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**ئاستی لاوانی کچان**

١-سیروانی نوێ ١٣٧خاڵ
٢-شێروانە١٢٠خاڵ
٣-چەمچەماڵ ٩٢خاڵ

**ئاستی لاوانی کوڕان**

١-سیروانی نوێ ١٣٤خاڵ
٢-خانەقین ١٣١خاڵ
٣-شێروانە ١٠٥خاڵ





# چاوەکانت لە تیشکی خۆر بپارێزە

تیشکی خۆر تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لەخۆدەگرێت کە هۆکارە بۆ خۆربردن و گرفتی تری پێست، هەروەها گرفت بۆ چاوەکان پەیدا دەکات. تیشکی سەرووی وەنەوشەیی ٢ جۆری هەیە، جۆری UV-A کە دەگاتە ناوەوەی چاو و زیان بە تۆڕەی چاو Retina دەگەیەنێت بە شێوەی پوکانەوەی پنتی ناوەڕاست AMD، هەروەها جۆری UV-B کە زیان بە بەشەکانی پێشەوە چاو دەگەیەنێت واتە چینی کۆرنیا و هاوێنەی چاو بە شێوەی ئاوی سپی Cataract، هەروەها لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری شێرپەنجەی پێستی دەوری پێڵووەکان. گەورە و منداڵ بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی کاریگەرییە نەرێنییەکان تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لەسەر چاوەکان دەبنەوە، زیاد بەرکەوتن و زیاد مانەوە لەبەر تیشکی خۆردا بێ پاراستنی دروستی چاوەکان هۆکارە بۆ ڕوودانی زیانی گەورە لە بەشە جیاواز و گرنگەکانی چاودا. تاکە ڕێگا بۆ پاراستنی چاوەکان لە زیانەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی بریتییە لە بەکارهێنانی چاویلکەی هەتاوی دروست کە تا ڕێژەی ١٠٠٪ ڕێگا بگرێت لە گەیشتنی هەردوو جۆری UV-A و UV-B بە چاوەکان.




# سوودە تەندروستییەکانی گۆرەویی گورج

گۆرەویی گورج Compression socks، گۆرەویی تایبەتن کە فشارێکی کەم دەخەنە سەر قاچ و گۆزرینگ، سوودیان هەیە بۆ خۆپاراستن و سووککردنی چەند حاڵەت و نەخۆشییەك. سوودەکانی لەبەرکردنی گۆرەوی گورج: هاندانی سووڕی خوێن لە خوێنهێنەرەکانی قاچەوە بۆ دڵ، کەمکردنەوەی هەوکردن و ئاوسان و ئازار لە قاچ و گۆزرینگدا، هاندانی جووڵە یان گەڕانەوەی شلەی لیمف لە قاچەکاندا، چارەسەرکردنی دابەزینی پەستانی خوێن لەکاتی هەڵسانەوەدا Orthostatic hypotension، خۆپاراستن لە پەنگانەوەی خوێن لە خوێنهینەرەکانی قاچدا، ڕێگرتن لە مەیینی خوێن لە خوێنهێنەرە قووڵەکانی قاچدا DVT، خۆپاراستن لە کولبوونی قاچ لە ئەنجامی پەنگانەوەی خوێن لەناو خوێنهێنەرەکانی قاچدا، کەمکردنەوەی ئازاری پەیوەست بە دەوالی قاچەکان، چارەسەرکردنی بەرزبوونەوەی پەستان لەناو خوێنهێنەرەکانی قاچەکاندا Venous hypertension لە ئەنجامی لاوازبوونی زمانەی خوێنهێنەرەکان، هەروەها سوودی هەیە بۆ وەرزشوانان، ئافرەتی دووگیان، ستافی فڕۆکە، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر قاچەکانیان دەوەستن.

# بەهای خۆراکیی دانەوێڵەی تەواو

دانەوێڵەی تەواو Whole grains بەوە ناسراوە کە دەوڵەمەندە بە ماددەی خۆراکی گرنگ و هاندەرە بۆ خۆپاراستن لە گەلێك حاڵەت و نەخۆشی. دانەوێڵەی تەواو هەموو بەشەکانی دانەوێڵە لەخۆدەگرن لە توێکڵی دەرەوە (کەپەك) لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری ناوەوە، بە مانایەکی تر هیچ مامەڵەی ئەوتۆیان لەگەڵدا نەکراوە کە بووبێتە هۆی لابردنی هیچ بەشێکی دانەوێڵە. دانەوێڵەی تەواو وەکو گەنم، ساوار، جۆ، وردە گەنمەشامی، وردە شوفان، دەوڵەمەندن بە بە ڕیشاڵی تواوە و نەتواوە، ئاسن، مەگنسیۆم، سیلینیۆم، زینك. سوودە تەندروستییەکانی دانەوێڵەی تەواو: دابەزاندنی پەستانی خوێن، دابەزاندنی ئاستی هەوکردن لە لەشدا لەوکاتەی کە دانەوڵەی تەواو سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە بەتایبەتی شێرپەنجەی کۆڵۆن و پەنکریاس، پاراستنی تەندروستیی پوك و ددان بەوەی کە دانەوێڵەی تەواو سیفەتی دژەهەوکردنی هەیە، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆل لە خوێندا، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵی تواوە، پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس هاوکات لەگەڵ زیادکردنی ڕێژەی بەکتریای سوودبەخش لەریخۆڵەدا Probiotics بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵی نەتواوە، هەروەها کۆنترۆلکردنی کێشی لەش چونکە کە هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش درێژ دەکەنەوە.





# خورشتی پێستی سەر

خورشتی پێستی سەر Itchy scalp حاڵەتێکی باوە، هۆکاری جیاوازی لەپاڵە، مایەی ناڕەحەتییە بۆ تووشبوو، بەڵام خۆشبەختانە دەتوانرێت کە سەرکەوتووانە چارەسەر بکرێت. هۆکارەکانی خورشتی پێستی سەر: کەم شووشتنی قژی سەر کە هۆکارە بۆ کۆبوونەوەی چەوری لە پێستی سەردا، کاردانەوە یان هەستەوەری بۆ پاککەرە و ئاوێتەکانی تری قژ بۆنموونە پاك نەکردنەوەی هەموو ئاسەوارەکانی شامپۆ یان هەر ئاوێتەیەکی تری تایبەت بە شووشتنی قژ و پێستی سەر، توێشك Dandruff کە هەندێك جار پەیوەستە بە ئەکزیما لە پێستی سەردا، هەوکردنی بەشە چەورەکانی پێستی سەر کە هاوکاتە لەگەڵ خورشت و پەیدابوونی تفری سپی یان زەرد، ئەسپێی سەر Head lice کە زیاتر لە نێو منداڵاندا بڵاودەبێتەوە، نەخۆشیی سەدەف لە پێستی سەردا، پاش نەشتەرگەریی بەرزکردنەوەی برۆکان Brow lift، کەرووی پێستی سەر یان هەوکردنی پێستی سەر بە کەڕوو، گەڕیی Scabies کە دەبێتە ئەگەری خورشتی توند لەکاتی شەودا، گرفتی دەماری لە پێستی سەردا کە ڕوودەدات لەبەر نەخۆشیی شەکرە یان ئاسەواری سووتانی پێستی سەر.




# گۆڕانی هەستی بۆنکردن

وەرگرە دەمارییەکانی هەستی بۆنکردن کەوتوونەتە لووت، لەگەڵ هەناسەوەرگرتندا مۆلیکیۆلەکانی بۆن دەگەنە ئەم وەرگرانە کە سیگنال بۆ مێشك دەنێرن، بەم شێوەیە جۆری بۆنەکە لە مێشك هەستی پێدەکرێت و شیدەکرێتەوە. گۆڕانی هەستی بۆنکردن Parosmia لەوانەیە کە لە ئەنجامی گەلێك حاڵەت و نەخۆشی رووبدات، لەوانەشە کە هاوکات بێت لەگەڵ گۆڕانی چێژی هەندێك خۆراك و شلەمەنیدا. هۆکارەکان: هەوکردنی بەکتریایی یان ڤایرۆسی وەکو کۆڤید١٩، زێدەگۆشتی ناو لووت Polyp، جگەرەکێشان، زەبر بۆ ناوچەی سەر، بەرکەوتن بە ماددەی کیمیایی وەکو ئەمۆنیا یان نیکل، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، چارەسەری کیمیایی کە بۆ شێرپەنجە بەکاردێت، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، هەروەها نەخۆشیی پارکینسۆن. گۆڕانی هەستی بۆنکردن هەندێك جار لەخۆیەوە چاکدەبێتەوە، هەنگاوەکانی چارەسەرکردن: دۆزینەوە و چارەسەرکردن هۆکارەکان، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و ماددە کیمیاییەکان، چارەسەرکردنی گیرانی لووت یان زێدەگۆشتی ناو لووت (ئەگەر هەبێت) لە لایەن دکتۆر، بەکارهێنانی دەرمان بۆ حاڵەتەکانی هەوکردن، لەگەڵ ئەنجامدانی مەشقی بۆنکردن Olfactory train-ing لە رێگای رۆژانە بۆنکردنی توندی بۆنی جیاواز بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

# ئایا خەون سوودی بۆ تەندروستی هەیە؟

لە راپۆرتی پسپۆرانی خەو لە زانکۆی ئەریزۆنا هاتووە کە بینینی خەون واتە خەوێکی دروست کە بە قۆناغی جوولەی خێرای چاوەکاندا Rap-id Eye Movement تێپەڕێت سوودی زۆری بۆ تەندروستی هەیە. خەون لەکاتی نووستنی هاوکات لەگەڵ قۆناغی جوولەی خێرای چاوەکاندا REM دەبێت کە چاوەکان بە خێرایی بە ئاراستەی جیاواز دەجوولێن، ئەمەش سەلمێنراوە کە نووستنی هاوکات لەگەڵ جوولەی خێرای چاوەکاندا رۆڵی ئەرێنی بۆ نوێبوونەوەی تەندروستیی مێشك و لەش هەیە هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی توانا فیزیکی و دەروونییەکان لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانی رۆژانەدا. قۆناغی جوولەی خێرای چاوەکان دوا قۆناغی خەوە، هەموو ماسوولکەکانی لەش بە تەواوی بێ جووڵە و خاودەبنەوە، هەناسە تەنك و خێرا دەبێت هەروەها لێدانەکانی دڵ و پەستانی خوێن زیاد دەبن، قۆناغەکە تەنیا ٢٠-٢٥٪ی کۆی خەوی شەوانە پێکدێنێت واتە ٩٠ خولەك بۆ نووستنێکی ٧-٨ کاتژمێری. ئاماژە بەمەش کراوە کە خەوی بێ خەون یان بێ جووڵەی خێرای چاوەکان هۆکارە بۆ زیادبوونی ئەگەری گەلێك حاڵەت و نەخۆشی وەکو: زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، گرفت لە تەرکیزو بیرهاتنەوەدا، هەستکردن بە ناڕەحەتی و گرژی دەمارەکان، پەستی، هەلوسە Hallucina-tions، هەروەها نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان.





## چاویلکەیەکی زیرەک و تـ

پێدەچێ تەنیا مرۆڤ بێت زیرەکیی خۆی لەدەست بدات، ئەگینا زۆربەی ئامرازەکان بەرەو زیرەکی دەچن! بۆ نموونە چاویلکەیەك بتوانێت هەم وەرگێڕان بکات و هەم فیلم هەڵبگرێتەوە.
چاویلکەی زیرەکی جۆری Mi Camera Glasses کە کامێرایەکی ٥٠ میگاپیکلسی لەسەرە بە زۆمی ١٥ بەرابەر. هێمایەکی فیلم هەڵگرتن LED لەسەر کامێراکە دانراوە هەرکە چاویلکەکەت بەکارهێنا دەست دەکات بە فیلم هەڵگرتنەوە. چاویلکەکە دەتوانێت ١٠٠ خولەك فیلم هەڵبگرێتەوە. واتە زیاتر لە سێ کاتژمێری بەردەوام. بە کەمتر لە سی خولەکیش



## دیسکی SSD دەرەکی بێ وایەر

سیستەمی داکردنی جۆری SSD گۆڕانکارییەکی گەورە و خێرای لە جیهانی کۆمپیوتەردا هێنایە پێش، بە جۆرێك خێرایی کۆمپیوتەری چەند بەرابەر کرد. ئەم سیستەمی داکردنە واتە هارددیسکی SSD لە جۆری دەرەکیشی بەرهەم هاتووە کە خێراییەکی یەکجار زۆری هەیە و قەبارەیەکی زۆر کەم.
دیسکی دەرەکی جۆری sharge disk قەبارەی بچووکە بەقەد کارتێکی ڕێکلام دەبێت، سیستەمی فێنککەرەویە لەگەڵ خۆیدایە، بەبێ کێبڵ داتاکان دەگوازێتەوە. دەتوانێت فیلمێکی گەورەی بە کوالیتی 4K بە کەمتر لە دوو خولەك بەرێ بکات. وەك بروسکە وایە.
دیسکی ناوبراو لە جۆری SSD یە و ئەویش لە جۆری M.2ەکەی. زۆر بچووکە، خێرایی خوێندن و نووسین سەرووی هەزار میگابایت لە چرکەیەکدایە. هەڵگرتنی ئاسانە و دەکرێت لەگەڵ سویچەکانت دایبنێی.
ئامێرەکە نە تەنیا بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایل بەڵکو بۆ کامێرا و ئامێرەکانی گەیمیش زۆر گونجاوە.

## پایسکل و زیرەکیی دەستکرد

زیرەکیی دەستکرد، هەموو ئامراز و کون و کەلەبەرێکی ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، ئەگینا پایسکل چییە لەگەڵ زیرەکیی دەستکرد پەیوەند بدرێت.
لەم ماوەیەدا لە چین پایسکلی جۆری Urtopia بەرهەم هاتووە، کە لە ChatGPT سوود وەردەگرێ. پایسکلەکە کارەباییە و شەحن دەبێتەوە. بە داگرتنی دوگمەیەك سیستەمی زیرەکیی دەستکرد چالاك دەبێ، دەکرێت لە مەودای گەشتکردندا هەر لەگەڵ پایسکلەکەت قسە بکەی. زیرەکیی دەستکرد ڕێنوێنیت دەکات چۆن پایسکل لێبخوڕی، زانیاری لەباری ڕێگا ڕۆیشتن ڕادەگەیەنێ. جگە لە سیستەمی زیرەکیی دەستکرد تایبەتمەندی دیکەشی هەیە وەك سیستەمی GPS کە بە ئاسانی ڕێگاو شوێنەکان دەستنیشان دەکا و ناهێڵێت بە هەڵە بڕۆی. جگە لەو دوو بەشەی ئاماژەمان پێدان لەگەڵ سیستەمی Apple health و Strava زانیاری زیاترت پێدەبەخشێ. لێدانی دڵی لێخوڕی پایسکل و داتاکانی تەندروستی دیکە ڕادەگەیەنێ. دەتوانێت لە ڕێگادا لە نزیکترین چایخانە یا شوێنێك کە مەبەستە ئاگادارت بکاتەوە.





## ـــــــــایبەتمەندییەکانی

ئامێرەکە شەحن دەبێتەوە.

چاویلکەکە بە خێراییەکی زۆر وەرگێڕان بۆ دە زمان دەکات. فیلمەکان بە خێرایی بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە. سیستەمی فەرمان پێکردنی بەشێوەی لەمسییە و شیائومی کۆمپانیای بەرهەمهێنی چاویلکەکە ڕای وایە لە ماوەیەکی کەمدا سیستەمی دەنگی فەرمانپێکردنیشی بۆ دادەنرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە میترۆ و شوێنە قەرەباڵغەکان کێشە بۆ فەرمانی دەنگی دێتە پێش، سیستەمی فەرمانی دەنگ سەرکەوتوو نابێت.




# پاڵاوگەیەکی هەوا بچووکتر لە مۆبایلێک

وەرزش دەکەی و ڕادەکەی، یا بەشار دادەڕۆی و هەوای پیس و ئاڵودە هەڵدەمژی، یا لە دەرەوەی شاری و هەوای بۆگەنی پیس بڵاوبۆتەوە. لەکاتی وادا چەندە پێویستە کە ئاوێکی پاڵاوتەت هەبێ، ئاواش پێویستە هەوایەکی پاك و بێگەرد هەڵمژی، چونکە زۆربەی ڤایرۆس و نەخۆشییەکان لە ڕێگای هەواوە دەگوازرێنەوە.

ئامێری بچووکی myion دەکرێت بڵێین بچووکترین ئامێری پاڵاوتنی هەوایە، دەکرێت بۆ هەموو شوێن و جێگایەك هەڵیبگری و بیبەی. بەرگری دەکات لەهاتنی مادە زیانبەخشەکانی وەك ڤایرۆس، هەستیارهێنەکان، گردیلەی پیس، دووکەڵ و تۆز و خۆڵ..تاد. ڕەنگە لەو ئامێرە بچووکتر نەبێت، بۆ شوێنە قەرەباڵغەکانی وەك، کۆنسێرت، شانۆ و سینەماو کۆڕ و سیمینارەکان لەگەڵ خۆتی بەری. هەر شوێنێك کە خەڵکی لێ کۆبۆتەوە و ئەگەری نەخۆشیی گوازراو هەیە لەگەڵ خۆتی ببەی. لە هەر سانتەمەترێکی چوارگۆشەدا ١٨ ملیۆن یۆنی مەنفی ئازاد دەکا.



# مۆبایل بە مانگی دەستکرد دەبەسترێتەوە



سیستەمی مۆبایل بۆ وەرگرتنی شەپۆلەکان لە سیمکارت و تۆڕی گواستنەوەی نێت سوود وەردەگرێ، ئەگەر شوێنێك تۆڕی نەبێت ئیدی مۆبایلەکەش هیچ شەپۆلێکی بۆ نایەت. بەڵام مۆتۆرلا ئامێری Defy Satellite Link بەرهەم هێناوە کە ڕاستەوخۆ مۆبایل بە مانگی دەستکرد دەبەستێتەوە.

ئامێری ناوبراو بە هەموو جۆرە مۆبایلێکەوە پەیوەند دەدرێ و تایبەت نییە بە یەك جۆر. لە ڕێگای بلوتوس بە ئایفۆن یا ئەندرۆید دەبەسترێتەوە و لە مانگی دەستکردی جۆری GPS, Glonass, Galileo, beidou خزمەتگوزاری وەردەگرێت. لە مانگێکدا دەتوانی بەبێ هیچ سیمکارت و ئەنتەرنێتێك ٣٠ پەیام بگوازیەوە. بە پرۆگرامەکانی دیکە دەکرێت ٤٠٠ پەیامیش بگوازیەوە. ئامێرەکە دژە ئاوە، بەکەوتنە خوار تێك ناچێت. قەوارەیەکی بچووکی هەیە کێشی تەنیا ٧٠ گرامە. هەر چوار ڕۆژ جارێك پێویستی بە شەحنکردنەوە هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز جیاوازی نێوان ماڵپەڕی ساختە و ماڵپەڕی فەرمی چۆن بزانم؟**

خوێنەری بەڕێز، بۆ ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە ئینتەرنێت نییە، ئەو ئەرکە زۆر دژوارە کە جیاوازییەکانیان بزانن. بەڵام لێرەدا چەند جیاوازییەك باس دەکەین. ماڵپەڕی ساختە لە ڕێنووسی ئەدرەسەکەدا جیاوازە، بۆ نموونە (rncrosoft) دەبینین پیتی rn وا نووسراوە کە بە پیتی m بیبینی. هەروەها کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە لەسەر شوێنی ئەدەرسەکە قفڵێك هەیە، ئەگەر قفڵ هەبوو بەمانای ئەوەیە ساختە نییە و ئەگەر هێمای (!) هەبوو بەمانای ساختە دێت. ئەگەر ئیمیلێکت لە ماڵپەڕێکی ناسراوەوە بۆ هات وەك (amazon) و هاوشێوەکانی، لەسەرەتادا بیربکەوە تۆ پێشتر ئیمێلی خۆت بەو ماڵپەڕەداوە، ئەگەر نەتدابوو بزانە ئیمێل و ئەدرەسی ماڵپەڕەکە ساختەیە.

# پرۆگرامێک بۆ چاودێریی چۆنییەتی کارکردنی هارددیسک

هاردیسك چ جۆری HDD یا SSD لە پارچە گرنگەکانی کۆمپیوتەر دێنە ژمار و لە ڕاستیدا ناوەندی داکردنی داتاکانە، گشت زانیارییەکان لەوێدا کۆدەبنەوە، بە تێکچونی هارددیسك ئیدی زانیارییەکان بەتەواوی دەسڕدرێنەوە. هارددیسك لە هەموو پارچەکانی کۆمپیوتەر گرنگتر و بایەخترە. بۆ چاودێری باش کارکردن و چۆنییەتی کارکردی هارددیسك پرۆگرامگەلێك هەن، لەناو ئەو پرۆگرامانەدا، پرۆگرامی CrystalDiskInfo لە پلەی یەکەمدا دێت. پرۆگرامەکە زانیاری ورد لەسەر هاردیسکەکانی کۆمپیوتەر نیشان دەدات، وەك: گەرمی، ژمارەی زنجیرەیی، مۆدێل، ماوەی کارکردن...تاد. هەروەها پرۆگرامەکە نیشان دەدات کە هارددیسکەکە چەند جار و چەند کاتژمێر پێکراوە. ڕاپۆرتێکی تەواو لە هەموو بوارێکەوە لە سەر هارددیسکەکە بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێ.





# ئامێری وەرگێڕ بەبێ ئینتەرنێت

کورد گوتەنی چەندە زمان بزانی ئەوەندە مرۆڤەی، ئێستا ئەو پەندە ڕەنگە برەوی جارانی نەمابێ، ئەویش لە سایەی ئەو ئامێرانە وەرگێڕانەی کە بەشێوەی ئۆنلاین و ئۆفلاین کاری وەرگێڕان بەبێ هەڵە ئەنجام دەدەن.

ئامێری وەرگێڕی بێ ئینتەرنێت جۆری DoDoDuck 3 نوێترین ئامێری وەرگێڕانە، کە زیاتر لە دە زمان بەبێ ئەوەی پێویستی بە ئینتەرنێت بکات وەردەگێڕێ. دیارە دواتر بەرۆژ دەکرێتەوە و زمانی دیکەشی پێوە زیاد دەکرێت. لەگەڵ ئەوەیدا ئامێرەکە کاری وەرگێڕان دەکات دەتوانێت ڕۆڵی زیرەکیی دەستکردیش دەبینێت.

ئامێری ناوبراو ١٥٠٠ میگابایت لە چرکەیەدا ئەنجام دەدات. وەك ئاماژە پێکرا ١٢ زمان بەبێ ئینتەرنێت وەردەگێڕێت و ١٠٩ زمانیش بە ئینتەرنێت واتە بە شێوەی ئۆنلاین. وەرگێڕی ناوبراو کامێرای هەیە و کامێراکەی هەر دەقێك ببینێ وەردەگێڕێت، سیستەمی وەرگێڕانی کامێراکەی ٤٣ زمان وەردەگێڕێت.

جگە لە کاری وەرگێڕان، زانیاری لەبارەی ئاو و هەوا، ڕێگاوبان، دوایین هەواڵەکان ڕادەگەیەنێ و هەر پرسیارێکیش بکەی وەڵام دەداتەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ سڕینەوەی پاشخانی وێنە

زۆر جار پێویست دەکات وێنەیەك پاشخانەکەی واتە بەکگراوەندەکەی لاببرێت، ئەوانەی شارەزای بواری گرافیکن دەزانن، لابردنی بەکگراوەند چەندە گرنگە لە نەخشەسازیدا، ڕاستە بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی بەکگراوەند لادەبرێت، بەڵام هەم شارەزایی دەوێت و هەم ئارامی و لەسەرخۆیی.

ماڵپەڕی photoroom.com بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، هەرچەندە زۆر ماڵپەڕی هاوشێوەی ئەویش هەن، بەڵام گرنگی ماڵپەڕەکە لەوەدایە، بە خۆڕاییە و دوایی ئەوەش کوالیتی وێنەکە دەباتە سەرێ و تەنانەت لە وێنە ئەسڵیەکەش باشتری دەکات. ماڵپەڕەکانی دیکە کوالیتی وێنە لەکاتی لابردنی بەکگراوەند دا دێننە خوارەوە.

## لە هەر شوێنێکی جیهان ئینتەرنێتی خێرات دەبێ

سیستەمی گواستنەوەی ئینتەرنێتی جۆری wifi 6 لە جۆرە خێراکانی سەردەمە و هەروەها سیستەمی 5G ئینتەرنێتیش لە ڕیزی خێراکان دێت، پەیوەندیی نێوان ئەو دوو سیستەمە وا دەکات ئینتەرنێتێکی خێرات هەبێ.

ڕاوتەری گوازراوی (پۆرتێبڵ)ی جۆری Nighthawk M6 لەریزی باشترین ڕاوتەرەکان دێت بۆ گواستنەوەی بەبێ کێبڵی ئینتەرنێت.

ئەم ئامێرە بە خێرایی ٢,٥ گیگابایت لە چرکەیەکدا ئینتەرنێت دەگوازێتەوە. لە جۆری ئەو ئامێرانەیە کە سیمکارتیان دەچێتە سەر و وەك جۆرەکانی (فاست لینك و نەورۆز و گۆران...) بەڵام ئەمەیان دەکرێت کێبڵیشی بۆ دابندرێت.

سیستەمی وای-فای ڕاوتەری ئاماژە بۆکراو خێراییەکەی دەگاتە ٣,٦ گیگابایت لە چرکەیەکدا و هەروەها لەیەك کاتدا دەکرێت ٣٢ ئامێر پێکەوە سوودی لێوەربگرن. واتە نەتەنیا ماڵەوە بەڵکو دراوسێیەکانیش دەتوانن سوودی لێببینن.

ئامێرەکە شاشەکەی لەمسی جۆری LCD ڕەنگی لەسەرە و کە قەبارەکەی ٢,٤ ئینجە، ڕێکخستنی وای-فای و ڕێکخستنەکانی دیکە لە سەر شاشەکە دەبیندرێت و بە شاشەکە ئەنجام دەدرێت. دەتوانی لەگەڵ خۆت بۆ گەشت و گەڕان بۆ هەر وڵاتێك ببەی و سیمکارت هەموو وڵاتێك دەخوێنێتەوە و تایبەت نییە بە یەك جۆری سیمکارت.





# شێوازەکانی لوول و لەفکردنی قژ

چۆن بتوانی لە ماوەیەکی کەمدا قژ لوول و لەف بکەیت، سەرەتا قژ لەفکردن بە ڕێگەی لەفی گەرم، پێویستە ئامێری لەفکردن ئامادە بکەیت، لە هەمان کاتیشدا پرچت شانە بکە، کە ئەوەش بە موجفیفە دەکرێت، دواتر جەلی پرچ لە پرچت بدە و تا هەموو ڕەگەکانی مووی پرچت و لقەکانیش بگرێتەوە، پرچت بۆ (٣) بەش دابەش بکە، دوو بەشیان بە تەوقەی پرچ ببەستە و بە شانەیەك پرچت بە نەرمی شانە بکە، هەروەها دەشتوانی بەخاخی پرچ بەکار بهێنیت، لەفەکانی پرچ بە دووریی ١,٥ سەنتیمەر لە سەری مووەکانی پرچت بدە، پاشان لەفەکە بخوولێنەوە تا دەئاڵێت، هەمان ئەو بەشەی پرچە لە سەرەوە بۆ ڕەگەکانەوە دەخولێندرێتەوە، دوای لەفکردن تەوقەکانی پرچیشت بەکار بهێنە تا بە تەواوی دەبەسترێت و بۆ ماوەی (٢٠) خوولەك بوەستە و پاشان بە هێواشی لەفەکان لێ بکەوە، بەڵام بە نەرمی تا تەڵەمووەکان دەقی خۆیان دەگرن و لوول دەبن، دوای ئەوەی پرچت لوول دەبێت، پاشان تەسریحەیەك بکە و لە دوا هەنگاویشدا بەخاخی پرچ یان جەلی پرچ بەکار بهێنە تا لوولەکە جێگیر دەبێت بۆ زۆرترین ماوەش بمێنێتەوە.






# گوڵی سرووشتی و خشڵەکان هەست و دەروونت دەگەشێننەوە

گوڵ هێمای جوانی و ناسکییە، بۆنەکەی هەست و دەروون ئارام دەکاتەوە، گەڵای گوڵەکان نیگای چاوەکان پڕ وزە دەکەنەوە، دیمەنەکەی شوێنەکەت بۆ ڕازاوە و گەشاوە دەکات، ئافرەتان کە هاوشێوەی گوڵن، بۆیە هێندە حەز بە گوڵ دەکەن، چ لەلایەن خۆیانەوە بە دەستی بهێنن یان بە دیاری و خەڵات بۆیان بێت، هەر بۆیە پێویستت بەو ڕووەکەی سرووشتە لە لابردنی خەم و دەروون پاککردن و حەسانەوەی مێشك، بە پێی توێژینەوەیەك کە ئەنجامەکەی وابوو، گوڵەکان ئەگەر بە پێی دڵخوازی خانمان بۆیان بچێت یان بە دەستی بێنن، دەبێتە مایەی خەمڕەوێنی، هەروەها هێز و توانای مێشك دەگەشێنێتەوە، خانمانیش دەتوانن لەلایەن خۆیانەوە گوڵەکان لە گوڵدانی ماڵ و شوێنی کار و زانکۆش دابنێن، تاوەکو لەو هەستە بێبەش نەبن، جگە لەوەش دەتوانن خشڵ و ئێکسسوارەکانی لە شێوە و ڕەنگی گوڵەکانەوە لەسەر قژ و جەستە و جل و کەرەستەکانیانەوە بدەن، وێڕای ئەوەی گوڵ هەست و دەروونت خۆش دەکات، هەروەها دەتوانیت وەك کەرەستەیەك بۆ دیاری و ڕازاندنەوەی شوێن و ماڵ و ژوورەکەت بەکاری بهێنێت.





# پانتۆڵی تەنک و فێنک جێی بایەخی خانمانە

پانتۆڵەکان هەمیشە دڵخوازی خانمانی خاوەن کار و زانکۆن، بەهۆی گەرمی و بەتینی تیشکی هەتاو، دەبێ خانمان جلێکی وا لەبەر بکەن کە بەرگەی گەرما بگرێ و جوانیش بێت، پسپۆڕان دەڵێن: کاتێك لە وەرزی گەرمادا خانمێك جلێکی نەشیاوی لەبەردا بێت، لە خۆیەوە هەست و دەروونی تێك دەچێ و ئیدی لە خۆی بێزار دەبێ و لەشولاری دەست بە ئارەقەکردن دەکات و جوانیشی دەشێوێت، یەکێك لەو جلانەی کە لە هاویندا خانمان بێزار دەکات پانتۆڵە، زۆربەی کچان حەز بە پانتۆڵی جینز دەکەن، خانمانیش خولیای پانتۆڵی قوماشن، ئەو جیاوازییە لە نێوانیان هەیە، بەڵام ئەگەر لە هاویندا جینزێکت لەبەر بێت، جیاوازە لەوەی ئەگەر پانتۆڵێکی قوماش بپۆشی، چونکە جینزەکە توندوتۆڵە و جەستە دەگرێ و بێزارت دەکات، بەڵام پانتۆڵی قوماش، نەرمە و فەراحە و بێزارکەر نییە، ئەگەرچی کچان حەز بە جلی تەسك دەکەن، خۆ دەتوانن پانتۆڵێکی قوماشی تەسك هەڵبژێرن و لەبەری بکەن، وەك ئەوەی لە وێنەکاندا هەن، کۆمەڵێك مۆدی تازەی پانتۆڵی قوماشە، بە پێچەوانەی شێوازەکانی پێشوو، نەخشی ئەو پانتۆڵانە گوڵدار و بە نەخشی هەمەچەشنەن، تۆش یەکێك لەوانە هەڵبژێرە و لەبەری بکە، ئینجا دەزانی چەندە لەبەرکردنی نایابە.

## کازیوە سەید ساڵح:

# بیرۆکەی دامەزراندنی خواردن و شیرینی کازیوەی بێخاڵ خۆم بووم و ئاواتی منداڵیم بوو

**شیرینی و خواردنی کازیوەی بێخاڵ، کە بە کازی کێك ناسراوە، گرووپێکی بچووکن، شیرینی و خواردنی ئامادەکراو، ئامادە دەکەن، بۆ ئەوانەی کە پێویستیان بەو جۆرە خواردنەیە، لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە خەڵك داوای بەرهەمەکانی ئەو گرووپە دەکەن، جگە لەوەی شوێنی خۆیان هەیە، هەروەها بە ڕێگەی دلیڤەریش شیرینی و خواردنەکانیان بەردەستە، لەم بارییەوە کازیوە خان وەڵامی چەند پرسێکی گۆڤاری گوڵانیان دایەوە:**

*** بیرۆکەی دامەزراندنی شیرینی و خواردنی ئامادەکراو چۆن بوو، چۆن توانیتان لە جەماوەر نزیك ببنەوە؟**

- بیرۆکەی دامەزراندنی خواردن و شیرینی کازیوەی بێخاڵ خۆم بووم و ئاواتی منداڵیم بوو، دایکم و باوکم بە خۆشحاڵییەوە پشتگیرییان کردم.


*** کێن ئەوانەی داوای شیرینی و خواردنەکانتان دەکەن؟**


- زیاتر شیرینی و خواردنەکانمان کۆمپانیا و ساڵۆن

# قووڵترین بیر لەسەر زەویدا



**ئەو بیرە بۆ ماوەی ١٩ ساڵ کاری تێدا کراوە، بیری کۆلایە لەسەر خاکی ڕووسیا و لەسەردەمی یەکێتیی سۆڤێتی جاران لە باکووری خۆرئاوای ئەو وڵاتە هەڵکەنراوە، قووڵیی ئەم بیرە ١٢ هەزارو ٢٠٠ مەترە و یەکسانە بە چارەکی ئەستووری توێکڵی زەوی، کە زانا جیۆلۆجییەکان بە ٤٢ کیلۆمەتر مەزەندەیان کردووە، ئەم بیرە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٨٩ لێدراوەو بودجەکەشی لەلایەن حکومەتی ڕووسیاوە دابین کرا، ئامانج لێی ئاشنابوون بوو بە نهێنییە دەست بۆ نەبراوەکانی ناوەخنی زەوی، کە تائێستا بەشێکی زۆری بە پەنهانی ماوەتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە؛ ئەم هەنگاوەی مرۆڤایەتی زۆر بچوکە، چونکی ئەگەر کرۆکی زەوی بەپێوەر وەربگرین کە ٦ هەزارو ٣٨٠ کیلۆمەتر لە ڕووکاری زەوییەوە دوورە، ئەوا دەردەکەوێت ئێمە تەنها ٠,٢١٩ ٪ ی ئەستووریی زەویمان بڕیوە، ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ١٩٨٩دا بەهۆی پلەی گەرمای بەرزەوە کە گەیشتە ١٨٠ پلەی سەدی بەیەکجاری وەستێنرا، چونکە ئامێرەکانی هەڵکەندن پەکیان کەوت و توانای بڕینی زیاتریان نەما و جارێکی تر سرووشت باڵادەستیی خۆی بەسەر هەوڵەکانی ئێمەدا سەپاند!**







و ئەو کەسانەی کە بۆنەو ئاهەنگیان هەیە داوامان لێ دەکەن، جوانترین و خاوێنترین خواردن و شیرینییان پێشکەش بکەین.

*** وەستا و چێشتلێنەر و ئامادەکارەکان خەڵکی بیانین، یان کوردی خۆمانن؟**

- خەڵکی خۆمانن بە تایبەت دایکم کە بەدەستی خۆی خواردن ئامادە دەکات.

*** چ جۆرە شیرینی و خواردنێك ئامادە دەکەن؟**

- شیرینییەکان وەك (کولیچە، برمە، پاقلاوە، شەکرلەمە، کێکی بەکونجی، خشخش،تراليچە و...هتد)، خواردنەکانیش وەکو (دۆڵمە،کفتە بە چوارجۆر، بریانی، برنج بە سرکە، برنجی کوردی، قەلیە، سەروپێ، مریشکی خۆشکراو، کوبە، ساوار، قوڕاو و...هتد.

*** تەنیا بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان خواردن و شیرینی دروست دەکەن یان بۆ داواکاری تایبەتیش؟**

- بۆ داواکاری تایبەتیش دروست دەکەین بە خۆشحاڵییەوە موشتەری ئەو کاتە دێت کە لە فڕن کولیچەمان دەرهێناوە و بە گەرمی پێشکەشیان دەکەین.

*** چەند کەسن ئەو کارە بەڕێوە دەبەن؟**

- شەش کەسین و ستافێکی بچووکین.

*** تا چەند هەستتان کردووە خەڵك لێتان ڕازین؟**

- خواردن و شیرینییەکانمان تام و چێژیان خۆشە و خاوێنە تا ڕادەیەکی زۆر خەڵك لێمان ڕازییە.

*** پرۆژەی داهاتووتان بۆ پەرەپێدانی ئەو کارەکەتان چییە ؟**

- پلانم وایە کە شوێنەکەم گەورەتر بکەم و ستافێکی گەورە پێك دێنم و لقەکانی دوکانم لە هەموو شارەکانی کوردستان دەکەمەوە و زیاتر و زیاتر تا بتوانم خەڵك ڕازی بکەم.

# ماسیی زێڕین لە مێژوودا





ماسیی زێڕین لە تەختی کوواد لە تاجیکستان، نزیکەی ٥٠٠-٣٠٠ پێش زایین بینراوە، ئەم ماسیی زێڕینە، بۆ هەڵگرتنی زەیتی بۆنخۆشی گرانبەها بەکار هاتووە، کە ئاغاکانی هەخامەنەکان بۆ ستایلکردنی سمێڵ و ئەڵقەی قژیان بەکاریان دەهێنا، بە بریقەدار و بۆندار دەیانهێشتەوە، ڕۆژی قژی خراپ هەڵەیەکی کۆمەڵایەتی جددی بوو لە ئیمپراتۆریەتی هەخامەنەکاندا، پیاوە فارسە نوخبەکان قژیان درێژ و ماکیاژێکی وردیان لەبەر دەکرد وەك نیشانەی باڵای پێگە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ئازادی و سەربەخۆیی ئافرەتان دەکات، کە لە مێژوودا تاوەکو ئەمڕۆش داوای ئازادیی خۆیان دەکەن.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی بچووکترین تەلەفزیۆنی دەستی لەلایەن کۆمپانیای سیکۆی جاپان (ژاپۆن، یابان)ی لە ساڵی ١٩٨٢ کاتژمێری دەستیی دروستکردبوو کە پەخشی تیڤی لێوە دەبینرا.

## ژووری بارانی دەستکرد



ئەو پرۆژەیە بە ژووری باران ناسراوە، کە بریتییە لە هۆڵێکی گەورە و لە تەواوی سەقفی ئەو ژوورەدا ڕژێنەی ئاو هەیە، کە ئەلیکترۆنین و پڕ هەستەوەرن، کاتێك تۆ دەچیتە نێو ژوورەکە ئامێرە ڕژێنەکان ئاوەکان لە شێوەی دەنکە باران بەردەدەنەوە و، بە پێی هەستەوەرەکەش ئاوڕژێنەکانی سەر کەسەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاو بەرنادەنەوە و بەم جۆرە کاتێك تۆ لە کەشێکی باراناویدا دەڕۆیت، کەچی بارانیشت بەر ناکەوێت. ئێستا ئەو پرۆژەیە لە وڵاتی ئیمارات و لە شاری شاریقەدا دانراوە و گەشتیارانیش بۆ یادگاری لەگەڵ باراندا سەردانی ژووری بارانی دەستکرد دەکەن.

## یاسا



**سزای سوکایەتیکردن بە قوربانیکردنی ئاژەڵ**

مادەی ٣٧٢ لە یاسایی سزادان تایبەت کراوە بە قەدەغەکردنی هێرشکردنە سەر ئایینەکان، بە جۆرێك هەرکەس سووکایەتی بە ئایین بکات سزا دەدرێت بە بەند کردن لەنێوان ڕۆژێك بۆ سێ ساڵ، یان سزاکەی بریتی دەبێت لە غەرامەکردن. وردەکاریی زیاتری بڕگەکانی مادەکە، بڕگەی یەك: قەدەغەکردنی هێرش بۆسەر بیروباوەڕ (معتقد) ی ئایینەکان، وەك ڕوونە قوربانیکردنیش یەکێکە لە بیروباوەڕەکانی تاکی موسوڵمان. بڕگەی پێنج: قەدەغەکردنی سووکایەتی بە هێما و کەسایەتییە ئایینیەکان. بڕگەی شەش: قەدەغەکردنی دووبارەکردنەوەی بۆنەیەکی ئایینی بە شێوازی تەنز و سووکایەتیکردن، ئەم بڕگەیان تایبەتە بەوانەی کە ڤیدیۆی قوربانیکردن بە شێوەی تەنز تۆماردەکەن و وەك گاڵتەجاڕی بڵاوی دەکەنەوە.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەمڕۆ خۆت ئامادە بکە بۆئەوەی ڕووبەڕووی گرفتەکان ببیتەوە، سەرکەوتنت نزیکە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانت هەیە، گفتوگۆی تۆ و خۆشەویستەکەت لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە بگۆڕێت بۆ دەمەقاڵێ، باشترە بە وریایی مامەڵە بکەیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

خۆپەرست مەبە لەو کارانەی ئەنجامی دەدەیت، بە ڕاشکاوانە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسەکانت بکە دەربارەی کارەکەت، ئەم چەند ڕۆژە ڕووبەڕووی سەختی دەبیتەوە، هەوڵبدە پلانێکی باش دابنێیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، تەندروستیت جێگیرە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەیت لە سوود و قازانجی تۆیە، مەترسە، بەخت یاوەرتە و پاڵپشتییەکی باشت هەیە، بێ ئەوەی خۆت ئاگادار بیت، ئەم چەند ڕۆژە هەوڵبدە لە بڕیاری خێرا دوور بکەویتەوە، دەنا دەتخاتە هەڵەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەست بە دڵخۆشی دەکەیت ئەگەر هەستە ڕاستەقینەکانت بۆ خۆشەویستەکەت دەربخەیت، ناتوانیت بڕیار بدەیت کە چی بکەیت و چۆن کارەکانت جێبەجێ بکەیت، ئەم ماوەیە شتەکان کەمێك سەختن، زیاتر گرنگی بە تەندروستیت بدە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانی ژیانت دەمەقاڵێ مەکە و کارێك مەکە کە دواتر پەشیمان ببیتەوە، ئەم ماوەیە دۆخەکان بە خواستی تۆ نین و بە زویی شتەکان ناگەڕێنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان، بەڵام خۆت نیگەران مەکە، دەنا خراپتر کۆنترۆڵی دۆخەکە لەدەست دەدەیت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پەستانی زۆری پیشەیی ماندووی کردویت و هەست دەکەیت وزەی پێویستت نییە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانت، بە هەڕەمەکییانە بڕیار مەدە و بە وردی بیر بکەرەوە، چانسی ئەوەت هەیە خۆشەویستەکەت ببینیت و کەمێك لە نیگەرانییەکانت دوور بکەویتەوە.

بۆ زانیاریت

## ئۆراسیا



ئۆراسیا ڕووبەرێکی ٥٤ ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە، و لە وڵاتانی کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئاسیا پێك هاتووە، ئۆراسیا دەکەوێتە باکووری گۆی زەوی، ناوی پۆلەکە پێکهاتەیەکی دوو کیشوەریی ئەوروپا و ئاسیایە، ئۆراسیا نزیکەی ٣٥٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دوای یەکگرتنی (سیبیریا، کازاخستان و باڵتیك دروست بوو) جوگرافیناسان ئۆراسیا بە یەك کیشوەر دەزانن، چونکە ئەو دوو کیشوەرە بە زەریای گەورە یان دەریایەك لەیەکتر جیا نەکراونەتەوە، بەڵام یۆنانییەکان جیهانیان بەسەر سێ ناوچەی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا دابەشکرد و تا ئێستاش ئەم دابەشبوونە زۆرە، ئۆراسیا ٩٣ وڵات لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٤,٦ ملیار کەسە، وڵاتانی ئۆراسیا هەر چلوهەشت وڵاتی ئەوروپی و ١٧ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ٢٧ وڵاتی ئاسیا لەخۆدەگرن، وڵاتێکی تری نوێ هەیە کە لە چوارچێوەی کیشوەری ئاسیادا لەبەرچاو گیراوە، ئەویش تیمۆری ڕۆژهەڵاتە، بۆیە ڕوون و ئاشکرایە کە نزیکەی نیوەی وڵاتانی سەربەخۆی جیهان لە سنوورەکانی ئۆراسیادان.

## فیلم

### کۆشکی ڕاوکراو - Haunted Mansion




فیلمێکی فەنتازیا و کۆمێدییە، باس لە ژیانی ئافرەتێك و کوڕەکەی دەکات بە ناوی ئینلیست موتلی، کاتێك خۆیان دەخەنە نێو کۆشکێکی گەورە، پڕە لە دێو و جنۆکە، هەر لە میانی ژیانی ڕۆژانەیان لەگەڵ جنۆکەکان دووچاری چەندین کێشەی سەیر دەبنەوە، فیلمەکە لە مانگی ٦ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی: جەستن سیمین، بودجەی فیلمەکە ١٥٧ ملیۆن دۆلارە، لە نووسینی جێفری والدرۆنە، لە نواندنی: جارید لیلۆ، لاکیت ستانفیلد، ئۆین ویلسن، تیفانی هادیش، ڕەیان گۆسیلینگ، جەیمی لی کێرتس.



## پەند و وتە

خانمە شاعیری ئەمریکی (دورۆسی پارکەر) نووسەر و ڕەخنەگر، لە دایکبووی ساڵی ١٨٩٣ لە نیوجێرسی ئەمریکایە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە نیویۆرك کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی جوانی دەڵێ: «جوانی واتە جوانیی ڕۆح، جوانیی ناخ گرنگترە لە جوانی دەرەوە، ئەوانەشی دەرەوەیان جوانە و بەڵام ناخیان پیسە، هەر بە پیسی دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو هەوڵێك بدەن جوان بن».

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دەرفەتی زێڕین دێتە بەردەمت، خۆت بە کاری لاوەکییەوە سەرقاڵ مەکە و چاوت لەسەر دەرفەتەکان لا مەدە، ئەم ماوەیە کەسانێکی کەم لە چواردەورتن و هەست بە تەنهایی دەکەیت، باشترە خۆت بە چەند کارێکی سوودبەخشەوە سەرقاڵ بکەیت و کەمێك لە نیگەرانییەکانت کەم بێتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەلە مەکە لە دەربڕینی هەستەکانت تا بە تەواوی دڵنیا دەبیتەوە، هەرگیز لە کاتی دڵخۆشیدا بەڵێن مەدە، دەنا پەشیمان دەبیتەوە، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵبدە تواناکانت بەرەوپێش بەرە، بەرپرسیارییەتی ئەو کارانە هەڵگرە کە ئەنجامیان دەدەیت .

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەڵەشەیی و پەلەکردن بە ڕەفتارەکانتەوە دیارە، هەوڵبدە هێمنتربە بۆ ئەوەی بگەیت بە ئاماجەکانت و بتوانی ئامانجی نوێ بۆ ژیانت دابنێیت، چارەسەرکردنی کێشەکانت زۆر دوا مەخە، دەنا توانای کۆنترۆڵکردنیت لە دەست دەردەچێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


پەستانە پیشەییەکانت لەسەرت زۆرتر دەبن، بەتایبەتی لە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، هەربۆیە وریابە لەوەی چی دەکەیت و چی دەڵێیت، کارێك مەکە دۆخەکە پێچەوانە بێتەوە، ڕێگە مەدە لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕەفتاری خۆشەویستەکەت نیگەرانت بکات و بە ڕاشکاوی هەستەکانتی بۆ دەرببڕە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

حەز بە گۆڕانکاری ناکەی لەم ماوەیەدا، ئەوە بکە کە پێی ئاسوودەیت و زۆر لە خۆت مەکە بۆ شتێك کە حەزت لە ئەنجامدانی نییە، لە ئێوارەی ئەمڕۆ زیاتر چالاك دەبیت و وزەیەکی زۆرت دەبێت، خۆت مەخەرە کێشەوە لەلایەنی سۆزدارییەوە و بە پێچەوانەی خواستی خۆشەویستەکەت ڕەفتار مەکە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کەمێك هەست بە بێزاری دەکەی بەهۆی ڕۆتینی ڕۆژانەت کە بە یەك شێوە بەردەوام دەبێت، هەوڵی گۆڕانکاری بدە، ئەگەر بەدوای خۆشەویستە کۆنەکەتدا دەگەڕێیت یان چیرۆکێکی ڕابردو لە مێشکتدا ماوە، ئەوا کەسێك دێتە ژیانتەوە کە دڵخۆشت دەکات و ڕابردووت بیر دەباتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
July 17, 2023 Issue,No.1372


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەرێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626